# بزاڤی ڕۆژنامەگەریی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق

# (١٩٧٥ — ٢٠٢٥)

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

٢٠٢٥

ناوی کتێب : بزاڤی ڕۆژنامەگەریی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق ( ١٩٧٥ - ٢٠٢٥ )
ناوی نووسەر : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
جۆری کتێب : مێژوویی – ڕۆژنامەگەریی
تایپ و هەڵەچنین : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
دزاینی ناوەوە و بەرگ : سەلاح فەتحوڵا بابەت
تیراژ : ٥٠٠
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ : ٢٠٢٥

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) پارێزراوە.

ئەم هەوڵەم پێشکەشە بە :

- حوسێن ڕەحال، یەکەمین سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستیی ( الصحیفة )لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیستی لە عێراق.
- داگیرساندنی چرای یەکەمین ڕۆژنامەی کۆمۆنیستیی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق.
- هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە شەو و ڕۆژیان پێکەوە گرێدەدا لە پێناو هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی چینی کرێکاری عێراق.
- هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
- هەموو ئەو هەڵسوڕاوانەی نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق.

## ناواخن


١-پێشکەشە.........................................................................................ل
٢-ناواخن............................................................................................ل
٣-سوپاس و پێزانین...............................................................................ل
٤-ڕا و بۆچوونی بەشێک لە کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق سەبارەت بەم پرۆژەیە........................ل
٥- لالێکردنەوەی مێژوویەک....................................................................ل
٦-خوێندنەوەیەک بۆ پرسی ڕۆژنامەگەری لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق (١٩٧٥ – ٢٠٢٥)...................ل
٧-قۆناغبەندی بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق..............................ل
٨-قۆناغی یەکەم؛ قۆناغی سەرکوتی ژێر دەسەڵاتی بەعس ( ١٩٧٥ – ١٩٩١)......................................ل
٩-قۆناغی دووەم؛ قۆناغی دوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی عێراق و کوردستان (١٩٩١ - ٢٠٠٣)..........................ل
١٠-قۆناغی سێیەم؛ قۆناغی دوای پرۆسەی داگیرکاری عێراق ( ٢٠٠٣ – ٢٠٢٤)...................................ل
١١-ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان و کەناڵە بیستراو و بینراوەکان.......................................ل
١٢-پاشکۆ دوو بابەتی پەیوەندار بە کتێبەکەوە...............................................ل
١٣-بابەتی یەکەم؛ بڵاوکراوە کوردی و فارسییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری .........................ل
١٤-بابەتی دووەم؛ نمایشی گشتی بڵاوکراوەکان بەڵام بە زمانی ژمارە و ئامار...................................ل
١٥-ڕەخنەیەک کە مافی خۆمە بیگرم..........................................................ل
١٦-پۆزش.............................................................................................ل
١٧- سەرچاوەکان.....................................................................................ل

# سوپاس و پێزانین

له قووڵایی دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێز و ئازیزانە دەکەم کە لەم پڕۆژەیەمدا دەستی هاوکارییان بۆ درێژ کردووم و کۆمەکیان کردووم و وەڵامی پرسیارەکانمیان دایەوە. سەرەتا زۆر سوپاس بۆ سالار ڕەشید کە بەدەنگ داواکەمەوە هات و کتێبی (مێژوویەک لە یادەوەری) بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ هونەرمەند جاسم غەفوور کە ئەرشیفەکەی خۆی بۆ ناردم و سوودم لە ئەرشیفەکەی بینی. سوپاسی زۆرم بۆ مەلا ڕێباز کە زانیاری سەبارەت بە ڕۆژنامەی ئازادی و وێنەی چەندین بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش و ڕەنجی کرێکار و بەرگری بۆ ناردم. سوپاس بۆ ئازاد گەرمیانی کە زانیاری لەسەر گۆڤاری المجتمع الجدید بۆ ناردم. سوپاس بۆ ئەنوەر نەجمەدین کە بڵاوکراوەی الشیوعیة و زانیاری لەسەر ئەو بڵاوکراوەیە بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ عەبدوڵا مەحموود کە وێنە و زانیاری لەسەر بۆپێشەوە و ئۆکتۆبەر و هەواڵنامەی بۆپێشەوە و وێنەی مۆڵەتی فەرمی ڕۆژنامەی بۆپێشەوەی بۆ ناردم. سوپاس بۆ سەمیر نوری کە زانیاری لەسەر بڵاوکراوەکانی (نحو الاشتراكية ) و (الشرارة ) و بەرەو سۆشیالیزم و (العلمانية هي الحل) بۆ ناردم. سوپاس بۆ عەدنان زەردک کە ژمارەیەک بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ سەردار عەبدوڵا حەمە زانیاری لەسەر بڵاوکراوەکانی بەرەو سۆشیالیزم و شورا بۆ ڕەوانە کردم. سوپاسی زۆر بۆ بەندی عەلی کە وێنەی مۆڵەتی فەرمی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ ئیسماعیل تەنیا کە وتارەکەی خۆی بەناوی (ڕۆژنامەگەری چەپی کوردی ١٩٧٥ — ١٩٩٣) و هەروەها بڵاوکراوەی سۆسیالیزم یان بەربەری بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ هیوا مەجید کە کەچەندین بڵاوکراوەی بۆ وێنە گرتم و لەگەڵ زانیاری پێویست بۆی ناردم هەروەها نامەی نارد وپەیوەندی کرد بە حەسەن حوسێن و گەلێ زانیاری و وێنەی هاوپشتی کرێکاری و دەنگی نوێ و سیمای کۆمۆنیستی بۆ ناردم. هەروەها سوپاسی موحسین کەریم دەکەم کە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە و هەواڵنامەی بۆ پێشەوە و ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر و هاوپشتی و یەکسانی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ کامەران ئەحمەد کە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەکانی ئۆکتۆبەر و بایکۆت و یەکسانی و نا ی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ گۆران عەبدوڵا کە ژمارەیەک ڕۆژنامە و بڵاکراوەی بۆ سکان کردم و بۆ ناردم. سوپاس بۆ ڕێبوار ئەحمەد کە ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوەی بۆ وێنەگرتم وەک گۆڤاری نینا و ئەدەبی کرێکاری و (بلاغ العامل) و خەباتی کرێکار و ئاسۆی سۆشیالیزم و کۆمەڵێ نامیلکە و بەیاننامەی بۆ ناردم. هەورەها سوپاس بۆ یوسف مەنتک کە ببلۆگرافیای هەردوو گۆڤاری هانا و ئەدەبی کرێکاری بۆ ناردم. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ سلێمان سیگارجی کە ژمارەیەک لە بڵاوکراوە فارسییەکانی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ نوری کەریم کە تەواوی ئەرشیفی هاوپشتی کرێکاری خوولی یەکەم بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ناردم. زۆر سوپاس بۆ عەلی مەولوود ( ئاسۆ غەریب) کە ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە و ڕۆژنامە کۆمۆنیستییەکان وەک( زایەڵە، کار، ئازادی، سیمای کۆمۆنیستی، ڕێکخستنی کۆمۆنیستی، پەیامی کۆمۆنیزم، بەرگری، بڵێسە، سپێدە، (بلاغ الشیوعیة )، ڕۆژانەی خۆپیشاندان، دەنگی نوێ، کاری هاوبەش، ئاڵا، ڕەت و پەیڕەوی نوێ و هەروەها نامیلکەی ئاراسی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ سەلاح فەتحوڵا بابەت کە بە سەلیقە جوانەکەی وێنەی ڕۆژنامەی بۆ کێشام تا لە جێی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی دابنێم کە نەماون و فەوتاون و هەروەها دزاینی ناوەوە و بەرگی کتێبەکەی دروست کرد.. سوپاسی زۆر بۆ مزەفەر عەبدوڵا کە ژمارەیەک گۆڤار و بڵاوکراوەی بۆ ناردم. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ نادر عەبدولحەمید کە دەقی نامە بۆ هاوڕێیان بەزمانی عەرەبی پێداچوونەوەی بۆ کرد و چەندین زانیاری پێدام. سوپاسی زۆر بۆ وەستا جەلال کە بڵاوکراوەکانی (بلاغ الشیوعیة ) و ئاڵا و بۆپێشەوەی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ عەبدوڵا ساڵح کە بڵاوکراوەی (افق) و پشتگیری و (الشیوعیة العمالیة )ی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ عەبدولڕەحمان مەولوود کە بڵاوکراوەی چنین و ڕێگای کرێکاران و دوو ژمارەی ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانی بۆ ناردم.

**سوپاس بۆ سەوسەن سەلیم کە بڵاوکراوەکانی ئاوێزە و نەوا و ڕەها ی بۆ ناردم. سوپاس بۆ نەبەز خالید کە دوو ژمارەی گۆڤاری بەرەنگاری و بڵاوکراوەکانی ڕەت و سایتی کۆمەڵەی ٦٨ ی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ سەردار حەمید بابان و نادیە عەلی کە ئەرشیفەکەیان بریتیبوو لە چەندین ژمارەی بڵاوکراوەی یەکسانی؛ خستە بەردەستم. سوپاسی زۆرم بۆ ڕزگار حەمەڕەشید کە دوو ژمارە گۆڤاری هانا و ژمارەیەک لە گۆڤاری پێشەنگی بۆ ناردم. سوپاس بۆ عامر سابیر کە سێ ژمارەی بڵاوکراوەی زاریای بۆ ناردم. سوپاس بۆ عیسام شوکری کە گۆڤاری سکیولار و ڕۆژنامەی (نحو الاشتراکیة )ی بۆ ناردم. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ حەسەن سەید باقی کەتەواوی ئەرشیفی بڵاوکراوەی ڕێبازی کارگەر و چەند نامیلکەی بۆ ناردم. سوپاس بۆ ئەحمەد عەلی کە بڵاوکراوەکانی یەکسانی و هەفتەنامەی فیدراسیۆن و (الفیدراسیون) و ئاسۆی پەنابەران و (النشرة الاخباریة )ی بۆ ناردم. سوپاس بۆ ستاری چیمەنتۆ کە گۆڤاری هانا و شەبەنگی بۆ ناردم. سوپاس بۆ چیا مامە لەتیف کە کتێبی (بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق)ی بۆ پەیداکردم. سوپاس بۆ کەژاڵ حەمەڕەشید کە گۆڤاری ڕەهای بۆ ناردم. سوپاس بۆ جەماڵ جەمیل مستەفا کە وێنەی ڕۆژنامەی بەدیلی بۆ ناردم. سوپاس بۆ دلاوەر مونزیر کە نشریە کونگرە ١١ ی بۆ ناردم. سوپاس بۆ جەماڵ کۆشش کە بڵاوکراوەکانی ڕوانین و ئاوێنە و فیدراسیۆن و (النساء) و کاریکاتێر و ڕفراندۆم و ژیلەمۆ و فیدراسیۆنی پەنابەرانی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێم سلێمانی قاسمیانی کە بەپاشکۆی بڵاوکراوە کوردی و فارسییەکاندا چووەوە و هەم بە وێنەکانی بڵاوکراوەکانی (همبستگی) و (کارگر امروز) هەمیش بە زانیاری ورد پاشکۆکەی دەوڵەمەند کرد. هەروەها لەکۆتاییشدا سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستا ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی کە جگە لە ناردنی ڕۆژنامەکانی بۆپێشەوە و زایەڵە و کۆمۆنیزم و بڵێسە و دەنگی کرێکار و سۆشیالیزمی ئازار و بۆپێشەوە و پەیامی کۆمۆنیزم و زەنگی کرێکار و تێکۆشان و ئاسۆی سۆشیالیزم و خەباتی پرۆلیتاریا و ڕێگای ڕەنجدەران و (المواقف) و ڕیفراندۆم و پەیامی ئاشتی و دەنگی خوێندکاران و شورا و خەباتی کرێکار و بەرەو ڕێکخراوبوونی کارمەندانی تەندروستی و هاوپشتی کرێکاری و دەنگی نوێ و (النور) و کاری هاوبەش و (رایة الشعب) و دیموکراسی و زۆر نووسراوە و بڵاوکراوەی تر و هەروەها ئامادەییشی دەربڕێ بۆ هەر پشتیوانییەک کە لەتوانایدا هەبێت پێشکەشی ئەم پرۆژەیەی بکات و تەنانەت لە دواین سەفەرم بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٥ کە لەشاری سلێمانی یەکترمان بینی، هەرچی لابوو لە بڵاوکراوە و ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار، خستییە بەردەست ئەم پرۆژەیە.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**٢٠٢٥**

**تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: دیارە لەگەڵ ڕێز و پێزانینی زۆرم بۆ بەشێک لەو بەڕێزانەی کە زەحمەتیان کێشا و هەندێک بڵاوکراوەیان بۆ ناردووم، هەرچەندە لەم سوپاس و پێزانینەی سەرەوە ناوم هێناون و سوپاسم کردوون، بەڵام چونکە لەگەڵ ناوەڕۆک و بابەت و ئامانجی ئەم کتێبە نەدەهاتنەوە، بۆیە لەدووتوێی ئەم کتێبە جێگەیان نەبووەوە.**

## ڕا و بۆچوونی بەشێک لە کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق

## سەبارەت بەم کتێبە

- دەستەکانت خۆش و کارێکی زۆر گرنگ دەکەیت و هیوادارم بە ئەنجامێکی زۆر سەرکەوتووانەوە پرۆژەکەت بەئەنجام بگات، چونکە ئەوە دەبێتە بەڵگەنامەی بزووتنەوەیەک، بۆ نەوەکانی داهاتووی ڕێگەی خەباتی چینایەتی، بەتەواوی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە.

ستاری چیمەنتۆ

- سەرەتا دەستخۆشی و پێزانینم هەیە بۆ ئەو ئەرکە گرنگ و قورس و پێویستەی لەسۆنگەی خەمخۆری و دڵسۆزییەوە، بەئەستۆت گرتووە، سەبارەت بە نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی و چەپی نوێ. قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت ( ئەزموون لە ڕابردوو. ئیلهام لەداهاتوو.) ئەم کارە پڕبایەخەی بەرێزتان، جگە لەوەی مێژوویەک " کە پڕە لە هەوڵدان و تێکۆشان ، ماندوو بوون و شەونخوونی، بەرخۆدان و بەرەنگاری" بەزیندوویی و لەبەرچاوان دەهێڵێتەوە و لە فەوتان و بیرچوونەوەو پەناکەوتن دەیپارێزێت، هاوکات خەرمانێک لە ئەزموون و سەدان وێنەو وانەی ژیانخوازی دەگوازێتەوە بۆ ئێستاو داهاتوو.

عەلی مەولود(ئاسۆ غەریب)

- سوپاس بۆ هەڵ و کۆششت کە ئەرکێکی وەها لە ئەستۆ دەگریت. هیوا سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. ئەوەندەی بە من دەگەڕێتەوە، ئامادەم هەرچیم لە دەست بێت کۆمەکت بکەم. لەو بارەوە دڵنیا بە.

نوری کەریم

- ئەم پرۆژەیە جێی تەقدیر و ئیحترامی زۆرە.

سادق عەزیز

- دەستت خۆش بێت کارێکی مهم دەکەیت و خۆم بە شەریک دەزانم.

سەمیر نوری

- دەستخوش هاورێ بۆ ئەم کارە گرنگە.

ئاسۆ کەمال

- بەگەرمی دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆئەو کارە گرنگە.

بەختیار مستەفا عارف

- زۆر دەستخۆشانەت لێ دەکەم بۆ ئەم پرۆژە گرنگەت.

موئەیەد ئەحمەد

- ئەو کارەش کە تۆ دەستت داوەتێ، یەکێکە لەو کارە زۆر زۆر گەورانەی کە ئەبووایە چەند ساڵ لەمەوپێش بکرایە و ئەبووایە ئەحزاب بیکردایە نەک فەرد، ئەمە بەڕاستی جێگەی تەقدیرە. وە هەندێک فەرد هەیە لە کار و کردەوەکانیان لە زۆربەی کۆمیتە حیزبی و ڕێکخراوەکان کاری گەورەتر دەکەن، تۆ یەکێکیت لەوانە کاک عەبدوڵا بەبێ موجامەلە. نووسینی کتێب و هەندێ مەواقیف و هەنێ مەسائیل یەعنی ئینسان وەکو فەرد تەماشای ناکات بە تەنیا، وەک لەئاستی تەئسیرەکەیا، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەم لێ هەیە. کاتێ کەوا دەڵێم مەبەستم ئەوەیە کە ئەبووایە ئەوان بیانکردایە بەڕاستی چەند ساڵە لەو مەجالەیا و چەند ساڵە ئاگاداری ئەو شتانەن دەبووایە مەجموعەیێ ئیحسائاتیان هەبووایە خەڵک بگەڕێتەوە سەری بڵێ ئەم شتانە هەبووە. بەهەرحاڵ دەستخۆشی زۆر زۆرم بۆت هەیە و هیوادارم سەرکەوتوو بیت.

زمناکۆ عەزیز

- سەرەتا دەست خۆش بۆ ماندووبوونەکەت بە تۆمارکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەری کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان.

موحسین کەریم

- سەرەتا دەست خۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەم هەوڵ و خۆماندووکردنەت لەم بوارەدا هیوادارم سەرکەوتوو بیت.

سەردار عەبدوڵا حەمە

- دەست خۆش بۆ پرۆژەکەت و هیوادارم بەسەرکەوتویی ئەنجامی بدەیت.

**عوسمانی عاجی مارف (ئەمجەد غەفوور)**

- سەرەتا پڕ بەدڵ دەست خۆشانەت لێ دەکەم بۆ پرۆژەی نوێت.

**جەماڵ ئەیوب**

- ماندوو نەبیت و دەستت خۆش بێت و سەرکەوتوو بیت لەو کارە گرنگەی دەستت داوەتێ.

**شەماڵ عەلی**

- دەستەکانت خۆش کارێکی بایەخدارەو جێگە دەگرێت.

**ڕێبوار عارف**

- ئەوپڕۆژەیەی گرتوتە ئەستۆ پڕۆژەیەکی زۆر بە ئەرزشە، دڵنیابە بۆ سەرخستن وهاوکاری کردن هەر کارێک بە من بکرێ دریغی ناکەم.

**تاهیر حەسەن**

- سەرەتا دەست خۆشانەی گەرمت لێ ئەکەم کەدەستت بردووە بۆ کارێکی مەزن و قورس و بەهیوای سەرکەوتنت خوزگە چەند کەسێکی وەک تۆمان هەبوایە کەلەخەمی ئەرشیف کردنی کارەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بیت و ماندوو نەبیت.

**هیوا مەجید**

- سڵاو ماندوو نەبن و هیوای سەرکەوتنتان لەو پرۆژە گرنگەدا بۆ دەخوازم.

**حەسەن حوسێن**

- دەستەکانت خۆش بێت کارێکی گەورە دەکەیت.. خۆشحاڵم بەهەر شێوەیەک بێت هاوکاری ئێوەی ئازیز و پرۆژەکە بم.

**ئارام عەلی**

- دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو پرۆژە گەورە و مێژووییەی شانت داوەتە بەری بۆ بەرزڕاگرتنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی بزووتنەوەی چەپ لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە. بە ڕاستی ئەرکێکی قورسە و مەگەر هەر لە خەمخۆرێکی وەکو خۆتان بوەشێتەوە لە ئەستۆی بگرن، بە تایبەتی چونکە جێدەستتان بەو مێژووەوە دیارە. لە دڵەوە هیوای سەرکەوتنت بۆ ئەخوازم لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە قورسەدا .

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا

- دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو ئەرکە مێژوویەی دەستت داوەتێ و شانت داوەتە بەر، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و ئامادەی هەموو هاوکارییەکم، ئەوەی لەدەست من بێ. لاوازی و بەکەمگرتنی ئەرشیف پارێزی لای هەمووما ن ، مەبەستم هاوڕێیانی چەپە و بەتایبەتیش لای من، مێژوویەکی تاڵی هەیە کەبەشێکی خەتای خۆم بووە و بەشێکی هی ئەو ڕێکخراوە چەپانەی کارم تێدا کردوون. ئەم بەهەند گرتنی ئەرشیفە و فەرهەنگی نووسینەوەی بیرەوەری تازە خەریکە لەلامان چرۆ دەکا هەربۆیە ئەو هەوڵەی تۆ، جگە لە گرنگیە مێژووییەکەی، هەمووما ن قەرزاربار دەکا و ناچارمان دەکا کوون و قووژبن بگەڕێین بۆ دۆزینەوە ئەرشیف.

عەبدوڵا سالح

- من زۆر دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆ کارە گرنگ و پڕ بایەخە و هیوادارم سەرکەوتوو بیت.

سەوسەن سەلیم

- سەرکەوتوو بیت، کارێکی گرنگ دەکەی.

عەبدولڕەحمان مەولوود

- دەستخۆشی کارەکەت لێ دەکەم و سەرکەوتووبیت.

سەلام مارف

- دەستخۆش ئیشێکی تابڵێی تاریخی و گەورە و گرنگە.

ئەحمەد عەلی

- دەستەکانت هەمیشە خۆش بن و هەمیشە سەرکەوتوو بن، کارێکی مەزن ئەنجام ئەدەن و هەر بمێنن و سەرفراز بن.

کامەران ئەحمەد

**تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: ئەگەر دەستخۆشانەی هەر بەرێزێکم یاداشت نەکردووە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە پەرتوبڵاو و ئەو کەناڵە جۆراوجۆرانەی کەلە دوو ساڵی ڕابردوودا لە پێناو ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا دەستوپەنجەم لەگەڵدا نەرم کردوون، نەک هۆکارێکی تر. بۆیە لێرەوە لەناخی دڵمەوە داوای لێبووردنی لێ دەکەم و هیوادارم لە سەرڤاڵی و جەنجاڵی ژیانم تێبگات و بمبەخشێت.**

## لالێکردنەوەی مێژوویەک!

کاری ڕۆژنامەگەری دەتوانم بڵێم وەکو نەریتێکی بزووتنەوە سیاسییەکان لەمێژە جێکەوتە بووە. بۆ سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانیش بەدەستەوەگرتنی ئەم نەریتە، زۆر گرنگ و پڕبایەخ بووە. ئەگەر لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا، بۆرژوازی لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانییەوە توانیبێتی ڕای گشتی بەو ئاڕاستەیە بەرێت کە خۆی دەیەوێت، ئەوا هەر لەهەمان کۆمەڵگەی چینایەتیدا، مارکسیست و سۆشیالیست و هەڵسوڕاوە کرێکارییەکانیش هەمان ئامڕازیان بەکارهێناوە و تێکۆشاون کە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کۆمەڵگە لە ژێر هەژموونی بیروباوەڕی بۆرژوازی دەربهێنن و هۆشیاریان بکەنەوە و ڕێکیان بخەن و ئامادەیان بکەن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێی عێراق هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانییەوە دەستی بردووە بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەشێوەی  بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئۆرگان. ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێی عێراق بریتی بووە لە گێڕانی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە لە خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی عێراقدا. جا بڵاوکراوەکە یان ڕێکخراوەکە بەفیعلی مارکسی بووبێت یان نا، لە ئەرکەکانی خۆی حاڵیبووبێت یان نا، جەماوەریی بوو بێت یان نا، بەو دیدەوە هاتۆتە مەیدانی خەبات و قوربانیشی بۆ داوە. من وەک هەڵسوڕاوێکی ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە ئەم پرسە گرنگەی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیستیم بوو بە ئەنگێزە و بڕیارمدا ئیشی لەسەر بکەم، لەکاتێکدا بێ ئەوەی هیچ ئەرشیفێکم لەبەردەستدا بێت و دوور لە کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان، ئیشکردن لەسەر گردوکۆکردنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق، کارێکی ئاسان نییە. بۆیە نایشارمەوە سەرەتا کە دەستم دایە ئەم پڕۆژەیە؛ دوو ترسی گەورەم هەبوو کە نەتوانم وەک پێویست ئەم پڕۆژە مێژووییە گرنگە ئەنجام بدەم. ترسی یەکەمم ئەوەبوو کە ژمارەیەک لە بڵاوکراوە و ئۆرگان و گۆڤارەکان لەبەردەستدانین و هەر نەماون. دیارە فەوتاون و لەناوچوون. لەناوچوونی ئەو بڵاوکراوانەش ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی بتوانین کە شتێکی وردیان لەبارەوە بڵێین. تاکە ڕۆشناییەک سەبارەت بەو بڵاوکراوانە، قسەی ئەو سەرنووسەر و هەڵسوڕاوە مارکسیست و کۆمۆنیستانەن کە لە ژیاندا ماون و ڕۆژگارێک بەو کارە هەڵساون. دیارە کارێکی ئاسان نییە قسە لەسەر شتێک بکەین کە نەمابێت. تاکە سەرچاوەش گێڕانەوە و هێنانەوە یادی هاوڕێیەک یان هەڵسوڕاوێکی سیاسی بێت کە لە ڕاستیدا پیشە و کاری ئەو ڕۆژنامەنووسی نەبووە و بەناچاری ئەو کارەی کردووە و شانی داوەتە بەری. من لە کاتێکدا وێنەی هەندێک لەو بڵاوکراوە فەوتاوانەم نەبینیوە و هەندێکیانم هەر نە خوێندووەتەوە، بەناچاری دەبێت پشت بە گێڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە ببەستم کە هاتوونەتە دووان. هەر ئەم هاتنە دووانەش بکەمە بناغەی ڕاستی مێژوویی و لێرەوە دەست پێبکەم. هەرچی ترسی دووەمم بوو ئەوە بوو کە ئەو سەرنووسەر و هەڵسوڕاوانە نەیەن بەدەم ئەم پڕۆژە مێژووییە چینایەتییە گرنگە و نەتوانم سەپۆرتی پێویستی بۆ بەدەست بهێنم. واتە کەسانێک لە گرنگی سیاسی چینایەتی ئەم کارە سیاسییە - مێژووییەی من تێنەگەن و دەست بنێن بە ڕوومەوە و ئەو بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لایانە نەیخەنە بەردەستم و تەنانەت ئامادەش نەبن بچووکترین زانیاری لەسەر ئەو بڵاوکراوانە و تەنانەت ڕۆڵی خۆیان لەو بزووتنەوە چینایەتییەدا بە دوو دێر باس بکەن. کاتێکیش کە دەستم کرد بە ناردنی نامە بۆ زیاتر لە ٨٥ کەسایەتی کە لەبواری ڕۆژنامەگەریی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراقدا هەڵسوڕاو بوونە، بینیم ژمارەیەکی باش لە هەڵسوڕاوە بەرجەستەکان یەکسەر هاتنە پشت ئەم پڕۆژەیە و سەپۆرتیان کرد و بەهەموو توانایەکییانەوە کۆمەکیان پێکردم. ئەمەش تەمی ترسی دووەمی ڕەواندمەوە. بەواتایەکی تر، بینینی ئەو سەپۆرتە بەهێزە ئەوەندەی تر هانیدام سوورتر بم لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لەو کادیرە بەرجەستانەی ئەو بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە کۆمۆنیستییە؛ نەیانتوانی یان نەیانویست لە بایەخی سیاسی و مێژوویی ئەم پڕۆژەیەم تێبگەن. بۆیە نەک هەر بەناردنی زانیاری کۆمەکیان نەکردم، بەڵکو ئامادە نەبوون بە وشەیەکیش وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە و ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و بچنە پشت مێژووی سیاسی خۆیان و بەشدار بن لەم پڕۆژەیە.

هەرچۆنێک بێت دوای شەونخوونی و زەحمەتییەکی زۆر کەزیاتر لە دوو ساڵی خایاند، من کارەکەی خۆمم ئەنجامدا و تا توانیم پەلەم تێدا نەکرد و بەوردی گەڕام بەشوێن هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستن و دەبێت لەم کتێبەدا جێگیر بکرێن. دان بەوەشدا دەنێم کە ئەم پڕۆژە قورسە کاری پسپۆڕانی بواری مێژووە. بەڵام من لەو سۆنگەیەی کە خۆم بە خاوەنی ئەو بزووتنەوەیە دەزانم و وەک ئەندامێکی بەرپرسیار لە جەرگەی خەباتی چینایەتی لەعێراق، لە ئەنجامی هەست کردن بەم بۆشاییە گەورەیە بەئەرکی خۆمم زانی دەست بۆ ئەم کارە قورسە بەرم و ئیشی لەسەر بکەم. ئیش کردنم لەسەر ئەم کتێبە بە دیدێکی مارکسیستانەوە بووە تا بتوانم ئاوڕ لە واقیعی بزاڤێکی رۆژنامەگەری پەرش و بڵاو و فەرامۆشکراوی گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق بدەمەوە و لەم پشت گوێ خستنە مەترسیدارە ڕزگاری بکەم.. لەڕاستیدا ئەم کارەی من ئەنجامم داوە، کاری تاکە کەسی نییە، بەڵکو کاری حیزبێکی سیاسی یان ئەنستیتۆیەکە کە چەندین لیژنە لەخۆ بگرێت و دەستەجەمعییانە ئەو کارە گرنگە ئەنجام بدەن. بەڵام لە غیابی ئەمە بە ناچاری دەستم برد بۆ ئەم کارە و ئەنجامەکەشی ئەمەیە کەلەبەردەستتدان دایە کە بەرهەمی کارکردنی زیاتر لە دوو ساڵە و ١٦٥ بڵاوکراوەی ناسراو و نەناسراو، کۆن و نوێ لە خۆ دەگرێت و بە سەر سێ قۆناغدا دابەشم کردوون. ئەم قۆناغبەندییەشم لەسەر بنچینەی هەلومەرج و دۆخی سیاسی کۆمەڵگە پۆلین کردووە. لەکاتێکدا دەکرا پرۆسەی قۆناغبەندییەکە لەسەر بنچینەی لەڕووی فۆرم و شێوازی چاپی بڵاوکراوەکان یان لەسەر بنچینەی ناوەڕۆک و مەیدانی چالاکی بڵاوکراوەکان پۆلینبەندی بکرانایە. من ئەم پۆلینبەندییەم بە پەسند زانی چونکە گوزارشتە لە سێ دۆخی سیاسی جیاواز. لە کۆتایی کێبەکەشدا پاشکۆیەکم بە دوو بابەتەوە داناوە کە پەیوەستن بەم بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە. یەکێکیان لیستێکە لە بڵاوکراوە کوردی و فارسییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەویتریان بریتییە لە نمایشی گشتی بڵاوکراوەکان بەڵام بە زمانی ژمارە و ئامار. هەورەها نابێت ئەوەشم لەیاد بچێت کە وێنەی هەر بڵاوکراوەیەکم دەست نەکەوتبێت، ئەلگۆی ڕۆژنامەیەکم وەک سیبمۆڵ داناوە. لەدوا بەشی کتێبەکەش ئەو سەرچاوانەم داناون کە لەمیانی ئامادەکردنی ئەم کتێبە خوێندوومنەتەوە و سوودم لێ بینیون.

جا خوێنەرانی ئازیز و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی لە عێراق.. ئەمە تەقەللا و هەوڵی تاکە کەسی منە کە دەیبینن. ئەوەی من کردوومە ڕزگارکردنی ئەم بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەیە لە فەوتان و لەنێوچوون و چەسپاندنی مێژووییانەی ئەو بزاڤەیە. چاوەڕوانی ئەوەشم لێتان هەیە بە سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارەکانتان، ئەم کتێبە دەوڵەمەند بکەن و کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکەن، تا بتوانین بە کۆمەکی هەموو لایەک ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییە چینایەتییەی کە هەمانە، جوان و بەرز ڕابگرین.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

حوزەیرانی ٢٠٢٥

# خوێندنەوەیەک بۆ پرسی ڕۆژنامەگەریی
# لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێی عێراق
# (١٩٧٥ — ٢٠٢٥)

## سەرەتایەک

لێکۆڵینەوە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێی عێراق و بەتایبەتیش لە نیو سەدەی ڕابردوو، کارێکی ئاسان و بێ سەریەشە نییە، چونکە لەلایەکەوە هیچ ئەرشیف و ئامار و تۆمار و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی وامان لەبەردەستدا نییە کە بتوانین لەم کارەماندا پشتی پێ ببەستین.(١)، لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەو بڵاوکراوانە نەماون و لەبەردەستدا نین. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق، سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنەمەیدانی، تا بڵێی بوێرانە لەژێر ستەم و سەرکوت و خەفەقانی ڕژێمی بەعسی دژ بە ئینسانییەت، دەستی پێکرد و گڕی ئەم سەرکوت و ستەمە ژیانی دەیەها کادیر و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی هەڵپرووکاند. هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەست پێدەکات و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییە لە عێراق لەڕووی ڕێکخراوبوونەوە لە ڕێکخراوێکی بچووکی سیاسییەوە دەست پێدەکات و دواتر گەشە دەکات و چەندین ڕێکخراوی سیاسی کۆمۆنیستی دێنە مەیدان و بزووتنەوەیەکی مەزنی شورایی بەرپێدەخات و دەبێتە خاوەنی چەندین ڕێکخراوی جەماوەری و حیزبی سیاسی. لەهەناوی ئەم ژینگە سەرکوت و دوای سەرکوتەشدا دەیان ڕێکخراو دێنە مەیدان و دەیەها بڵاوکراوە و ئۆرگان وگۆڤار و زمانحاڵ دەردەکەن. بەڵام وێنە گشتییەکەی بزووتنەوەکە وێنەیەکی ڕاوەستا و جێگیر نییە، بەڵکوو دۆخی پڕ لە هەوراز و نشێوی سیاسی عێراق، ئەم بزووتنەوەیەشی بە دۆخی ناجێگیر سپاردووە. من لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم باسێکی گشتی بڵاوکراوەکان لە چەند خاڵێکدا بکەم و ڕۆشناییان بخەمە سەر. هەروەها بۆ زیاتر بینینی وێنەی دوور لە شێواوی و ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە دەکۆشم کە قۆناغەکانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیستی لە عێراق و بەتایبەتیش لە کوردستان بناسین و لەوێوە دیمەنەکان لێک گرێ بدەین و وێنەکە بەڕوونی ببینین.

## ناسینی سروشتی پرسی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق

ئاشکرایە لە دایکبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق لەهەناوی ڕەخنەگرتن لە ڕێکخراوێکی تێکەڵ لە ماویزم و ناسیونالیزم کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بە ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ لەلایەک و ڕەخن لە حیزبی شیوعی عێراق لەلایەکی ترەوە هاتووەتە دەرەوە و کادیر و هەڵسوڕاوانی ڕەخنەگر لە سیاسەت و بەرنامە و کاری چەکداری کۆمەڵە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیاندا بەناڕۆشنی و بەدیدگایەکی تێکەڵ لە ماویزم و تێزی سێ جیهانی و مارکسیزمی دەستی سێ و چوار و ناسیونالیزم دەستیان پێکرد. لینین دەڵێت ( مێژووی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی لە ڕووسیا توندترین پەیوەندی بە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیاوە هەیە. لەبەرئەوە بە کردەوە ناتوانین هۆکاری ئامادەکردنی ڕۆژنامە کرێکارییەکان تێبگەین، بەبێ زانینی قۆناغە سەرەکییەکانی گەشەی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی کرێکاریی.)(٢) ئەم بزووتنەوەیە هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە دەستی بە بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەوە گرتووە و لە هەناوی خۆیدا بزاڤێکی ڕۆژنامەگەری هەمیشە بوونی هەبووە. ناسینی سروشتی ئەم بزاڤە بایەخی سیاسی و چینایەتی خۆی هەیە و من هەوڵ ئەدەم لێرەدا ئەو سروشتە لە چەند خاڵدا بخەمە بەرچاو:

یەک : هەڵسوڕاوانی ئەم بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە کادیر و هەڵسوڕاوی سیاسی بوون نەک ڕۆژنامەنووس. ئەوان بە بۆچوون و تێڕوانینێکی ناڕۆشنەوە دەستیان بۆ ئامرازی ڕاگەیاندن برد، نەک پشت بەستوو بە مەعریفەی ڕۆژنامەوانی و شارەزایی و لێهاتوویی و

پسپۆڕی لەو بوارەدا. لە بنچینەدا دەرکردنی ئۆرگان و بڵاوکراوەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان کاری ئەوان نەبوون و ئەوان کەسیان مەگەر بەدەگمەن نەبێت پسپۆڕ و شارەزا نەبوون لەو بوارەدا. بەڵام سیاسەت و پێداگری لەسەر ئامانجە سیاسییەکان، بووەتە مۆتیڤ و ئەوکارەی پێکردوون. بۆیە ئێمە لەسەرەتاکانی ئەو بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە (١٩٧٥ تا نیوەی دووەمی دەیەی نەوەدەکان) ڕووبەڕووی جۆرێک لە جۆرنالی ناپرۆفیشناڵ دەبینەوە، جۆرنالێک کە لە یەکەم هەنگاویدا بەرکەوتنی لەگەڵ ناشارەزایی و ناپسپۆڕیدا هەیە. بەڵام ئەو سەرەتایە، ڕەنگدانەوەی یەکەمین دەیەی سەرەتای هاتنە مەیدانی ئەم بزووتنەوە بێئەزموون و دەستوپێ سپییەیە لە سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا.

دوو : بەوپێیەی کە زۆربەی ئەو بڵاوکراوانە سیاسی- چینایەتی بوون و پەیامی سیاسیان هەبووە، بۆیە مەسەلەی ناو و ناولێنان زیاتر ڕەنگدانەوەی ئینتمای کرێکاریبوون و کۆمۆنیستبوون بووە. ناوەکانی وەک (پەیامی کرێکار، پرۆلیتاریا، بۆپێشەوە، کرێکاری کۆمۆنیست، ئاسۆی کرێکار، خەباتی کرێکار، سیمای کۆمۆنیستی، ڕێکخستنی کۆمۆنیستی، دەنگی بێکاران، خەباتی بێکاران، شۆڕشی کرێکاری، دەنگی کرێکار، پەیامی کۆمۆنیزم، خەباتی پرۆلیتاریا، سەرنجی کرێکار، ڕێگای کرێکاران، (صدی العامل)، (عامل الیوم)، (الشیوعیة العمالیة)، (النضال الشیوعي) و... تاد.) گوزارشت بوون لە ئینتمای کۆمۆنیست بوون و وابەستەبوون بە مارکسیزم. هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستیی تێکۆشاون ناوی ڕێکخراوە سیاسییەکە و بڵاوکراوەکەشیان ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی سیاسییان بێت.

سێ : هەندێک لە بڵاوکراوەکان هەم گۆڤار بوونە و هەمیش ڕۆژنامە. ئیتر ئەم دۆخە بۆ توێژەر و لێکۆڵەرەوە ئاسان نییە و سەرلێشێواندنی تیایە.

چوار : بەشێکی بەرچاویان سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیان نەبووە. خاوەن ئیمتیازیان نەبووە. ئێمە دەزانین هەلومەرجی سیاسی و سەرکوتی وەحشییانەی بەعس و دەسەڵاتی سەرمایەداری کە ئیعدام و زیندانیکردنی کردبووە چارەنووسی هەر کەسێک کە دەست بۆ کاری لەوجۆرە ببات، بۆیە ناهەقیان نەبووە و بەناچار لەو نەریت و پەیڕەوە ڕۆژنامەگەرییە لایان داوە. بەڵام ئەمەش بیانوویەکی لاوازە و دەتوانرا بە ناوی نهێنییەوە سەرنووسەر و دەستەی نووسەران ڕابگەیێنرێن.

پێنج : لە بەشێکی بەرچاو لەو بڵاوکراوانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا بڵاوبوونەوەتەوە، بابەتەکانیان بە بێ ناو و ئیمزا نووسراون. ئەمەش قورساییەکی تر دەخاتە بەدەم توێژەران و لێکۆڵەران کە نەتوانن بە ئاسانی تواناییەکانی هەڵسوڕاوان دەستنیشان بکەن.

ئێمە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکانمان واقیعی بن، دەبێت بە پێوانە و هەڵسەنگاندنی ئەو سەردەم و دۆخە بڕوانینە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بۆ ئەوەی تووشی بەرئەنجامی هەڵە نەبین و غەدر لە بزووتنەوەکە و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی بەگشتی و کادیر و هەڵسوڕاوانی گیان لەسەردەستەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی نەکەین. جا بۆ ئەوەی ئەو غەدرە ڕوو نەدات و کارەکەی ئێمەش بابەتییانە بێت، دەبێت ئاوڕێکی کورت لەو دۆخ و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدەینەوە و بزانین ئەو بزووتنەوەیە و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی لە چ هەلومەرجێکدا چاوی کردۆتەوە و تەمەنی خۆی دەست پێکردووە. هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەچەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە:

یەک : حیزبی بەعسی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە ١٧ ی تەمموزی ١٩٦٨، لە پەیوەندییەکی بەهێزدا بوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، کە ئەمەش کاریگەر هەبوو بەسەر سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

دوو : شکستی بزووتنەوەی نازیزم و سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤییەت لە جەنگی جیهانیی دووەم و فەراهەمبوونی زەمینەی سیاسی لە ئاستی جیهان بۆ ڕووهێنان بەرەو سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە جیهانییە بەسەر عێراق و کوردستان.

سێ : دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی  سەدەی ڕابردوو، چینی کرێکاری عێراق و کوردستان لەسەر دەستی حیزبێکی سەرکوتگەر و دژە کرێکاریدا، ئەزموونی لێسەندنەوەی دەستکەوتە چینایەتییەکانی خۆی کرد، ئەو دەستکەوتانەی کە ساڵەهای ساڵ بوو بە خەبات و خوێن بەدەستی هێنابوون. چینی کرێکاری عێراق ئەوەی لە یاسای کاری ژمارە یەکی ساڵی ١٩٥٨ بۆ دەستەبەر کرا و بە یاسا جێگیرکرا، (٣) کەچی لە یاسا کارەکانی دواتر وردە وردە لێی سەندرایەوە. تا کار گەیشت بەوەی لە ساڵی ١٩٨٧ ڕژێمی بەعسی لەگۆڕنراو بە یاساکاری ژمارە ٧١، ئینکاری بوونی چینی کرێکاری کرد و ناوی کرێکاری گۆڕی بە فەرمانبەر. تا بەوە گەیشت کە سەرکوت و ئیعدام بوو بە چارەنووسی هەر هەڵسوڕاوێکی سیاسی و دژە ڕژێم.

چوار : بەرەی نیشتمانی میللی و پێشکەوتووخوازی نێوان حیزبی بەعس و شیوعی عێراقی (٤) گەرچی بەڕواڵەت هاریکاری نێوان ئەو حیزبە بوو بۆ کێشە هەرە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام لەواقیعدا بەرەی خۆ ئامادەکردنی حیزبی بەعس بوو بۆ تۆڵەی مێژوویی لە حیزبی شیوعی و چینی کرێکار.

پێنج : مێژووی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە عێراق، مێژووی سەرکوت و سێدارە و زیندان بوو. دوای هەرەسی بزووتنەوەی چەکداری کورد لە ساڵی ١٩٧٥ و دووبارە هاتنە مەیدانی هێزێکی چەکداری سیاسی تر بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە مۆتۆڕەکەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو. ئەم هێزە بەناو مارکسیستە لینینیستە کوردییە کە بە ئەندێشەی ماو کاری دەکرد، توانی لەماوەیەکی کەمدا هێزێکی زۆر لە لاوانی شۆڕشگێڕ لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە. شۆڕشگێڕانێکی زۆر کە ڕۆڵەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بوون، بەشێکیان لە زیندانەکانی بەعس یان لەسێدارە دران یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەخت کرد و یانیش بۆ ماوەی چەندین ساڵ، زیندانی کران. ئەم چارەنووسە نەک هەر چارەنووسی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان بوو، بەڵکو چارەنووسی هەر کەسێک بوو کە دژایەتی ڕژێمی بەعسی دەکرد.

شەش : لەم دۆخەدا بزووتنەوەیەک بە سادەیی و کاڵوکرچی سیاسییەوە لەهەناوی ڕەخنەیەکی سیاسی لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دێتە دەرەوە و لەگەڵیشدا بزووتنەوەیەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لەدایک دەبێت کە بێ وەستان لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ ڕوو لە سەر و بەردەوام لە هەنگاونان، درێژە بە ژیانی سیاسی و چینایەتی خۆی دەدات.

بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی لە تێکۆشانی خۆیدا لەنیو سەدەی ڕابردوودا هەوڵیداوە هێڵێ ستراتیژی سیاسی چینایەتی لەژێر سێبەری مارکسیزم دابڕێژێت  کە دەتوانین بە کورتی ستراتیژییە چینایەتییەکە ئاوا ببینین:

یەک : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی زۆر بۆی گرنگ بوو کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان هوشیار بێتەوە و ببێتە خاوەن هوشیارییەکی سیاسی چینایەتی مارکسیستی.

دوو : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی زۆر بۆی گرنگ بووە کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان ڕێکخراو بێت و بەرژەوەندی چینایەتی خۆی بناسێت و هەنگاو بە هەنگاو لە شۆڕشی کۆمەڵاتی خۆی نزیک ببێتەوە.

سێ : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی بۆی گرنگ بوو کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان کەلەپووری مارکس و لینین بە کرێکاران بناسێنێت و ئاشنایان بکات بە خەبات و ئەزموونە شۆڕشگێڕەکانی کرێکارانی جیهان.

چوار : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوی و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی بۆی گرنگ بووە کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان، وەک تاکە چین و تەنیا لە خۆیان نەڕوانن، بەڵکو وەکو بەشێک لە چینی کرێکاری جیهانیی و بەتێڕوانینێکی ئەنتەرناسیونالیستانە بڕواننە خۆیان و خەباتیان. سەرکەوتن و شکستی کرێکارانی جیهان بە سەرکەوتن و شکستی خۆیان بزانن.

پێنج : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی بۆی گرنگ بووە کە ماهییەتی دژە کرێکاری و دژە ئینسانیی بۆرژوازی و سەرمایەداران بۆ کرێکاران دەربخات. بۆی گرنگ بووە کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان ململانێی نێوان کار و سەرمایە وەک ململانێیەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی ببینن و چاو لێبکەن.

شەش : بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەی بۆی گرنگ بوو ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سۆشیالیست و شیوعی ڕیسوا بکات و ناوەڕۆکە دژە مارکسیستی و ڕیڤیژنیزمەکەیان بەیان بکات.

## بینینێکی گشتی بڵاوکراوەکانی کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق

بڵاوکراوەکانی ئەم بزاڤە سیاسییە چینایەتییە دەکرێت بەم شێوەیە ببینرێت:

یەک : هەندێکیان تەمەنیان کورت بووە و تەنانەت تیایاندا هەیە وەک دەڵێن لە چاوتروکانێکدا هاتوون و ڕۆیشتوون. یان دوای ژمارەیەک یان چەند ژمارەیەک، وەستاون. هەروەها تیاشیاندا هەیە بۆ ماوەی چەندین ساڵ تەمەنی کردووە و بەردەوام بووە.

دوو : هەندێکیان نەک خۆیان تەنانەت وێنەشیان نەماون و فەوتاون و هەندێکیشیان ماون و لەبەردەستدان.

سێ : هەندێکیان سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیان نەبووە و تەنانەت بابەتەکانیشیان بە بێ ناو نووسراون. بەڵام زۆربەشیان پەیڕەویان لە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە و سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیان هەبووە و هەیە.

چوار : بەشێکیان وەک ئۆرگانی حیزبیی دەرچوونە و هەندێکیشیان لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خەباتی جەماوەریی چالاکییان ئەنجام داوە.

پێنج : هەندێکیان لەڕووی تێڕوانینی سیاسییەوە ( بەتایبەتی ئەوانەی سەرەتا تا ناوەڕاستی هەشتاکان) دوور بوونە لە بەرچاو ڕۆشنی و بەدەستەوەگرتنی ئاسۆیەکی ڕوون و چینایەتی مارکسیستی، بەڵام زۆربەیان لەنیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان، مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و پاشان کۆمۆنیزمی کرێکارییان تەبەنی کردووە. تیاشیاندا هەبووە دەستی بە ئینتما چەپییەکەی خۆیەوە گرتووە و لەژێر ناوی مارکسیستبووندا دژایەتی کۆمۆنیزمی کرێکارییان کردووە.

شەش : تییایاندا هەیە لە فۆرمی کتێب بڵاوکراونەتەوە و تیاشیاندا هەیە وەک ڕۆژنامەیەکی نۆرماڵ هاتۆتە وەشاندن.

حەوت : تیایاندا هەیە بەدەست نووسراونەتەوە و هەشیانە بە قەبارەی ئەی سێ و ئەی چوار و ئینجا نۆڕماڵ بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی ئەم سەردەمەش زۆربەیان دیجیتاڵ و سەرهێڵن.

هەشت : هەندێکیان زیاد لە خوولێک دەرچوونە و تەنانەت تیایاندا هەیە سێ خوول و چوار خوول دەرچوونی بەخۆوە بینیوە.

ئەم بینینە کۆمەکیمان دەکات لەوەی بزانین کە دەست و پەنجە لەگەڵ چ بزاوتێک نەرم دەکەین و هەروەها بزانین چۆن بەپێی هەلومەرجە سیاسی و ئابوورییەکان دەگۆردرێن و ئێمەش چۆن خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

## تایبەتمەندییەکانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق

بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە. من هەوڵ دەدەم بەکورتی ئاماژەیان پێبدەم.

یەک؛ مارکسیستبوون. ئەوەی ئەم بزاڤە لە ڕۆژنامەگەری کوردیی و چەپی ماویی و ترادیسیۆنی ستالینیی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە سەر بە میتۆدی خەباتکارانەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکارییە. سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە بە ڕەخنەی جیددی و قووڵ لە چەپی ماویزم و ستالینیزم دەست پێدەکات و پاشان بەهۆی کاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە؛ سەپۆرتی مارکسیزمی شۆڕشگێر دەکات و لەدوای باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریش بێئەملاوئەولا بەشی زۆری ئەو بزووتنەوەیە دەبنە لایەنگری کۆمۆنیزمی کرێکاریی. بەو پێیەی کە مارکسیبوون دەبێتە شوناسی ئەم بزووتنەوەیە و بڵاوکراوەکانی، ئیتر ئەو بڵاوکراوانە دەبنە ئامرازی شیکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی تیئۆرییانە بۆ خەباتی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداری. بەمانایەکی تر زۆربەیان لەژێر چەتری مارکسیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کۆ دەبنەوە و پشتبەستوو بە بنەما تیئورییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، ئەمانیش هەنگاوەکانی خۆیان هەڵدەهێننەوە.

دوو؛ نا کۆمەڵایەتیبوون و کارکردن بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونەوە. هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییە تازەیە بەدەگمەن نەبێت، دەنا بەشی هەرە زۆریان کەوتبوونە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان، واتە لەڕووی فیزیکییەوە کرێکار نەبوون. ئەوان زیاتر خوێندکار بوون و لە ناوەندەکانی خوێندنەوە هاتنە نێو کۆڕی خەبات و ئەمەش گرفتی ناکۆمەڵایەتیبوونی تا ئاستێک هێنابووە ئاراوە. بەڵام بیریشمان نەچێت چونکە شوناسی سیاسی و چینایەتی ئەم بزووتنەوەیە؛ شوناسێکی مارکسیستی بوو، بۆیە هەڵسوڕاوان و بڵاوکراوەکان زۆر بەجیددی پێیان لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دادەگرت و بڵاوکراوەکان ببوونە ئاوێنەی بالانومای خەباتی سیاسی و ئابووری کرێکاران لە کۆمپانیا و ناوەندە کرێکارییەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان.

سێ؛ بێئیمکاناتی مادیی و نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی ئەم بزووتنەوەیەی تووشی سستی و نووچدان کردووە. ئەم هەژارییە وای کردبوو کە ڕێکخراوەکان و هەڵسوڕاوان نەتوانن بە ویست و ئارەزووی خۆیان بڵاوکراوەکانیان چاپ بکەن. دیارە نابێت لێرە ئەو فاکتەرە گرنگەی سەرکوتی حیزبی بەعس لەیاد بکەین کە بواری بچووکترین هەناسەی نەهێشتبووەوە بۆ هیچ کەسێک کە خەبات بکات و تێبکۆشێت لەپێناو بردنە پێشەوەی خەباتی چینایەتی و سۆشیالیزم. نووسینی بڵاوکراوەیەکی سیاسی بە دەست و خەت و بەکاربۆن نەک سەلیقەی خوێندنەوەی کرێکار ناباتە سەر، بەڵکو بەحوکمی ئەو دۆخە سیاسییە و سەرکوتی بەعس ڕەنگە هەر نەوێرن تەماشای بکەن.

چوار؛ بێئەزموونی لەبواری ڕاگەیاندن و زمان. بەبۆچوونی من دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە زمانی ئەو بڵاوکراوانە گەرچی زمانێکی سیاسی - چینایەتییە، بەڵام زمانێکی باڵا یان بەرز نییە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەران و هەڵسوڕاوانی ئەو

مەیدانە بایەخیان بە زمانی نووسین نەداوە و تەنانەت وەک پێویست بەهای زمانی نووسینیان لا ڕوون نەبووە. ڕۆژنامەنووس ئەگەر نەتوانێت بە زمانێکی پاراو و جوان گوزارشت لە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی خۆی بکات و ئەوەی مەبەستییەتی بە جوانی دەری نەبڕێت، ناشتوانێت خوێنەر و کرێکارانی پێشڕەو بەرەو لای تێز و بۆچوونەکانی کێش بکات و سەرنجیان ڕابکێشێت و بۆچوونە سیاسیی و سۆشیالیستەکانی بکاتە ئارگیومێنتی نێو کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان. ڕۆژنامەگەری بزاڤی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق لە دوو دەیەی سەرەتایدا نەیتوانی لە زمانێکی جوان و پاراو بەهرەمەند بێت. تایبەتمەندییەکانی زمانی نووسین لەو دوو دەیەیەی سەرەتادا دەتوانین بەمجۆرە بیبینین :

١ : زمانی نووسینی بڵاوکراوە کۆمۆنیستەکان لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی سیخناخ بوو بە وشە و دەستەواژەی عەرەبی و فارسی و بیانی.

٢ : لە زمانی نووسیندا بایەخدان بە ڕێزمان هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە و نووسەران زیاتر مەبەستییان بووە گوزارشت لە بۆچوونە سیاسی و چینایەتییەکانیان بکەن و نەک ڕازاندنەوەی زمان.

٣ : ڕێنووس لەئاستێکی زۆر لە خواردا بووە بەبەراورد بە ڕێنووسی ئەوکاتی سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان. لەم ڕووەوە بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان بەشێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە هەڵگری زمانێکی پاراو و جوان و بێ کێشەی ڕێزمان و ڕێنووس بن. بەڵام لەم دوو دەیەی دواییدا، هەندێک هەوڵ و گۆڕانکاری دەبینین لەبواری زمان و ڕێنووسدا؛ بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە ئاستەنگەکانی بەردەم بەدەستەوەگرتنی زمانێکی پاراو جوان ببڕن. بە بۆچوونی من نووسەرانی ئەو بڵاوکراوە کۆمۆنیستییانە هێشتا بەهەمان میتۆدی چەند دەیە لەوەوپێش دەڕواننە زمان و بایەخی ڕێنووس و ڕێزمان لە نووسیندا.
دوای ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی کە لە کوردستان و عێراقدا ڕوویاندا، وەکچۆن فۆرمی بڵاوکراوەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، ئاواش زمانی نووسین و ڕێنووس و خاڵبەندی لەپرۆسەیەکی درێژدا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و باشتربوونی دۆخی دارایی و لەبەردەستدا بوونی تەکنەلۆجیای پێویست، بوون بەهۆی دەستەبەرکردنی کادیری هونەری و زمانەوانی و ئەمەش بەئاشکرا بە ئاست و شێوازی نووسینی سەر ڕووپەڕی هەندیک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئێستادا دیارن.

پێنج ؛ بە ئەرشیفنەکردن و لەبەردەستدا نەبوونی هەندێک لە بڵاوکراوەکان. بیرۆکەی بە ئەرشیفکردن لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بیرۆکەیەکی تیژ و ئاکتیڤ نەبووە. کەس لە خەمی سبەینێدا نەبووە. بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری ئەو مێژووە فەوتاوە و نەماوە.(٥)

شەش : کەمی ڕێژەی ئامادەیی ژنان لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت، بە تایبەتی لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٥ تا نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکان. لەم ماوەیە هیچ ژنێک نەبووەتە سەرنووسەر یان دەستەی نووسەرانی هیچ بڵاوکراوەیەکی سیاسی. بەڵام دوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١ و نەمانی بەعس لە کوردستان و هاتنە مەیدانی زیاتری ڕێکخراوە سیاسیی و جەماوەرییەکان، بۆ یەکەمینجار دەبینین سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەندێ بڵاوکراوە لە ژنانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ پێکهاتبوون لەوانە گۆڤاری سەرنجی کرێکار و بڵاوکراوەی یەکسانی و ئاسۆی کرێکار و النساء و ئاوێزە و ڕەها و المساواة و..تاد. (٦)

حەوت: سەرباری هەر خاڵێکی پۆزەتیڤی بزاڤەکە، دەبێت ئەو ڕاستییەش لەیاد نەکەین کە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق دابەشبووبوونە سەر چەند ڕێکخراو مەحفەلێک. ئەم مەحفەل و ڕێکخراوانە بەردوام دژایەتی یەکتریان دەکرد و ئینێرژییەکی

**زۆریان بەخەرج دەدا بێئەوەی دەستکەوتێکی سیاسی چینایەتی بەدەست بهێنن. ئەم دژایەتییە لەژێر ناوی خیلافی سیاسی و میتۆدیی دەچووەپێش. دیارە ئەم دژایەتیکردنەی گروپ و مەحفەلەکان بڵاوکراوەکانیش گرتبووەوە. بۆیە لایەنێکی جەنگی بڵاوکراوەکان دژایەتیکردنی مارکسیستە هاوسەنگەرەکانی خۆیان بوو. ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لە پتەوبوونی شوناسی چینایەتی ئەم بزاڤە.**

## ڕۆڵی ژنان لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق

**ژنان لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ لە عێراق، بەهۆی هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی، نەک نەیانتوانیوە بەپێی پێویست ڕۆڵی پێشەنگیی تیادا بگێڕن، بەڵکوو بەڕێژەیەکی زۆر لەخوار ڕێژەی پیاوەوە دێن. ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو دۆخ و قۆناغ و هەلومەرجە سەخت و نالەبار و دژوارەکاندا شانبەشانی هاوژین و برا و باوکیان وەستاون و نەک هەر ئەوەش بگرە بۆیان بوونەتە تەتەر و خەمخۆری سیاسەت و تەنانەت لە بازگەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕیش نەک جانتاکانی شانیان، بگرە جەستە و ژێر جلوبەرگەکانیان دەکردە حەشارگەی نووسراو و بەیاننامە و نامیلکە و بڵاوکراوەکان. دیکۆریماڵەکانیشیان بەجۆرێک ساز دەدا کەلە شوێنی کۆبوونەوە و هاتووچۆی بەرچاوەوە وەک ماڵێکی ئاسایی بێتە بەرچاو. دیارە نابێت بیرۆمان بچێت کە نەک تەنها هاوسەرەکان، بەڵکوو دایکەکانیش سەربارى هەرجۆرە ترسێک، جەسوورترین ڕۆڵیان لەمێژووی ئەو بزووتنەوەیە گێڕاوە. چیرۆکی دایکە بەجەرگ و قوربانیدەرەکانی هەڵسوڕاوانی دوو دیەی سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە، مەگەر لە ڕۆمانێکی ئەدەبی وەک ڕۆمانی (دایک)یدا بەرجەستە بکرێتەوە. ژنان وەک هاوسەر و دایک هەر لەسەرەتای ئەو بزووتنەوەیەوە بوونیان هەبووە و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆیان بینیوە، بەڵام وەکو توخمی چالاک لە بواری ڕۆژنامەگەریدا نەیانتوانیوە بەپێی پێویست بە ئەرکە مێژوویەکەی خۆیان هەستن. ئەویش نەک لەبەرئەوەی بزووتنەوەکە ماهییەتێکی پیاوسالارانەی هەبووە، نا، بەڵکو دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی عێراق و کوردستان بەجۆرێک بووە کە ڕێگر بووە لە پێشەنگ بوونی ژنان. ئەگینا یەکێک لە پایە بنچینەییەکانی سیاسەتی کۆمۆنیستانەی ئەم بزاڤە شۆڕشگێڕە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان بووە لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. لە قۆناغی یەکەمی ژیانی ئەم بزاڤە ( ١٩٧٥– ١٩٩١) ئێمە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک نابینین کە ناوی ژنێکی بەسەرەوە بێت. ئەویش هۆکارەکەیمان لەسەرەوە باس کرد. بەڵام دوای خرۆشانە جەماوەرییەکەی ئازاری ١٩٩١ و ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعس و نەمانی دەزگا سەرکوتگەرییەکانی، ئێمە شاهیدی هاتنە دەرەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنان و کچانین کە لەو خرۆشانە جەماوەرییە ڕۆڵی شۆڕشگێرانەیان گێڕا. بزووتنەوەی شووراکان لە کوردستان، جوانترین دیمەنی شانبەشانبوونی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێر و کۆمۆنیست بوو کەلە تەمەنی کورتی خۆیدا نیشانی کۆمەڵگەیدا. ژنان لەم بزووتنەوە مەزنە چینایەتییەدا شانبەشانی پیاوان چەک لەشان هەنگاوێان هەڵدەهێنا بەرەو ئیدارەکردنی کۆمەڵگە. کە ئەمە جێی باسی ئێمە نییە. بەڵام لەبواری ڕۆژنامەگەریدا بەپێی ئەوەی ئەو ترسە گەورەیەی جاران لەئارادا نەبوو و جۆرێک لە ئازادی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشابوو، ژنان چالاکتر هاتبوونە مەیدان و وردە وردە ناوەکانیان لەسەر ڕووپەڕی بڵاوکراوە سیاسی و جەماوەرییەکان کەوتنە درەوشانەوە. ناوەکانی وەک ( ناسک ئەحمەد، ئاڵا فەرەج، ڕێگا ڕەئوف، سەوسەن سەلیم(گوڵاڵە)، گۆنا سەعید، گەشاو محەمەد، ڕێزان عەلی، کەژاڵ حەمەڕەشید، نادیە مەحموود، هەڵاڵە رافع و نادیە عەلی و یەنار محەمەد و شیرین عەبدوڵا و ساهیرە محەمەد و خولیا حوسێن، تارا عەبدوڵا، زیبا حوسێن، بەهار محەمەد، باوەڕ عەدنان، نەسرین سالح، فەریدە سەعید، شەوبۆ محەمەد، خەجاو محەمەد، مەهاباد حەمکۆڵ، سوهام حوسێن و خولیا حوسێن و ..تاد وەک ڕابەر و هەڵسوڕاوی بەرجەستەی خەباتکارانە ژنان چوونە دووتوێی دیرۆکەوە. دوای پرۆسەی داگیرکاری عێراق و ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق، هەلومەرجی سیاسی عێراق گۆڕا و ژنان تا ئاستێک توانیان لەو بوارەدا هەنگاو هەڵبهێننەوە. جگە لەناوەکانی سەرەوە،**

کۆمەڵێک لە ژنانی شۆڕشگێڕ و بەتوانا و بوێر لەم بزووتنەوە ڕۆژنامەگەرییدا هاتنە پێشەوە و بوونە گوڵی سەر سینگی بڵاوکراوەکان. ، ئیبتسام عەبدوڵا، اسیل رماح ، نور سالم، روزة حمید، جولیان احمد، نور سالم، میار عامر، و ..تاد). واقیعی کێرڤی بەشداری ژنان بەپێی تێپەڕبوونی کات و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرباری هەبوونی دەیان لەمپەر و ڕێگری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەبلیغاتی کۆنەپەرسی، کەچی تا هاتووە ڕوو لەسەر بووە. ئەمەش ئومێدێکی تا بڵێی جوانە.

## قۆناغبەندی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق

-

قۆناغبەندی ئەو بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە نە ئیرادەگەراییە و نە ویستێکی نابابەتییە، بەڵکو سروشتی کارکردن و ئاستی خەملاندنی ئەو بزاڤە خۆی ئەو قۆناغبەندییە دەسەپێنێت. ئەو ڕێکخراوە سیاسییە کۆمۆنیستییانەی کە دەیانویست چالاکی بکەن و پەیوەست بن بە چینی کرێکاری عێراقەوە، لەڕێگەی زمانحاڵەکەیانەوە ویستوویانە لەگەڵ چینی کرێکاری عێراق و کوردستان بدوێن و هەوڵ بدەن ڕێگەی خەباتیان بۆ ڕۆشن بکەنەوە. قۆناغبەندی یان پۆلینبەندی ئەم بزاڤە لەگۆشەنیگای دۆخی سیاسی عێراق لە هەموو پۆلینبەندییەکانی تر مانا زیاتر پەیدا دەکات، ئەم قۆناغبەندییە بەپێی دۆخ و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی عێراق ، بەبۆچوونی من دەتوانێت ئاسانکارییەکی باش بێت بۆ خوێنەران تا لە گەشتی بەنێو نیو سەدەی ئەم بزاڤە، پۆتێنسیاڵ و وزەی خەباتکارانەی ئەو بزووتنەوەیە ببینن. بزاڤی ڕۆژنامەگەری ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێت.

قۆناغی یەکەم: قۆناغی سەرکوتی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس. لەم قۆناغەدا بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق سەرباری خۆپارێزیی جیددیی، بەڵام بەردەوام لەژێر مەترسی گرتن و تیاچووندا بووون. دۆخی بڵاوکراوەکانیش لەو قۆناغەدا تا بڵێی سادە و ناپرۆفێشناڵ بوو. بڵاوکراوەکان بە دەستنووس و کاغەزی ڕایز و ستێنسڵ و ڕۆنیۆی دەستیی بەرهەم دەهێنران. ئەم قۆناغە ( ١٩٧٥ – ١٩٩١). زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە لەئاستێکی سادەی ڕۆژنامەگەریدا بوون و دەرهێنانی هونەرییان لاواز بوو؛ نووسینەوەی بڵاوکراوەکان بە دەست و خەت، دوور لە هەر بەهرەمەندبوونێک لە چاپخانە و تابیعە و ڕۆنیۆ و بە دەرهێنانێکی هونەری زۆر لاواز و سادە و سەرەتایی، لەلایەکەوە مۆرکی قاچاخبوونی هەڵگرتبوو و لەلایەکی تریشەوە جوانی و ناشرینی دەست و خەتەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لە ڕاگرتنی میزاجی خوێنەر. ئەمە سەرباری ئەوەی هەڵسوڕاوان بەناچاری بەناوی وەهمی و نازناو دەیاننووسی و هیچیان بەناوی ڕاستەقینەوە بەرهەمەکانیان یان نووسینەکانیان بڵاو نەدەکردەوە ،(ناهەقیشیان نەبوو!). خوێنەر و کرێکاران بەردەوام لەگەڵ ناوی نەناسراودا بەریەککەوتنیان هەبوو و نەیان دەتوانی متمانە بەو ناوە نەناسراوانە بکەن. ئاخر ناوێکی تیا نەبوو پێشتر بیسترا بێت و خاوەن پرۆژەیەکی و مەعریفی و مێژوویەکی متمانەپێکراو بێت. بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان فەوتان و نەماون، مەگەر بە دەگمەن تاک و تەرا نەبێت. بەڵام لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان بەدوواوە فۆرمی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا هات و بەشێکیان بە تابیعە و ئیستینساخ بڵاوبوونەوە و نووسینەوەی بڵاوکراوەکان بە دەست و خەت تا ڕادەیەک بەرەو کەمبوونەوە و نەمان چوو.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١ه،واتە ( ١٩٩١ – ٢٠٠٣). بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستان، لەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیەدا بڵاوکراوەکانی بە ئامێری چاپکردن و لەبەرگرتنەوە (طابعة و استنساخ) بڵاودەکردەوە تا کار گەیشت بەوەی لە نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکان بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوە بەشێوەی نۆرماڵ و لە چاپخانە چاپ بکرێت. لەم قۆناغەدا ئیتر بڵاوکراوەکان ئاستێکی بەرزتر لە فۆرمە باوەکەی تابیعە و ئیستینساخ وەردەگرن. زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە ماون و دەست دەکەون. لەم قۆناغەدا نەمانی فەزای ئیستیبدا و سەرکوتی ڕژێمی بەعس و هاتنە ئاراوەی

هەلومەرجێکی بارگاوی بە ئازادی و هەروەها دەرچوون لە ژێرخانەکان و دەستکردنە کاری سیاسی ئاشکرا و هاتنەمەیدانی بزووتنەوەی شوورایی و ڕێکخراوە کرێکاریی و جەماوەرییەکان، زەمینەی ناساندن و جەماوەریبوونەوەی نەک هەر کادیرانی سیاسی، بەڵکو زەمینەی ناساندن و هاتنە مەیدانی زیاتری کادیرانی بواری ڕژنامەگەریش بوو.

قۆناغی سێیەم : قۆناغی دوای پرۆسەی ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣ - ٢٠٢٥)، قۆناغی ستانداردبوون و بەدیجیتاڵبوونە. ئیتر لەم قۆناغەدا بڵاوکراوەکان سنووری بەرتەسکەکانیان بڕیوە و پێیان ناوەتە نێو جیهانی میدیا و ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی هاوچەرخ و وەک هەر هێزێکی تری کۆمەڵگە سوودمەند بوونە لە تەکنەلۆجیای بەردەست و هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەوانی. هەلومەرجی سیاسی عێراق گۆڕانی بەسەردا هاتووە و فەزای ئازاد ناوەڕاست و باشووری عێراق دەگرێتەوە. بزاڤەکە ئەمجارە ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورستر دەبێتەوە چونکە خۆی لەبەرانبەر ئامێرێکی زەبەلاحی میدیایی بۆرژوازی و سەرمایەدارانداا دەبینێتەوە.

## توێژەکانی کۆمەڵگە و بزاڤی ڕۆژنامەگەری

دیارە نابێت مەسەلەی سیاسیبوونی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێی عێراق بەری ئەو ڕاستییەمان لێبگرێت کە بزووتنەوەکە هەر لە سەرەتاوە ئەو درکەی هەبووە کە چین وتوێژەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراق بەڕابەرایەتی چینی کرێکاری عێراق نەبێت، ڕزگاریان نابێت. بارودۆخی سیاسیش ڕۆڵی خۆی هەبووە لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە. بزاڤەکە لە سەرەتاوە گەرچی نەیتوانی هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستە هەڵبگرێت، بەڵام دوای ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بەتایبەتیش دوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١، ئیتر دەستی بۆ ئەو کارە بردووە و گەلێ بڵاوکراوەی تایبەت بە چین و توێژانە دەبینین، لەوانە:
یەک : لەبواری ئەدەبی و هونەریدا گۆڤارەکانی ڕابەر و نینا و زەنگی کرێکار و خەباتی نوێ و ئەدەبی کرێکاری و شەبەنگ و هانا دەبینین.
دوو : لەبواری خوێنکاران و قوتابیان بڵاوکراوەکانی دەنگی خوێنکاران و پەیامی نوێ دەبینین.
سێ : لەبواری خەباتی مامۆستایان و کێشەکانی پەروەردە ڕۆژنامەی مامۆستای ئەمڕۆ دەبینین.
چوار : لەبواری خەباتی یەکسانیخوازی ژنان ڕۆژنامەکانی یەکسانی و المساواة و نساء الانتفاضة دەبینین.
پێنج : لەبواری خەبات و ڕێکخستنی ئاوارەکانی کوردستان بڵاوکراوەی زەنگی ئاوارە دەبینین.
شەش : لەبواری کێشەکانی پەنابەران گۆڤار و بڵاوکراوەی فیدراسیۆن و ژیار و ڕوانین دەبینین.
حەوت : لەبواری هاوپشتی چینایەتی لەگەڵ چینی کرێکاری عێراق، گۆڤار و ڕۆژنامەی هاوپشتی کرێکاری دەبینین.
هەشت: لەبواری منداڵان و جیهانی منداڵاندا ڕۆژنامەی دنیای منداڵان دەبینین.
ئەم هەوڵانە نیشانەی خەمخۆریی و خۆ بەخاوەن کۆمەڵگە زانینی بزووتنەوەکەیە. ئەو بزووتنەوەیەی کە تا ساڵی ١٩٩١ تا لەتوانایدا بوو خۆی لەبەرچاوان دەشاردەوە تا نەکەوێتە بەر سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس، کەچی ئەمڕۆ دەیەوێت لە سەرجەم بوارەکان و کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەڵگۆ و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی خۆی بخاتە بەردەست چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراق.

## ئەنجام

بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق لە پێنج دەیەی ڕابردوو (١٩٧٥ – ٢٠٢٥)؛ بەگەلێ هەوراز و نشێوی سیاسی تێپەڕیوە و بەسەرەتایەکی سادە و ناڕۆشن و بێئەزموونییەوە دەستی پێکرد و توانی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق

**ئاڵوگۆڕ لەخۆیدا پێکبێنێت و هەنگاوەکانی گورجتر بکاتەوە و لەکاروانی خەباتی چینایەتی دوانەکەوێت. ئەم بزاڤە لە کاغەزی ڕایز و نووسینی دەستوخەتەوە تا دەگاتە جیهانی وەشانی دیجیتاڵ لەهەنگاونان بەردەوام بووە. تێکۆشاوە کرێکاران هۆشیار بکاتەوە و ڕێکیان بخات لەدەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان و ئاسۆیەکی ئینسانانە ببەخشێتە خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران. بەرگری سەرسەختی لە ژنان و منداڵان و مامۆستایان و پەنابەران و ئاوارەکان کردووە و برەوی بە ئەدەب و هونەرێکی شۆڕشگێرانەی چینایەتی داوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا نابێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو نەگرین کە ڕێکخراوەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە بە بڵاوکراوەکانیشیانەوە لەلایەکەوە بەردەوام لەژێر کاریگەری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و پاشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئێراندا بووە و هەروەها لەلایەکی ترەوە دژایەتی باڵ و ڕوانینە جیاجیاکانی خۆیان کردووە و لەبەرانبەر ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی تری هاوشانیان دەمارگیر بوونە و دوور لەهەر تۆلێرانس و یەکتر قەبووڵکردنێک، کەوتوونەتە شکاندن و ڕەتکردنەوەی یەکتر و ئەمەش هێز و وزەیەکی زۆری لێ بەفیڕۆ داون و ڕەوتی خەباتی خاوتر کردوونەتەوە و بەمەش سەنگەرەکانیان پەرتتر و هێزەکانیان لاوازتر بووە. (٧)**

## پەراوێز و سەرچاوەکان

**(١)لێرە جێی خۆیەتی ئاماژە بە کتێبی( مێژوویەک لە یادەوەری) لە ئامادەکردنی سالار ڕەشید و هەروەها کتێبی (مەلەکردن بەپێچەوانەی شەپۆڵ)ی ڕێبوار ئەحمەد بکەم کە وەک دوو سەرچاوەی بنەڕەتی سوودم لێیان بینیوە.**

**(٢)ف.ا.لینین، في الادب و الفن، ترجمة عن الروسية يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، دمشق سورية ١٩٧٢، ص ٩١.**

**(٣)تا ئێستا هیچ یاسا کارێک بەتایبەتی ئەوانەی دوای یاساکاری ژمارە یەکی ساڵی ١٩٥٨ نووسراون، هیچیان بە ئەندازەی یاساکاری ژمارە یەک نەیتوانیوە ماف و دەستکەوتە چینایەتییەکانی کرێکاران بەرجەستە بکاتەوە.**

**(٤)دوای ئەوەی بەعس لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتی گرتە دەست، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧١ بڕوانامەی کاری نیشتمانی ( میثاق العمل الوطني) دەرکرد و حیزبی شیوعیش لەگەڵ ئەم ڕژێمە دژە ئینسانییە چووە یەک بەرەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ شدا( بەرەی نیشتمانی میللی و پێشکەوتووخواز)یان ڕاگەیاند. بەعس توانی تۆڵەی مێژوویی لە حیزبی شیوعی عێراقی بکاتەوە و لە پەلوپۆی بخات و پەڕوباڵی بکات و ساڵی ١٩٧٨ حیزبی شیوعی ناچار دەبێت لە بەرەی نیشتمانی میللی و پێشکەوتووخواز بچێتە دەرەوە و شان بداتە بەر چەکداری و ئۆپۆزیسیۆن بوون.**

**(٥)دیارە دەبێت لێرەدا هەوڵەکانی سالار ڕەشید و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و ڕێبوار ئەحمەد و بەختیار مستەفا و موئەیەد ئەحمەد و ڕێبوار عارف و مزەفەری محەمەدی و تاد لەبەرچاوبگرین کە بە هەوڵەکانیان توانیویانە بەشێک لەو مێژووە بگێڕنەوە و بە ئەرشیفکردنی بسپێرن.**

**(٦)بۆ مێژوو ژنان و کچانی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ و بزووتنەوەی شورایی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، کە جگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، ئەوانەی ڕۆڵیان بینی لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری دیارترینیان بریتیبون لە**

**ناسک ئەحمەد و ئالا فەرەج و گۆنا سەعید و نادیە عەلی و کەژاڵ حەمەڕەشید و ساکار ئەحمەد و ڕێگا ڕەئوف و ..تاد و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقیش گەلێ ناوی تر هاتنە مەیدان لەوانە شیرین عەبدوڵا و یەنار محەمەد و ئەسیل ڕەماح و تاد.**

**(٧)بەداخەوە ئەمە دۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێیە لە عێراق و ئێران. بۆرژوازی جیهانیی تا دێت ملهوڕتر و دڕندانەتر ژیانی ملیارەها ئینسانی کردۆتە خزمەت سەرمایە و تەماحە بێکۆتاییەکانی خۆی، لەملاشەوە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمی زانستی و مارکسیزم لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە، بڕست لێبراوانە نەیتوانیوە وەڵام بە کێشەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی بداتەوە.**

## قۆناغبەندی بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نویێ لە عێراق

زنجیرەی بڵاوکراوەکان بەپێی قۆناغبەندییەک لە ئاڵوگۆڕی سیاسی کۆمەڵگەی عێراق، دەتوانێت وێنایەکی گشتیمان نیشان بدات لەوەی کە چۆن کێرڤی بزاڤی بڵاوکراوەکان ڕوو لەسەر ڕۆیشتووە. بزاڤی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نویێ لە عێراق کەوتووتە نێوان دوو سەدە و دوو هەزارەوە. بزاڤەکە لە سەرداب و ژێرزەمینەکانەوە دەست پێدەکات و پێبەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان ئەو سنوورە بەرتەسکەی گەڕەک و شارەکان دەبڕێت و دەگات بە دجیتاڵبوون و جیهانیبوون. ئەم گۆڕانکارییە دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگەی عێراق و جیهان. کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕە بووە هۆی ئاڵوگۆڕ لە نەریت و شێوازی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان، لە کاغەزی ڕایز و دەستخەتەوە بۆ بالاترین شێوازی دیجیتاڵ. بۆیە قۆناغبەندی بڵاوکراوەکانم بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا دابەشکردووە.

قۆناغی یەکەم : ١٩٧٥ — ١٩٩١

قۆناغی دووەم : ١٩٩١ — ٢٠٠٣

قۆناغی سێیەم : ٢٠٠٣ - ٢٠٢٥ یان تا ئەمڕۆ

لێرەوە تێدەکۆشم زنجیرەی بڵاوکراوەکان بەپێی قۆناغەکان دابنێم و نیشان بدەم.

## قۆناغی یەکەم

## قۆناغی سەرکوتی ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعس

(١٩٧٥- ١٩٩١)

ئەم قۆناغە، ئەو بڵاوکراوانە دەگرێتەخۆ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی دژە ئینسان لەژێرخان و شوێنە نابەرچاوەکان ئامادەکراون بۆ بڵاوکردنەوە، کە زۆربەیان بە دەست لەسەر کاغەزی ڕایز دەنووسرانەوە و بە کاربۆن لەبەری دەگیرایەوە. هەندێکیشان بە ئامێری تابیعە تایپ دەکران و بە ڕێگە زۆر سادەکەی ستێنسڵ و ڕۆنیۆی دەستیی ئامادە دەکران. بەشێک لە بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە بەداخەوە نەماون و فەوتاون یان بەردەست نین.(*)

---

(*) لەجیاتی وێنەی هەر بڵاوکراوەیەک کە بەردەست نییە، تابلۆی ڕۆژنامەم داناوە.

## پاکێجی قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراقی

حیزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٦٧ دووچاری جیابوونەوە و لێکترزان بووەوە و باڵێکی بەناوی حیزبی شیوعی عێراقی قیادەی مەرکەزی لە ١٧ ی ئەیلوولی ١٩٦٧ لێجیابووەوە. ئەم باڵە ڕەخنەی سیاسییان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی دەگرت و بەوە تاوانبارییان دەکردن کە لە هێڵی (فەهد) لایان داوە و سیاسەتی تەسلیمخوازییان لەبەرانبەر دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف و بەعسییەکان گرتووەتەبەر. باڵی قیادەی مەرکەزی لەڕووی میتۆد و بەرنامەوە هەر هەمان حیزبی شیوعی عێراقییە. ئەم جیابوونەوەیە چەندین جیابوونەوەی تری بەشوێندا هات وەکو جەماعەتی مینبەر (جماعة المنبر). (*) ئەم ڕەخنەگرتنە لە حیزبی شیوعی عێراقی لە پرۆسەیەکی درێژدا گەلێ کەس و لایەنیتر کەبروایان بە مارکسیزم هەبوو ژێر باڵی حیزبی شیوعی عێراقی هێنایە دەرەوە و پەیوەست بوون بە گروپ و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و کوردستان، کە ئێمە بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ ناوزەدیان دەکەین.(**)

---

(*)طارق اسماعيل استاذ العلوم السياسية في جامعة كالگاري – كندا، موقع اكاديميا العربية، جماعة المنبر و الحركة الشيوعية العراقية : قراءة تاريخية راهنة لبعض اجنحة الحركة الشيوعية. https://academia-arabia.com/en/reader/2/78198

(**)لەوانە ڕێکخراوی( عصبة تحرير الطبقة العاملة ) کە فارس مەحموود و سەمیر عادل و نادیە مەحموود هەڵسوڕاوی دیاری بوون و لە ساڵی ١٩٩٣ بوون بەبەشێک لە پێکهاتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.

(١)

### وحدة القاعدة

### بڵاوکراوەی قیادەی مەرکەزی جیابووەوە لە حیزبی شیوعی عێراقی

### بە زمانی عەرەبی



ئەم بڵاوکراوەیەی باڵی قیادەی مەرکەزی جیابووەوە لە حیزبی شیوعی عێراقی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٧. جەبار مستەفا دەڵێت (بڵاوکراوەی "وحدة القاعدة"(کە تا کاتی گرتنمان(ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧) دوانزە ژمارەی لێ بڵاوکرابووەوە و من خوێندبوومنەوە)(١) هەروەها دەڵێت (کاتێک ئێمە وازمان لە کۆمەڵە هێنا، قیادەی مەرکەزی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نەمابوو.چونکە ئەوبەشەی کە لەکوردستان چەند ئۆردووگا و بنکەیەکیان هەبوو، لەگەڵ ئاشبەتاڵی پارتیدا خۆیان ڕادەستی ڕژێمکردەوە. بۆ چەند ساڵێک دوای ئەوە، واتە، لە ساڵی١٩٧٦وە ڕۆژنامەی "وحدة القاعدة" دەرچوو، کە ئەرکە سەرەکییە ڕاگەیەندراوەکەی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی قیادەی مەرکەزی دانابوو. لەو ژمارانەی کە من فریایان کەوتم،کە بیانخوێنمەوە،لەسەر ناکۆکییەک لەنێوان یەکێک لە نووسەرە سەرەکییەکانیڕۆژنامەکە(بەناوی "عادیل"وە بابەتی دەنووسی، کە وابزانم، ئەو کەسە فازیلی مەلا مەحموود بوو) و چەند نووسەرێکی تر،لەسەر مەسەلەی ناساندن یان سروشتی ڕژێمی ئەوسای بەعس بوو.لایەنێک ڕژێمیان بە نیمچە دەرەبەگی- نیمچە داگیرکراو دەناساند و شۆڕشی داهاتووی عێراقیان بە شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی بە ڕابەریی چینی کرێکار دەزانی. لایەنەکەی تر ڕژێمیان بە سەرمایەداری و شۆڕشیان بە شۆڕشی سۆسیالیستی دەزانی. پەیوەندییەکانی ئێمە زیاتر لە ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون دابوون و زیاتر لە ڕێگای هاوڕێیان ئازاد جەلال و سەلاح حوسێنەوە بوو. کاتێک هێرشی گرتنەکانی ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێکرد، ئازادو سەلاح دوای چەند مانگێک ڕوویان لە ئەوروپا کرد و پەیوەندیمان نەما.پاشماوەیەک دووبەرەکی کەوتە نێو ڕێکخراوی "وحدة القاعدة"وە و بوون بە دوو بەشەوە.)(٢)

هەروەها لەناوەڕاستی حەفتاکان گروپێک لەناو حیزب سەریانهەڵدا بە ڕابەری عادل عەبولمەهدی و بڵاوکراوەیەکی دەوریان دەردەکرد بەناوی ( وحدة القاعدة).(٣)

---

(١)و (٢)سالار ڕەشید ، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ٤٩ و ٥٠ و ٥١.

(٣)الحزب الشيوعي العراقي – القيادة المركزية ويكيبيديا الموسوعة الحرة https://ar.wikipedia.org/wiki

(٢)

**مواقف(*)**

## رۆژنامەی ڕێکخستنەکانی ئەوروپای قیادەی مەرکەزی جیابووەوە لە حیزبی شیوعی عێراقی
## بە زمانی عەرەبی


مواقف

**سەنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەزانراوە.**

**ڕۆژنامەی ( مواقف)؛ ڕۆژنامەی ڕێکخستنەکانی ئەوروپای حیزبی شیوعی عێراقی – باڵی جیابووەوەی قیادەی مەرکەزی بووە و دروشمی حیزبی شیوعی نەک حیزبی سۆشیال دیموکرات بەرز کردبووەوە.**

---

**(١) لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگێراوە.**

**(*) نازانرێت کە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوتەوە.**

(٣)

## راية الشعب

## ڕۆژنامەی ناوەندیی ڕێکخراوی مارکسی لینینی عێراقی


راية الشعب

نص بيان الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية:

الجبهة هي البديل الديمقراطي للفاشية

**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نازانرێت**

**ڕۆژنامەی راية الشعب ؛ڕۆژنامەی ڕێکخراوی مارکسی لینینی عێراقی بوو و لە کۆتایی دەیەی هەفتاکان و سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە.(١)**

---

(١)**لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

(*)**ئەم ڕۆژنامەیە بەناوەکەی دیارە کە ئاڕاستە سیاسییەکەی دوورە لە ئاڕاستەی سیاسی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق.**

(٤)

## الاساس

## ڕۆژنامەی دەنگی شیوعییە شۆڕشگێرە عێراقییەکان




سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەزانراوە.
ڕۆژنامەی الاساس بەزمانی عەرەبی لە کۆتایی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن شیوعییە شۆڕشگێرە عێراقییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. ژمارە سێی ڕۆژنامەی الاساس لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە. لەسەری نووسراوە (ئەی کرێکاران و گەلانی ستەملێکراوانی دنیا، یەکگرن!) و هەروەها دروشمی ( نیشتمانی ئازاد و گەلێکی بەختیار) بەرز کردۆتەوە. (١)(*)

---

(١)لاپەڕەی فەرمی فەیسبووکی شیوعییە شۆڕشگێڕە عێراقییەکان
(*)لێرەدا دروشمە سیاسییەکە هەمان دروشمی حیزبی شیوعی عێراقییە.

## کۆتایی پاکێجەکە

ئەم پاکێجە گەرچی تەنها چوار بڵاوکراوەی سیاسی لە خۆ گرتووە، بەڵام من بە دروستم نەزانی فەرامۆشییان بکەم، ئەویش لەبەر ئەوەی :
یەکەم : بێ گوێدانە ئەوەی کە ڕەنگە بڵێن حیزبی شیوعی عێراقی و قیادە مەرکەزی چ پەیوەندییەکیان بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراقدا هەیە. من پێموایە هەر لە پرۆسەی ڕەخنە گرتن لە سیاسەتەکانی حیزبی شیوعی عێراقی کە پرۆسەیەکی درێژە، چەندین کادیری سیاسی توانیبویانە خۆیان لەو تەپوتۆزە فیکرییە سیاسییە ناسیونالیستە ستالینییەی حیزبی شیوعی عێراقی ڕزگار

**بکەن و پەیوەست بن بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نویٚ لەعیٚراق. لەوانە(عصبة تحریر الطبقة العاملة ) کە دواتر بوون بەبەشیٚک لە پیٚکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کریٚکاری عیٚراق.**
**دوو : خودی بلاٚوکراوەکانی حیزبی شیوعی عیٚراقی بەجۆریٚک لە جۆرەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر بلاٚوکراوە کۆمۆنیستەکان. لەم گۆشەنیگایەوە ئاگاداربوون لەم بلاٚوکراوانە، ئاگاداربوونە لەو زەمینەیەی کە پاشخانی ڕۆژنامەوانی هەندیٚ کادیر و لایەنی سیاسی پیٚکدەهیٚنیٚت کەدوواتر پەیوەستبوون بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نویٚ لە عیٚراق.**

(٥)

## ڕەنجدەران
## بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان



**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**ژمارە یەک و دواژمارەی لە ساڵی ١٩٧٦ دا لێ بڵاوکراوتەوە. عوسمان محەمەد کەریم دەڵێت (بەڵێ! ڕێکخراوی ڕەنجدەران بڵاوکراوەیەکی بە نێوی "ڕەنجدەران"ەوەهەبوو، کە تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە ئیتر بەهۆی شاڵاوی گرتنەوە ئەم ڕێکخراوە هیچی بەسەر هیچەوە نەما. بڵاوکراوەی ڕەنجدەران نە سەرنووسەر و نە دەستەی نووسەرانی هەبوو. تەنانەت نووسەریشی نەبوو، بەتەنها ئیبراهیم خەلیل خۆی بەئامێری ڕۆنیۆ ڕایدەکێشا و بڵاوی کردەوە دەری ئەکرد. چونکە لەو هەلومەرجە مێژووییەدا ئەو کەسانەی کە دەستی نووسینی سیاسییان لە بزووتنەوەی چەپدا هەبوو، زۆر کەم بوون. ئەمەش نەک بە تەنها لە کوردستان،بەڵکوو لە سەرتاسەری عێراقیش هەر بەو جۆرە بوو. ئەم مەسەلەیەش هۆکاری زۆری هەبوو، کە لێرەدا جێگای باسکردن نییە. وتار و نووسینەکانی بڵاوکراوەی ڕەنجدەران ئەوەندەی لەبیرم مابێ، تەشهیری شەخسی و ڕەخنەی غەیرە سیاسی لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بوون. لاپەڕەکانیشی بە ئامێری ڕۆنیۆی دەستکرد ڕاکێشرابوون، کە ئیبراهیم حەسەن خۆی دروستی کردبوو و چەند وێنەیەکی داس و چەکوش و کرێکاری بازوو ئەستووری تێدا بوو، زۆر بەجوانی کێشرا بوون. لە سەر ئەم وێنانەش لاوێکی خوێنگەرم بە ناوی ئەحمەد خدر، کە خوێندکاری زانکۆ بوو، لە سێدارە درا. ئەوەندەی من پرسیارم کردبێ لەو کەسانەی کە دۆست و لایەنگری ئەم ڕێکخراوە بوون، تاقە یەک ژمارەشی لای کەس نەماوە.(١)**

---

**(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ١١.**

(٦و ٧)

## کار و العمل

## ڕۆژنامەی کار؛ ئۆرگانی گروپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق / ڕێکخراوی کار

## بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی




**ڕۆژنامەی کار؛ ئۆرگانی گروپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق / ڕێکخراوی کار**

**ڕۆژنامەی کار وەک ئۆرگانی ڕێکخراوی کار بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. سەرنووسەری نەبووە. بەڵام دەستەی نووسەرانی بریتی بووە لە مەلا ڕەئوف و زاهیر باهیر. بڕیار بووە مانگانە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ڕێکخراوە و هەڵسوڕاوەکانی نەتانتوانیوە مانگانە ئۆرگانەکە دەربکەن. ئەم گۆڤارە سیانزە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

**جريدة العمل – لسان حال فصيلة ماركسية لينينية عراقية ) زمانحاڵی گروپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق. ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی عەرەبی بڵاودەکرایەوە. سەرنووسەری نەبووە و دەستەی نووسەرانی بریتیبوون لە ئیبراهیم و لەتیف و تەیب. دوانزە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە یەکی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ دا بڵاوکراوەتەوە.**

**دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کار و العمل بەمجۆرە باسی بڵاوکراوەکە دەکەن :**

**زاهیر باهیر و ئیبراهیم و مەلاڕەئووف وەک نووسەرانی ڕۆژنامەکانی کار و العمل بەمجۆرە باسی بڵاوکراوەکە دەکەن: ڕۆژنامەی "کار" و "العمل"، بە کوردی و عەرەبی دەردەچوون.خۆی بڕیاربوو،هەموو مانگێک جارێک دەربچێ،بەڵام بەهۆی باری ئاسایش و سەرقاڵیی هاوڕێیان، بۆمان نە دەلوا، بەو شێوەیەی کە بڕیار بوو، دەری بکەین. هیچ کامێکیان سەرنووسەری نەبوو ودەستەی نووسەرانیش بریتی بوون لە: برایم، لەتیف و تەیب بۆ عەرەبی، مەلاڕەئوف و زاهیریش لە کوردییەکەیدا دەیان نووسی.زۆربەی جاریش وتارەکانی کارو**

"العمل" هەر یەک بوون، یان لە کوردییەکەوە دەکرا بە عەرەبی، یان لە عەرەبییەکەیەوە بۆ کوردی وەردەگێڕرا. تەنها ناوی ئەو وتارانە دەنووسران، کە لە لایەن خەڵکی ترەوە بنووسرایە.

بابەتەکانی، ئەوەندەی بێتەوە یادمان، سەبارەت بە جەنگی عێراق و ئێران، ئیسلام، ڕژێم و شێوەی فەرمانڕەواییەکەی، ئابووری عێراق، مەسەلەی نەتەوایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، بەرنامەی لایەنی خواروو، داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیلەوە، مەسەلەی فەلەستینییەکان، بێکاری و بارو دۆخی ژیانی ئەو کاتەی خەڵک لەگەڵ بابەتی تیۆریدا. ئەوەندەی بزانین سیانزە ژمارەی کار و دوانزە ژمارەی "العمل" دەرچوون. پێمانوایە، هەندێک ژمارەی هەردووکیان لە کوردستان دەست بکەوێت. بەداخەوە کە نازانین بۆ هەر ژمارەیەک چەند کۆپیمان ڕادەکێشا. ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥ی "العمل"، کە هەمووی لە یەک بەندداپە و لەنێوانی ١٩٨١_١٩٨٢دا دەرچوون، لەلای زاهیر هەیە. کاری دیزاین هەمووی لەسەر برایم بوو، هەر ئەویش بە یارمەتیی نەژاد،کە هاوڕێیەکی تر بوو، لە سەر کاغەزی ستێنسڵ چاپی دەکرد و دواتر بە ڕۆنیۆیەکی دەستکرد ڕاماندەکێشا و کە تەواو دەبووین، دەمان سووتاند. ڕەنگە لە کوردستان ژمارەکان مابێ.(١)هەروەها زاهیر باهیر دەڵێت ( ڕۆژنامەی کار لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان تا ناوەڕاستی هەشتاکان لە ڕێکخراوی کار دەرمان دەکرد.)(٢)

---

(١)سالار ڕەشید ، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١٥، لاپەڕەکانی ١٢٨ و ١٢٩.

(٢)وەڵامنامەی زاهیر باهیر بەپرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم پڕۆژەیە.(*)

(*) گەرچی زاهیر باهیر بەداوای بەخشینەوە تەنها وەڵامنامەیەکی کورتی بۆ ناردم ، بەڵام لە وەڵامنامەکەیدا دوو زانیاری گرنگی باس کردووە. یەک، بڵاوکراوەی کار ڕۆژنامە بووە. دوو، کاتی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی کۆتایی دەیەی حەفتاکان تا ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان بووە.

(٨)

## خەباتی پرۆلیتاریا

## بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خەباتی پرۆلیتاریا



**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**زاهیر باهیر و ئیبراهیم و مەلاڕەئوف دەڵێن (ئەوەندەی ئێمە بزانین، هەتا ماوەیەک دوای هاتنی ئێمەیش بۆ ئەورووپا، ئەوان(واتە گروپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق / ڕێکخراوی کار ) هەر بە ناوی هەمان ڕێکخراوەوە کاریان دەکرد، بەڵام دواتر لەگەڵ گرووپێکی تردا یەکیان گرت و بەناوی "خەباتی پرۆلیتاریا" وەبەردەوامییان بەکاری خۆیان دا و بڵاوکراوەکەشیان هەر بەو ناوەوە بوو.)(١)**

---

**(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٣٢.**

(٩)

## یەکێتیی تێکۆشان

## گۆڤاری ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران



**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**بەختیار مستەفا دەڵێت (کاتێک لەناو کارگەراندا بووین ، گۆڤارێکی ناوخۆیی بەناوی پێم وایە "یەکێتی تێکۆشان"ەوە دەرچوو ، تەنها دوو ژمارەی دەرچوو.)(١)**

**نادر عەبدولحەمید دەڵێت (لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەرچوو. ئەو بڵاوکراوەیە لەو ڕووەوە هاتەئاراوە، کە کادران و ڕێکخستنەکانی کارگەران لە بۆچوون و تێز و تیۆرییە جیاوازەکان ئاگادار بکاتەوە. تا هەم کادرەکان بەشداری ئەم دیالۆگە ناوخۆییە بن و هەم لەو ڕێگەیەشەوە ڕێکخراو بە تیۆرییەکی فکری و سیاسیی هاوئاهەنگ بگات. ئەو بڵاوکراوەیە نیوە عەلەنیش بوو، چونکە زیاتر بۆ باس و لێکۆڵینەوە و ئەفکار و بۆچوونی جیاواز لەگەڵ هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی نارەزایەتییەکان دژی ڕژێمی بەعس تەرخان کرابوو.)(٢)**

**هەروەها نادر عەبدولحەمید دەڵێت (هاوڕێ سادق عەزیز ئەڵێت ، تا ئەم ساڵانەی دواییش لە ئەرشیفی هاوڕێ جەمیل ئەمین (یادی بەخێر) دوو دانە لەو بڵاوکراوە ناوخۆییەی هەبووە)(٣)**

---

**(١)لە وەڵامی بەختیار مستەفا عارف بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)و (٣)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٠٤.**

(١٠)

## الشغيلة

## بڵاوكراوەی ڕێكخراوی یەكێتیی تێكۆشانی كارگەران(*)

## بەزمانی عەرەبی



لەنیوەی یەكەمی دەیەی هەشتاكان، ئەڵقە ڕۆشنبیرییەكانی ڕێكخراوی یەكێتیی تێكۆشانی كارگەران بڵاوكراوەیەكیان بەناوی ( الشغيلة ) بە زمانی عەرەبی لە شارۆچكەی هەڵەبجە، بڵاو دەكردەوە. (١)

---

(١)لە وەڵامی حەسەن سەید باقی بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

(*) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

(۱۱)

## ڕێبازی زەحمەتکێشان

## گۆڤاری ڕێکخراوی بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان(بەرزە)



ئەم گۆڤارە سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە، بەڵام نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا سەرپەرشتیاری سەرەکی بووە.
نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا دەڵێت( بە دوای ئەوە لە ساڵی ۱۹۸۳ دا گۆڤاری "ڕێبازی زەحمەتکێشان"مان دەرکرد، کە تا سەرەتای ساڵی۱۹۸۵ وابزانم سێ ژمارەی لێ دەرچوو. پێم وایە، ژمارەی دووەمیان تایبەت بوو بە مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووس و مەسەلەی ڕێکخراوی سەرتاسەری (عێراق) و کوردستانی و پەیوەندیی پاشکۆیەتی و ژێردەستەیی قەومی و ئەگەر و ڕێگاکانی چارەسەری مەسەلەی قەومی لە عێراقدا.)(۱). هەروەها ئەجمەدین فەقێ عەبدوڵا دەڵێت (سەرەنجام ئەو گۆڤارەش کە دەرمان ئەکرد، واتە، ڕێبازی زەحمەتکێشان هەر بەتەنها خۆم دەرم ئەکرد و یەک حەرف لە لایەن هیچ کەسێکەوە نەنووسرایەوە. لە ماوەی ساڵێکدا (تا هاوینی ساڵی ۱۹۸۵) سێ ژمارەم لێ دەرکرد. ) (۲)(*)
هەورەها نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا لە وەڵام بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە دەڵێت (ئەوەی ڕاستیبێت ئەو کاتانەی ئێمە لە نێوان ساڵانی ۱۹۷۹ - ۱۹۸۵ لە بەرزەدا کارمان کرد و هەڵوەشایەوە، کە خۆم بەرپرسیاری یەکەم بووم تیایدا، هیچ بڵاوکراوەیەکی جێگیر و مونەززەممان نەبووە، بەڵکو هەموو بابەت و نووسراوەکانمان بە تاک تاک و سەربەخۆ لە شێوەی بەیاننامە و شێوە دیراسە و تەحلیلی بابەتی جۆراوجۆری پێویست بۆ ئەو هەلومەرجانە نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە. واتە شتێکمان نەبووە لە چوار چێوەی ڕۆژنامە و هەفتە و مانگنامە . تەنها لە نێوان ۱۹۸٤ - ۱۹۸۵ نەبێت کە بەناوی گۆڤاری بەرەی زەحمەتکێشانەوە دوو ژمارەمان بڵاو کردەوە کە لە پلینیۆمی مانگی ئابی ۱۹۸٤ ی بەرزەدا بڕیاری دەرچوواندنی خرابووە ئەستۆی من. دیارە هەموو نووسراوەکانی ئەو سەردەمەمان بە تایپی ئاسایی و بە کاربۆن تایپ ئەکرد و پێنج شەش نوسخەی تایپکراومان لێئەکرد و ئەماننارد بۆ هێڵە سەرەکییەکانی ڕێکخستنەکانمان و لەوێوە بە دەست لەبەریان ئەنووسییەوە. زۆر بەداخەوە ئێستا هیچ دەقێکی ئەوساڵانەم لەلا نەماوە و زۆر هەوڵمداوە لە ڕێگای هاوڕێ کۆنەکانەوە شتێکم دەستکەوێتەوە ، بەڵام بێهوودە بوو)(۳)

---

(١)و (٢)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٤١ و ١٤٢ و ١٤٨.
(٣)لە وەڵامی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە : ئەوەی لێرە جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا هەر لەو دیدارە و هەر لەو سەرچاوەیەی سەرەوە ساڵی دەرچوونی گۆڤاری(ڕێباری زەحمەتکێشان) بەدوو مێژووی جیاواز دەنووسێت. جارێک ساڵی ١٩٨٣ یە و جارێکی تر هاوینی ١٩٨٤ە. بۆیە بۆ ساغکردنەوەی ساڵەکە پەیوەندیم بە نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا وە کرد و ئەویش لەپەیامێکدا لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤دا جەغدی لەوە کردەوە کە ساڵی ١٩٨٤ گۆڤاری ڕێبازی زەحمەتکێشان بڵاوبۆتەوە. هەروەها دوو ژمارە لە گۆڤارەکە بڵاوبۆتەوە نەک سێ ژمارە. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا دەڵێت (هەروەها دڵنیام کە دوو ژمارەمان لێی دەرکرد ، بەڵام بۆ ژمارەی سێهەم تەواو دڵنیانیم ، چونکە پێدەچێت لە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی بەرزەدا بووبێت و بەدەستی کەس نەگەیشتبێت و وەک ئەوە وایە دەرنەچووبێت ). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم ژمایەرەیەی کە وێنەیەکەیم لەسەرەوە داناوە نووسراوە ژمارە ٥ ی ساڵی ١٩٨٠. من ئەم وێنەیەم بۆ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا نارد و هیچ سەرنجێکی نەبوو. بۆیە یان دەبێت ئەم وێنەیە دروستکراو بێت یانیش دەبێت ئەو مێژووەی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا باسی دەکات هەڵە بێت.

(١٢)

## هەنگاو

## بڵاوکراوەی ناوخۆیی ڕێکخراوی بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە)



**سەرنووسەری نەبووە.**

**دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا دەڵێت ( لە لایەکی دیکەوە هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا لەسەر پێشنیاری من، خالید مەجید (ناسراو بە دکتۆر خالید) کە کادرێکی هەرە چالاکی بەرزە بوو، لەسەر ئاستی شاری کەرکووکدا دەستپێشخەری بۆ دەرکردنی بڵاوکراوە یان گۆڤارێکی ناوخۆیی بە ناوی "هەنگاو"ەوە،کرد، کە تایبەت بە ئەندامانی بەرزە بوو. هەر هاوڕێیەک بابەت و بیروبۆچوونی خۆی هەبووایە، لەوێدا بڵاو دەکرایەوە. ئەو بڵاوکراوەیە ڕەنگدانەوەی دیموکراسییەکی ناوخۆیی بوو، کە تا ئەو دەمە نموونەی نەبوو. ئەگەرچی بەناکامیش مایەوە و پاشان بەبێدەنگی هەر وەکوو چۆن بەرزەهەڵوەشایەوە، هەڵوەشایەوە. ) (١)**

---

**(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٤٢.**

(١٣)

## سۆسیالیزم یان بەربەری
## بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستییە




سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

سۆسیالیزم یان بەربەری؛ بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بووە، بە قەبارەی ئەی پێنج، لە وڵاتی سوید دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە مانگی ئابی ١٩٨٥ و دووەم ژمارەی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە. ناوی کەسی لەسەر نییە. ژمارە یەک تەنها چوار پێنج بابەتی درێژی سیاسی تێدایە. بەداخەوە نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.(١)

---

(١)ئەم زانیارییانەم لەلایەن ئیسماعیل تەنیای نووسەرەوە لەرێگەی ماسنجەری فەیسبووکەوە بەدەست گەیشتووە.

**(١٤ و ١٥)**

**كۆمۆنیزم / الشیوعیة**

**بڵاوكراوەی گروپی كۆمۆنیستی ئێنتەرناسونالیست**

**نشرة فصيل الشيوعي العالمي**






**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**بڵاوكراوەی كۆمۆنیزم؛ وەک ئۆرگانی كۆمۆنیستی ئەنتەرناسیونالیست، ژمارە یەكی لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ دا بڵاوبۆتەوە. كۆمۆنیزم دروشمی ( دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی كاری گرێگرتە )ی لەسەر ڕووپەڕی بەرگی بڵاوكراوەكە نووسیوە. هەروەها نووسراوە [( [(Central Review of the ICG(International communist Group(١)**

**بەڵام الشيوعية بەزمانی عەرەبی بەسەرپەرشتیاری ئەنوەر نەجمەدین و عادل محەمەد لە ئەوروپا لەناوەڕاستی دەیەی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بڵاوكراوەتەوە. ئەنوەر نەجمەدین دەڵێت (لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاكاندا لەگەڵ هاوڕێ (عادل محەمەد) لە - ) Internationalist Communist Group (ICG - گروپی كۆمۆنیستی ئینترناسیۆنالیست - فصيل الشيوعي العالمي) كارمان دەكرد. ئەو گروپە لە فەرەنسا و بەلجیكا و ئەمریكای لاتین و چەند وڵاتێكی تردا بوونی هەبوو، گۆڤارێكیشی دەردەكرد بە ناوی-Communism) كۆمۆنیزم) بە زمانەكانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیسپانی، پورتوگالی، عەرەبی و كوردی. لەگەڵ هاوڕێ (عادل محەمەد) سەرپەرشتیی چاپی عەرەبی ئەو گۆڤارەمان دەكرد و شەش ژمارەیمان بە تابعەعە لێدەركرد) (٢)**

(١)لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(٢)لە وەڵامی ئەنوەر نەجمەدین بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە کەلە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە.
https://www.facebook.com/anwar.nori

## پاکێجی ئاڵای شۆڕش

ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش (ئاش) وەک بەشێک یان ڕەوتێک لە هەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کۆردستانەوە سەری هەڵدا. بنەماکانی تێڕوانین و ئایدیۆلۆژیای ئاڵای شۆڕش هەر هەمان بنەما و تێڕوانینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(کۆڕەک) بوو. واتە هەردوو ڕێکخراوەکە سەربە یەک ئایدیۆلۆژیا بوون کە ئەویش بۆرژوا ناسیونالیست بوو. بەڵام ئەوە هانیدام بڵاوکراوەکانی (ئاش)لێرەدا دابنێم ئەوەیە کە وەکچۆن بزووتنەوی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ لە ئەنجامی ڕەخنەی جیددی چینایەتی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هاتە مەیدان، ئاڵای شۆڕشیش لە ئەنجامی ڕەخنەی سیاسی لە کۆمەڵە هاتە بوون و خۆی وەک چەپ و بەشێک لە بزووتنەوەی چەپ نمایش کرد و سەرەنجامیش هەر بە دەستی هاوسەرنگەر و هاوخەمە چینایەتییەکانی خۆی لەڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە سەرکوتکرا.

(١٦)

### ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش(*)
### جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان


ئالای شۆرش

سەرنووسەر یان سەرپەرشتیاری جەریدە : شاسوار جەلال( ئارام)

ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش یان وەک لەسەری نووسراوە جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانە، ژمارە یەک لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەیەکە، تەنها یەک ژمارەی لێدەرچووە. شاسوار جەلال(شەهید ئارام) سەرنووسەری یان سەرپەرشتیاری بووە، ئەم ژمارەیە لە گوندی گۆڕبازی قەرەداغ دەرچووە. لە هەشت لاپەڕەی فولسکاب پێکدێت، بابەتەکانی بە تایپی دەستی تایپکراون و بە ڕۆنیۆ ١١٤ دانەی لێ ڕاکێشراوە. ڕۆژنامەکە گوزارشت لەجیهانبینی مارکسیستەکانی کوردستان و تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی ڕزگاری نیشتمانی دەکات. بابەتەکانی ژمارە دووی ئامادەی چاپ بوون بەڵام بە هۆی گیانبەختکردنی (شاسوار جەلال - ئارام)ەمەوە هەرگیز نەدۆزرایە و نە بڵاوکرایەوە.(١)

---

(١)سایتی کوردیپیدیا https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20160102232724128874&lng=1

( * ) لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(١٧)

## ئاڵای شۆڕش
## گۆڤاری ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش




پشکۆ نەجمەدین دەڵێت (گۆڤاری ئاڵای شۆڕش، لەساڵی ١٩٨٥دا کە تەنیا ژمارەیەکی لێ چاپ کرا و ئەوی بیرم بێتەوە، مەلابەختیار، شێخ عەلی، بەندە و دەبێ دوو سێ برادەری دیکەیش وتاریان تێدا نووسی بێت. ئێمە خۆمان تایپ و ڕۆنیۆمان هەبوو و بۆ چاپکردن بەکارمان دەهێنان.)(١)

---

(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ٢٠٠.


(*)لەئەرشیفی مەلا ڕێباز، وەرگیراوە.

(١٨)

## هەڵوێست

## گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیرییە

## لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش



ژمارە یەک لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦ و ژمارە دووێ لە ئازاری ١٩٨٦دا، بڵاوکراوەتەوە. (١)

---

(١)ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش لە چوار بەرگدا بڵاودەکرێتەوە. لیژنەی پرۆژەی لەچاپدانی ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش. بڕوانە سایتی چاودێر ٢٠٢٣/٤/٤.

(*)لەئەرشیفی مەلاڕێباز، وەرگیراوە.

(١٩)

## دەنگی کرێکار

### گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیرییە لەلایەن کۆمیتەی سلێمانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە بڵاوکراوەتەوە


دەنگی کرێکار

گۆڤاری دەنگی کرێکار، ژمارە یەک، بێ مێژوو(*)، گۆڤاری دەنگی کرێکار، ژمارە دوو، بێ مێژوو، گۆڤاری دەنگی کرێکار، ژمارە سێ، ئابی ١٩٨٧، گۆڤاری دەنگی کرێکار، ژمارە چوار، کانوونی یەکەمی ١٩٨٧،بڵاوبوونەتەوە. (١)

---

(١)ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش لە چوار بەرگدا بڵاودەکرێتەوە. لیژنەی پرۆژەی لەچاپدانی ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش. بڕوانە سایتی چاودێر ٢٠٢٣/٤/٤

(*) لەسەر بەرگی ژمارە یەک بە قەڵەم جاف نووسراوە ٢١-٣-١٩٨٦

(٢) لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(٢٠)

## پەیامی کرێکاران
## گۆڤاری ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش



گۆڤاری پەیامی کرێکاران، ژمارە یەک، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ژمارە دوو، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ژمارە چوار، ئابی ١٩٨٩.(١)

---

(١)ئەرشیفی ئالاَی شۆڕش لە چوار بەرگدا بڵاودەکرێتەوە. لیژنەی پڕۆژەی لەچاپدانی ئەرشیفی ئالاَی شۆڕش. بڕوانە سایتی چاودێر https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=37466&cor=15&related=2 ٢٠٢٣/٤/٤

(٢١)

## گۆڤاری نۆژەن

## گۆڤاری ڕێکخراوی ئالاَی شۆڕش



ژمارە یەک زستانی ١٩٩١. (١)

---

(١)ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش لە چوار بەرگدا بڵاودەکرێتەوە. لیژنەی پرۆژەی لەچاپدانی ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش. بڕوانە سایتی چاودێر ٢٠٢٣/٤/٤

**(٢٢)**

## هەواڵنامەی ئاڵای شۆڕش
## لیژنەی سەرپەرشتی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
## ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش


هەواڵنامە

**لیژنەی سەرپەرشتی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش دەریدەکرد. ژمارە ۱ کانوونی یەکەمی ١٩٨٥.** (١)

---

(١)**بڕوانە سایتی کوردیپیدیا**
https://www.kurdipedia.org/files/books/2021/398114.PDF?ver=132834747650000000

**کۆتایی پاکێجەکە**

**ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش کەلەهەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەدایک بوو، هەمان میتۆد و ئەندێشەی سیاسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی هەڵگرتبوو، تەنها خاڵی جیاکردنەوەیان پێوانە سیاسییەکانیان بوو بە عێراقی و کوردستانی. ئەگینا لەڕووی ماهییەتی چینایەتییەوە هەردوو ڕێکخراوەکە بۆرژاوا ناسیونال بوون.**

(٢٣)

## یەکگرتن

## گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە

## بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکردەوە.(*)




گۆڤاری یەکگرتن؛ ئەم گۆڤارە بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکردەوە. ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٨٦ لە وڵاتی دانیمارک بڵاوبۆتەوە. بابەتەکانی ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری یەکگرتن وابەستەبوون و پێداگرییە لەسەر بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم. ئەم گۆڤارە نۆزدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و ژمارە لەدوای ژمارە پرۆفیشناڵتر کاریان کردووە و پاشکۆی ئەدەبییان دەرکردووە و سەرنووسەریان دیاریکردووە. (١)

---

(١)سایتی هەواڵنامەی کتێب و بەشی ئەرشیفی گۆڤارەکان، گۆڤاری یەکگرتن.
http://www.hewalname.com/ku/wp-content/uploads/2021/02/%D9%A1.pdf

(*)ئەوەی جێی ئاماژەیە گۆڤاری یەکگرتن سەرەتا زۆر ڕادیکاڵ بوو و پاشان وردە وردە ئەو ئینتما ڕادیکاڵیە کاڵ و کاڵتر بۆتەوە و گۆڤارەکە خراوەتە خزمەت نووسەران و ڕۆشنبیرانی نیولیبراڵی کورد و سەرەنجام لەگۆڤارێکی مارکسی – لینینییەوە دەبێت بە هەوێنی گۆڤاری ڕەهەند و دەخرێتە خزمەت ڕەوتی لیبراڵیزمی کورد و ڕەهەندییەکانەوە.

**(٢٤)**

## كرێكارانی كۆمۆنیست(*)
## گۆڤاری گروهی كرێكارانی كۆمۆنیست



**سەرنووسەری نەبووە.**

**دەستەی نووسەران: ڕێنوار جەبار، لوقمان، ئاسۆ كەمال (ن. ڕێبین)**

**لەلایەن گروهی كرێكارانی كۆمۆنیستەوە بڵاودەكرایەوە، سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە. تانها سێ ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە. بەدەست لەسەر كاغەزی رایز دەنووسرایەوە و لەبەری دەگیرایەوە. ئاسۆ كەماڵ یەكێك لە دامەزرێنەرانی ئەم گروهە و بەشدار لەو گۆڤارە بەوجۆرە باسی ئەم گۆڤارە دەكات (كرێكارانی كۆمۆنیست" ناوی گۆڤارەكەمان بوو، كە سێ ژمارەی لێدەرچوو. باسەكانمان دەربارەی گرفتەكانی بزووتنەوەی چەپ و ڕەخنە لە گرووپەكانی ئەو دەمە بوو. سەبارەت بە مەسەلەی میللی و مافی چارەنووس لە كوردستان و سیاسەتەكانی بەعس و ڕووداوە سیاسییەكانی عێراق و كوردستان و یەكی ئایار. ڕێنوار جەبار، لوقمان و من (بەناوی "ن. ڕێبین"ەوە) زیاتر شتمان تیایدا دەنووسی. من هیچ دانەیەكم لا نەماوە، بەڵام ئێمە بەدەیان نوسخەمان بە ڕۆنیۆی دەستی لێ چاپ دەكرد.(١)**

**ئاسۆ كەمال دەڵێت ( من لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی تر گۆڤارێكمان دەردەكرد كە ناوی "كرێكارانی كۆمۆنیست" بوو. سێ هاوڕێ دەستەی نووسەرانی بووین: ڕێنوار جبار، لوقمان و ئاسۆ كەمال. من (بەناوی "ن. ڕێبین"ەوە دەمنووسی). وابزانم سێ تا**

پێنج ژمارەی لێ دەرچوو تا ساڵی ١٩٨٨. ئێمە بەدەیان نوسخەمان بە ڕۆنیۆی دەستی لێ چاپ دەکرد و دەستبەدەست دەمانگەیاندە کەسانی کۆمۆنیست و چەپ .)(٢)

---

(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١٥، لاپەڕە ١٨٢١.

(٢)لە وەڵامی ئاسۆ کەمال بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢٥)

## ئاسۆی سۆشیالیزم

## ئۆرگانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست(کۆتک)




سەرنووسەر نەبووە.

سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە: ڕێبوار ئەحمەد، ڕەحمان داود، سالار ڕەشید.

ئەم ئۆرگانە تەنها سێ ژمارە و دوو پاشکۆی ی بەزمانی کوردی لێ بڵاوکراوەتەوە. نووسەرانی ئەم گۆڤارە بریتیبوون لە ڕێبوار ئەحمەد و سالار ڕەشید و ڕەحمان داود. ژمارە یەکی لە مانگی ئایاری ١٩٨٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت (ئەم ڕێکخراوە، ئۆرگانێکی بە ناوی "ئاسۆی سۆسیالیزم"دەردەکرد و پێم وابێت سێ یان چوار ژمارە و پاشکۆیەکی لێ دەرچوو(١). هەر ئەم سێ کەسەش نووسەرانی ئەسڵی ئۆرگانەکە بووین. بەتەواوی نایەتە بیرم، ئەگەر هاوڕێی تریش نووسینی لە ئۆرگانەکە بڵاوکردبێتەوە. بڵاوکراوەکە هەر بە خەتی دەستی هاوڕێ سالار دەنووسرایەوە. هەرکات وەختی دەرکردنی ژمارەی تازە بهاتایە بەرەوە، چەند شەوێک من و سالار ن ەدە خەوتین، بەڕۆژ دەخەوتین و بەشەو ئۆرگانەکەمان ئامادەدەکرد. نووسراوەکان کە پێشتر ئامادەمان دەکرد، لە ماوەی ئەو چەند شەوەدا من دەمخوێندەوە و سالاریش بە خەتێکی جوان و بە زەختێکی زۆر لەسەر کاغەزی ڕایز دەینووسییەوە و لەگەڵ نوسخەی ئەسڵیدا هەشت نوسخەی بە جارێک دەردەکرد. بەهەرحاڵ پاشان من و سالار لاپەڕەکانمان دەهێنایەوە بۆ شوقەکە و بەبێ ئەوەی هاوڕێیانێکی تر کە لە شوقەکە لەگەڵمان دەژیان پێی بزانن، لاپەڕەکانی ئۆرگانەکەمان ڕێک دەخستن و دەرزیمان لێ دەدان. بەم جۆرە بە نوسخە دەستنووسەکانی سالارەوە دەگەیشتە نزیکەی سی نوسخە. بۆ ئەو کاتە سی نوسخە کەم نەبوو، چونکە هەر نوسخەیەکی دەیتوانی دەیان دەست بکات. پاشان بۆ کەرکووک،سلێمانی،هەولێر و ڕانیە و گەرمیان...دابەشمان دەکردن و دەستاودەست بڵاومان دەکردنەوە.(٢)

هەروەها ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت (یەکەمین بڵاوکراوە (ئاسۆ سۆسیالیزم) کە نەک وەکو سەرنووسەر بەڵام وەکو بەشداری لە هەموو کارەکانی نووسین و ئاما دەکردن و بڵاوکردنەوەی بەشداری ڕاستەوخۆم هەبوو کە سالار ڕەشید و من دەرمان دەکرد و ڕەحمان داودیش کەم و زۆر بەشدارییەکی دەکرد لە نووسین بۆی. لە ١٩٨٧ یەکەمین ژمارەی دەرچوو بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو.(٣) سالار ڕەشید دەڵێت: (دوای ئەوەی لە نووسینەوەی تەواو ئەبووین، ئەماندایە شلێر (شلێر ڕەشید)ی خوشکم لای دوکانێکی فۆتۆکۆپی لای کابرایەکی پیری دیان بەناوی "عەساف" لە شاری هەولێر کۆپی دەکرد. دیارە ئەو کاتە من و ڕێبوار بە نهێنی لە شوقەیەک کە دەکەوتە سەر دەرمانخانەی ژیر لە هەولێر دەژیاین. کاتێک شلێر گۆڤارەکەی بۆ ئەو دوکانی فۆتۆکۆپییە ئەبرد، ئەیخستە ناو موحازەرەکانی خۆیەوە، چونکە ئەو ئەو دەمە خوێندکاری کۆلێجی ئاداب بوو، ئەو ماوەیەی کە شلێر خەریکی تەکسیری گۆڤارەکە بوو، من و ڕێبوار لە دوورەوە چاودێریمان ئەکرد. لای ئەو دوکانە ١٠ دانەمان لێی کۆپی ئەکرد. گۆڤارەکە هەر ژمارەیەکی دەوری ٥٠ لاپەڕە زیاتر بوو، دوای ئەوەی بابەتەکانمان ئامادە ئەکرد، دەستمان ئەکرد بە نووسینەوەی. تایپمان نەبوو، ڕێبوار ئەیخوێندەوە و من ئەمنووسی، واتە: هەر هەمووی بە دەستوخەتی من نووسراونەتەوە. هەر بە دەستیش بەرگمان بۆیان دروست ئەکرد.(٤) ئیتر بەو جۆرە چەند دانەیەکمان لە گۆڤارەکە بە کاربۆن دەرئەکرد و لەسەر نوسخەی ئەسڵیش لە دوکانێکی ئیستینساخ لە شاری هەولێر نزیکەی (١٠) دانەمان لێی کۆپی ئەکرد. دوای ئەوە ئیستینساخەکانمان لە شلێر وەردەگرت و بە باوەشێک نوسراوەوە بۆ شوقەکەمان دەگەڕاینەوە. ئەو دەمەش ئەو ڕێگاوبانانە زۆر مەترسیدار بوون، بەردەوام هێزی تەواری و مەفاریزی خاسە و موشتەرەکە سەیتەرەیان لەنێو شار و سەر جادەوبان و نێو کۆڵانەکان دائەنا و خەڵکیان ڕادەگرت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکردن. دوای ئەوە، بابەتەکانمان ڕێک دەخستن و بەرگمان بۆ دروست ئەکردن و دەمانکردنە گۆڤار و لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە شارەکانی هەولێر، کەرکووک و سلێمانی دەستبەدەست بڵاومان دەکردنەوە. ئەو دەمە من و ڕێبوار ئەحمەد لە هەولێر لە شوقەیەک (لەگەڵ هاوڕێیان: جەمال ئەیووب، ڕاستگۆ و شەهلا) لە گەڕەکی تەیراوا دەژیاین کە کەوتبووە سەر "دەرمانخانەی ژیر" و بەوبەر ماڵمانەوە حەلەویات ئەحمەد بوو. ڕێبوار ئەحمەد حوکمی ئیعدامی هەبوو، منیش لە خزمەتی سەربازی هەڵهاتبووم و هەردووکمان بە ناسنامەی تەزویرەوە هامووشۆمان ئەکرد. ئەوەی شایانی باسە، هەر لەو دوکانەدا ناسنامە و دەفتەر خدمەمان کۆپی دەکرد و پاشان مۆرمان لێ ئەدا و بەکارمان دەهێنا. دەفتەر خدمەی ئەو دەمە هەتا موالیدی ساڵی ١٩٥٩ کاغەزێکی ئاسایی بوو، بە سانایی کۆپی دەکرا، بەڵام لەو موالیدە بەدواوە نەدەکرا، چونکە بووە ڕەنگاوڕەنگ و نەقش و زەخرەفەی سێبەری تێدابوو. مۆرەکانیش، مۆری زانکۆ و یەکە سەربازییەکان و لیژنەی فەحس و تەجنیدەکان هەر خۆمان دروستمان دەکرد و چەندین ساڵ بە خاڵەکانی پشکنینی نێوان کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، کەلار، کفری، ڕانیە و بەغدا هاتوچۆمان پێیانەوە دەکرد و بۆ جارێکیش گومانیان لەسەر دروست نەبوون. بابەتەکانی گۆڤارەکە بریتیبوون لە سەروتار، لە مەسەلە تاکتیکییەکان. بەڕێز بێت یادی ڕۆژی یەکی ئایار! دەربارەی هەنگاوی دژی دیموکراسی و دژی کۆمۆنیستی ئەم دواییەی بۆرژازیی

**ناسیۆنالیستی کوردستان. ناوەڕۆکی دژی کرێکاریی بڕیاری بەموەزەفکردنی کرێکاران. هەنگاوهەڵگرتن لە ڕێگای پێکهێنانی شووراکان ئەرکی دەستبەجێمانە. لە دژی جەنگ.(٥)**

---

(١)**تێبینییەکەی سالار ڕەشید : ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، ئێمە سێ ژمارە لە ئۆرگانەکە و پاشکۆیەکمان بۆ ژمارە دوو و پاشکۆیەکمان بۆ ژمارە سێ دەرکرد. پاشکۆی یەکەم لەسەر چارەسەری مەسەلەی میللی کورد لە کوردستانی عێراق و پاشکۆی دووەمیش کە ئیتر دوا نووسینمان بوو، چیرۆکێکی درێژ بوو، بەنێوی "هەنگاو"ەوە، کە لە نووسینی من بوو، وە لەژێر ناوی نهێنیی "سوارە" بڵاومان کردەوە. (سالار ڕەشید).**

(٢)**سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ٢١٧ و ٢١٨.**

(٣)**لە وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

(٤) **پەیامی سالار رەشید بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە لەڕۆژی ١٥ ی ئابی ٢٠٢٤ لەڕێگەی ماسنجەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە.**


(٥) **سالار ڕەشید، ئاسۆی سۆشیالیزم، پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستی ڕۆژی یانزەی ئایاری ٢٠٢٥.**

(*)**لەئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد و سالار ڕەشید، وەرگیراوە.**

(٢٦)

## گۆڤاری ڕابەر

### ئۆرگانی تیئۆری ئەدەبی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ١٩٨٧ – ١٩٩١



**سەرنووسەری نەبووە.**

**سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە: جەماڵ کۆشش، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)، عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)**

**گۆڤاری ڕابەر وەک ئۆرگانی تیئۆری ئەدەبی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست؛ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە بەڵام چوار ژمارەی یەکەم، عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) بەڕێوەیان ئەبرد. لەژمارە پێنجەوە تا ژمارە ١٢ تەنها عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش بەڕێوەیان دەبرد. ئەم گۆڤارە بەدەست دەنووسرایەوە و بەکاربۆن لەبەری دەگیرایەوە و ژمارە یەکی لە حوزەیرانی ١٩٨٧ لەهەولێر بڵاو بۆوە. تەواوی نووسینەوە و دیزاین و بەرگی گۆڤاری ڕابەر لەلایەن عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)ەوە ئەنجام دەدرا.**

**گۆڤاری ڕابەر جگە لە نامیلکەکانی یان پاشکۆکانی یانزە ژمارەی لێ بڵاو بۆوە.**

**ژمارە دوانزەشی بەتایپ دوای ڕاپەڕین بڵاو بۆوە. ژمارە دوانزە عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) تیایدا بەشدار نەبووە. لەسەری نووسراوە چەند نووسەر و هونەرمەندی کرێکاری.**

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت (گۆڤاری ڕابەر بە تیراژی چواردە دانە بە دەستوخەت لەسەر کاغەزی تەنکی ڕایز و کاربۆنم دەخستە ژێریانەوە و دووجار دەمنووسییەوە و کە دەیکرد بە چواردە نوسخە و هەروەها چواردە بەرگیشم بۆیان دروست دەکرد و کەبسم لێدەدان و هاوڕێ جەماڵ کۆشیش دەیبردن و دابەشی دەکردن. بەڵام لە دوای ژمارە پێنجەوە کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، ڕێکخستنەکانی ڕەوت لە چەندین قۆڵەوە دەستیان کرد بە لەبەر نووسینەوەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر و بەمەش تیراژی گۆڤارەکە چەند بەرابەر بۆوە. هەرچەندە حەلقەکە ئەدیبانی زیاتری لەدەور کۆدەبۆوە و گۆڤارەکەش سنووری بڵاوبوونەوەی فراوانتر دەبۆوە. گۆڤاری ڕابەر هەر دوو یان سێ مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاو دەبۆوە. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چوار کتێبی وەکوو کتێبی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون :

یەک: چرای شۆڕش شیعر عبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) کە پانزە شیعری لەخۆ گرتبوو ١٩٨٨ هەولێر

دوو: لێنین دەربارەی تۆڵستۆی وەرگێرانی لە عەرەبییەوە نەوزاد ئەحمد ئەسوەد(هۆشەنگ) ١٩٨٨ هەولێر

سێ: دیوارەکان دەڕووخێنین شیعری پرتۆڵد بریخت و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دلاوەر حوسێن کە هەر ناوێکی تری خواستراوی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) بوو، ١٩٩٠ هەولێر

چوار: ژمارەیەک لە پەخشانەکانی ب سۆلین ١٩٩٠ هەولێر

جێی ئاماژەیە ئەم ئامیلکانە کە کتێبی گۆڤاری ڕابەر بوون، بە دەست و خەت دەنووسرانەوە و لەبەریان دەگیرایەوە و بڵاو دەکرایەوە.

لەلایەکی تریشەوە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چەند لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی گرنگی بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون:

یەک: ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ لە دیدگای مەنتق و تەئریخدا ڕەخنە لە ڕۆمانی شاری حوسێن عارف نووسینی جەماڵ کۆشش لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە بە دوو بەش.

دوو: دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بە دوو بەش لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە.

سێ: شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ). ئەمیش لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە.

چوار : ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نووسینی جەماڵ کۆشش و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەردا بڵاوبوونەوە.

بە بڕوای من ئەم چەند نووسینە بوون بە کۆڵەکەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.(١)

هەروەها عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت (بڕیارماندا گۆڤارێک دەربکەین و ئەو گۆڤارەشمان ناو نا "ڕابەر". لە ماوەی ژیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا دوانزە ژمارە لەگۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە. لەسەر بەرگی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر نووسراوە، ئۆرگانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و لەژمارە سێ بەدواوە بوو بە ئۆرگانی تیۆریی ئەدەبیی مارکسیستی و دواتریش بوو بە ئۆرگانی تیۆریی ئەدەبیی حیزبی.

ئەم گۆڤارە بەپێچەوانەی ئوسووڵی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە نە سەرنووسەری هەبوو و نەدەستەی نووسەران. بەڵام ئێمە هەرسێکمان بەجیددی کارمان بۆ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەکرد.

گۆڤاری ڕابەر بەشێوەی دەوری دەرمان دەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم، زیاتر وەرزی بوو و نزیکەی سێ مانگ جارێک ژمارەیەکمان لێ بڵاو دەکردەوە. گۆڤاری ڕابەر وەک جەنابیشت ئاماژەت پێداوە، وەک زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دەمەی چەپ بەشێوەی دەستنووس بڵاو دەبووەوە. منسەرباری چالاکییە ئەدەبییەکانم، ئەرکی نووسینەوەی بەدەست و ئامادەکردنی بەرگی گۆڤارەکە وئیتر ئەوەی پێی دەگووترێت،مۆنتاژ و تەسمیم من ئەنجامم دەدا و جار هەبووە دوو هەفتە لەماڵ نەهاتوومەتە دەرەوە و خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی گۆڤاری ڕابەر و نووسینەوەی بوومە. هەر جارێک نووسینەوە شەش کۆپیشم لەژێر دادەنا و دووجار نووسینەوەی گۆڤارەکە دوانزە کۆپی(نوسخە)م لێ ئامادە دەکردو ئینجا کە بڵاویش دەکرایەوە، ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبەریان دەنووسییەوە و بڵاویان دەکردەوە. ئەمە شێوازی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بوو.) (٢)

(١)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، دەربارەی کار و تێکۆشانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧ – ١٩٩١ ،چاپی یەکەم، ٢٠٢٢ .

(٢)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا،چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٥، لاپەڕە ٢٣٧.


(*)بەداخەوە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر نەماون و لەبەر ئەوە وێنەی بەرگەکانمان لەبەردەستدا نییە. ئەم بەرگەی سەرەوەش ڕێک وەک بەرگی ژمارە یەکی گۆڤارەکەیە و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دروستی کردۆتەوە.

(**)حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری ئەدیبانی کۆمۆنیست لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش هاتە دامەزراندن و دەرکردنی گۆڤاری ڕابەر. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتیبوو لە برەودان بە ئەدەبی کرێکاریی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و بڵاوکردنەوەی کلتوور و کەلەپووری پرۆلیتاریی. دوای بڵاوکردنەوەی یانزە ژمارە لە گۆڤاری ڕابەر و چەند نامیلکەیەک، ساڵی ١٩٩١ کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێکخراوە هات.

(٢٧)

# زەنگی کرێکار

## گۆڤاری شانەی ئەدیبانی پرۆلیتاریا(*)







**سەرنووسەری نەبووە.**

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زەنگ بریتی بوون لە : هیوا، بارام، ملکۆ، سەروەر.**

**گۆڤاری زەنگی کرێکار گۆڤارێکی ئەدەبی بوو لەسەر کاغەزی رایز بەدەست دەنووسرایەوە و بەکاربۆن لەبەری دەگیرایەوە. ئەم گۆڤارە لەشاری سلێمانی دەردەچوو و تەنها چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن شانەی ئەدیبانی پرۆلیتاریاوە بڵاو دەکرایەوە. (١)**

---

**(١)شوان محەمەد، وتاری شەرح و تەرح، گۆڤاری شەبەنگ گۆڤاری مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری، ژمارە پێنج، (ساڵی دەرچوونی نەزانراوە)، لاپەڕە ١٤.**

**(*)لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

## کرێکاری کۆمۆنیست(*)

## ئۆرگانی ناوەندی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا


کرێکارانی جیهان یەکگرن!
کرێکاری کۆمۆنیست
ئۆرگانی ناوەندی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا
ژمارە -٢-
حوزەیران ١٩٩٠
پاشکۆی ١
سکتاریزم و ئینحلال تەڵەبی
لە بزوتنەوەی چەپدا
هیمەت سەلیم

**کرێکاری کۆمۆنیست؛ ئۆرگانی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا دەریدەکرد. ژمارە ٢ی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ بڵاوبووەتەوە.** (**)

---

(*)**نازانرێت چەند ژمارەی لێدەرچووە.**

(**)**لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

**(٢٩)**

## شوورا

## بڵاوکراوەی شوورای گەڕەکی ئیسکانی شاری کەرکووک



**سەرۆکی تەحریر : جەماڵ چاوشین(بەهرەنگ)**

**بڵاوکراوەی شوورا؛ وەک بڵاوکراوەی شوورای گەڕەکی ئیسکانی شاری کەرکووک، لە دوای ئازادکردنی شاری کەرکووک لە ٢١ ی ئازاری ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەکە یەک پەڕەیی بوو و تایپ دەکرا و بە ڕۆنیۆ ڕادەکێشرا. ئەم بڵاوکراوەیە تەنها سێ ژمارەی لێبڵاوبووەوە.**

**ژمارە یەک لە ٢٥ ی ئازاری ١٩٩١.**

**ژمارە دوو لە ٢٦ ی ئازاری ١٩٩١.**

**ژمارە سێ لە ٢٧ ی ئازاری ١٩٩١.**

**جەماڵ ئەحمەد یوسف دەڵێت ( لەساڵی ١٩٩١ جەماڵ ئەحمەد یوسف و نەوزاد ئەحمەد ئەسود لە جەرگەی ڕاپەڕین لە شاری کەرکووک، دەست پێشکەری دەکەن بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بەناوی شوورا) .(١)**

**دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسود دەڵێت (دەربارەی بڵاوکراوەی شوورا دوای دامەزراندنی شوورای ئیسکان لە کەرکووک کە یەکەم شوورا بوو لەدوای ئازادکردنی کەرکووک لە نەورۆزی ١٩٩١دا دامەزرا، یەکسەر بیرمان لە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک کردەوە. شوورای ئیسکان لە کۆبوونەوەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٣ لە قوتابخانەی یانزەی ئازاری کچان بە ئامادەبوونی پتر لە سی هەڵسوڕاوی چەپ و کۆمۆنیست و ڕۆشنبیر، هاتە دامەزراندن. لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بەشێک پێکهێنرا، لەوانە: بەشی سەربازی بە سەرپەرشتیی هاوڕێ حەسەن ()، بەشی کارگێڕی بە سەرپەرشتی هاوڕێ گوڵاڵە ()، بەشی کۆمەڵایەتی بە سەرپەرشتی هاوڕێ کاکەسوور (نەجمەدین قادر مستەفا)، بەشی ڕاگەیاندن بە سەرپەرشتیی (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا هاوڕێ (ئیسماعیل قادر مستەفا) بکرێت بە بەرپرسی گشتیی شورای ئیسکان، زۆربەی کۆبوونەوەکان لە قوتابخانەی یانزەی ئازار لە ماڵی کاک ئیسماعیل دەکرا کە ئەوان بە خێزانەوە بەشدارییان کرد. بڵاوکراوەی "شوورا "بڵاوکراوەیەکی یەک پەرەیی بوو، من و هاوڕێ جەماڵ چاوشین (جەماڵ ئەحمەد یوسف) دەرماندەکرد، ناوی نهێنیی جەماڵ چاوشین بەهرەنگ بوو کە لە بڵاوکراوەکەدا نووسراوە سەرۆکی تەحریر، کەچی ناوی منی بەسەرەوە نییە، نازانم بۆ ناوی منی بەسەرەوە نییە، لەکاتێکدا من بابەتەکانم کۆدەکردەوە و تایپم دەکردن .**

ئامێرێکی تایپمان دەست کەوتبوو کە جەماڵ چاوشین و هەندێ هاورێی دیکە لە پەیمانگەی تەکنیکیی کەرکووک هێنابوویان. من تایپم دەکرد و پاشان جەماڵ چاوشین بە رۆنیۆ چل دانەی رایدەکێشا، بەسەر گەرەکەکان و شووراکانی دیکە و شارەکانی هەولێر و سلێمانی دابەشمان دەکرد. تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو، یەکەم ژمارە لە ٣/٢٥ و دووەم ژمارە لە ٣/٢٦ و سێیەم ژمارە لە ٣/٢٧ دەرچوو، دوای ئەوە بارودۆخی کەرکووک تێکچوو و سوپای بەعس تۆپبارانی شارەکەی دەکرد و پاشان هێرشی هێنا، ئێمە بەرەو سلێمانی هەڵاتین. دروشمی بڵاوکراوەکە بریتیبوو لە (گشت دەسەڵاتێک بۆ شووراکان)، ئاراستەی فیکیریشی بێگومان بریتی بوو لە بیری چەپ و کۆمۆنیستی. بڵاوکراوەکە پتر هەوڵی دەدا ئامانجی شووراکان بە خەڵکی بناسێنێت و خەڵکی لە دەوری شووراکان کۆ بکاتەوە و شووراکان پتەوتر بکات، سەرباری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکان. تەواوی ناوەرۆکی هەر سێ ژمارەکەی بڵاوکراوەی "شوورا" لە کتێبی (بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق) لە نووسینی مزەفەر محەمەدی بڵاوکراوەتەوە)(٢)

---

(١)سالار رەشید. مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەرە ٢٦٧.

(٢)لە وەڵامی دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٣٠)

## هاوار

## بڵاوکراوەی خوێندکارانی پەیمانگای هونەری سلێمانی



**سەرپەرشتیار : ئەکرەم نادر**

**ئەکرەم نادر دەڵێت (من خۆم سەرنووسەری هیچ بڵاوکراوەیەک نەبووم؛ بەس پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین چوار ژمارەی بڵاوکراوەیەکی دەستەییمان دەردەکرد بەناوی هاوار، (*) کە خۆم سەرپەرشتیم دەکرد و بەناوی خوێندکارانی پەیمانگای هونەری سلێمانیەوە بڵاوماندەکردەوە بەئاشکرا، کە کێشەی زۆری بۆ دروست دەکردین لەگەڵ ئیتحاد تەلەبە و دواتریش دوای ڕاپەڕین لەگەڵ ڕاگری پەیمانگا.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی ئەکرەم نادر بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)مەبەست لە بڵاوکراوەی دەستی ئەوەیە کە بەدەست نووسرابووەوە نەک بە ئامێری تایبەعە تایپ کرابێت.**

## (٣١ و ٣٢)

## پرۆلیتاری / البروليتاري
## ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست
## بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی


پرۆلیتاری

البروليتاري

**سەرنووسەر: موئەیەد ئەحمەد**

**ئەم ڕۆژنامانە بە زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە بڵاودەکرانەوە. ژمارە یەکی بە زمانی کوردی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ و ژمارە یەکی بەزمانی عەرەبی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٠دا، بڵاوکراوەتەوە. موئەیەد ئەحمەد لەسەروتاری ژمارە یەکدا دەنووسێت ( ئۆرگانی پرۆلیتاری ئۆرگانی ئەو بزووتنە کۆمەڵایەتییەی کرێکارانی عێراقە و لێرەوە دەدوێت و ڕووی قسەی لەم بزووتنەوەیە و چینی کرێکارە. تەوەرەی کاری ئەم ئۆرگانە و ئەرکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی خەباتییەتی بۆ گەشەکردن و پتەوبوونی کۆمۆنیزمێکی کرێکاریی بەهێز و توانا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. جیهانبینی و سیستمی تیۆری و سیاسی ئەم ئۆرگانە مارکسیزمە. کار و ئەرکەکانی بە پەیڕەوکردنی ئەم تیئۆرییە ئەنجام دەدات.**(١)(*)

---

(١)**موئەیەد ئەحمەد، سەروتاری پرۆلیتاری، ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، ژمارە ١، ئایاری ١٩٩٠، لاپەڕە ١.**

(*)**لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراون.**

## بزووتنەوەی پرۆلیتاریا

## بڵاوکراوەی ڕێکخراوی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا



سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

حەسەن سەید باقی دەڵێت ( ئەم بڵاوکراوەیە لە سەردەمی ئیستبدادی بەعسدا لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەزمانی کوردی یەک دوو ژمارەمان لێ بڵاوکردوە. بڵاوکراوەکە بە ڕۆنیۆ ڕامان دەکێشا و لەبەریمان دەگرتەوە.(١)

---

(١)لە وەڵامی حەسەن سەید باقی بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

## قۆناغی دووەم

## قۆناغی فەزای ئازادی و نەمانی سەرکوت

(١٩٩١-٢٠٠٣)

ڕاپەڕین؛ ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو کە کۆمەڵێ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گرنگی لە کوردستان هێنایە ئاراوە. بەعس و دامودەگاکانی ڕووخان و نەمان. فەزایەکی ئاوەڵا و نیمچە ئازاد هاتە ئاراوە. ئەم قۆناغە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە دەگرێتەخۆ کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە تایپ (طابعة) تایپکراون و بە ئامێری ئیستینساخ لەبەریان گیراوەتەوە. لەم قۆناغەدا بە دەگمەن نەبێت، کاغەزی ڕایز و بەدەست نووسینەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان دەستی بۆ نەدەبردرا و شێوازێکی بڕێک باڵاتر و پرۆفیشناڵەتر لە دەرهێنانی هونەری ڕۆژنامەگەری برەوی پەیداکرد. زۆربەی ڕۆکخراوەکان دەستیان بە ئامێری تابیعە گەیشتبوو و هەروەها بازاریش سێبەری ترسی بەعسی بەسەرەوە نەمابوو و دوکانەکانی ئیستینساخ و کۆپیکردن و بێ دوودڵی بەئاشکرا سڵیان لە تایپکردن و کۆپیکردنی هیچ نووسراوە و بڵاوکراوەیەک نەدەکردەوە.

(٣٤ و ٣٥)

## ڕێبازی کارگەر / نهج العامل

## ئۆرگانی سیاسی کۆمەڵەی خەباتی سوور بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی(*)




سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

ڕێبازی کارگەر خوولی یەکەم ژمارە یەکی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. لەسەر بڵاوکراوەکە نووسراوە ( لەخزمەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دایە.) حەسەن سەید باقی دەڵێت ( دوای بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەک لە ڕێبازی کەرگەر، یەک دوو لاپەڕەمان بە زمانی عەرەبی بۆ زیاد کرد تا هاوڕێیانی غەیرە کوردزمان و بەتایبەتی هاوڕێ عەرەبەکانی باشوور ئاگاداری ڕێکخراوەکە و زمان حاڵەکەی بن.) (١) زیادکردنەکەش تەرخانکردنی دوو لاپەڕە بوو بۆ ( نهج العامل) لە ژمارەکانی نۆزدە و بیستی خوولی سێیەم. بڵاوکراوەکە لە سەرەتادا لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە دە لەسەری نووسراوە ( کۆمەڵەی خەباتی سوور دەری دەکات) و پاشان گۆڕدراوە بۆ (ئۆرگانی سیاسی کۆمەڵەی خەباتی سوور). پاشان لە ژمارە دوانزەی خوولی دووەمەوە لەسەری نووسراوە ( ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خەباتی سوور – لسان حال منظمة النضال الحمر). پێ بەپێی بەرەوپێشچوونی بڵاوکراوەکە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە چوار لاپەڕەوە دەبێتە دوانزە لاپەڕە. دواژمارەی ڕێبازی کارگەر ژمارە بیست و یەک خوولی سێیەمی ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە.

---

(١)لە وەڵامی حەسەن سەید باقی بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە

(*)لەئەرشیفی حەسەن سەید باقی و ژیلوان هەڵەدنی، وەرگیراون.

(٣٦)

## دەنگی کرێکار

## گۆڤاری دەنگی نارەزایەتی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی




**سەرنووسەری نەبووە.**

**سەرپەرشتیار : شوان سەعید**

**دەستەی نووسەران بریتی بوون لە ستاری چیمەنتۆ و سالار سابیر**

**ستاری چیمەنتۆ دەڵێت( دەنگی کرێکار بڵاوکراوەیەکی وەرزیی (دەستەی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ) ی تاسڵووجە و سەرچنار بوو، کە من چەند هاورێیەکی تر، وەک سالاری چیمەنتۆ هەر چەند هەفتە جارێک دەرمان دەکرد. جگە لە هەواڵەکانی نێو کارگە و نارەزایەتییەکان وخواستە کرێکارییەکان، نووسین و هەواڵی تری ناوچەیی و جیهانیشی بەکورتی تێدا بڵاو دەکرایەوە و شوێنی بڵاوکردنەوەکەشی هەر لە نێو کارگەدا بوو. سەرەتا بە نهێنی و دواتریش بە ئاشکرا دابەش دەکرا بەسەر بەشە جیاجیاکانی کارگەدا . وەک لەبیرم بێت، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ بەردەوام بوو بەداخەوە من هیچ ژمارەیەکم نەماوە و هاورێ سالار لەوانەیە زانیاری تریشی لەلا هەبێت، چونکە ئەو لەدوای هاتنە دەرەوەی من هێشتا لەکارگە مابوو وە پەیوەندیشی لەگەڵ هاورێکانی تر، کە بابەتیان دەنارد بۆ بڵاوکراوەکە هەر مابوو.)(١) ژیلوان هەڵەدنی دەڵێت: (یەکێک بوو لەو بڵاوکراوانەی کۆڕ و کۆمەڵی هەڵسووراوانی چەپ لە ساڵانی نەوەدەکان. دوای شەش ژمارە بەهۆی شەڕی ناوخۆو باری سەختی ئابووری باشووری کوردستانەوە، وەستا و چالاکوانەکانیش هەندێکیان ڕوویان لە وڵاتانی ئەورووپا کرد.(٢) سالار سابیر دەڵێت: ( ئێمە ستافێک لەکاگەی چیمەنتۆی تاسلوجە شەش تا هەشت ژمارەمان لێ دەرکرد دواتر وەستا .نەمانتوانی زیاتری لێ دەرکەین. سالار سابر و شوان سەعید و ستاری چیمەنتۆ لەدەرکردنیدا بەشدار بووین)(٣)**

---

**(١)لە وەڵامی ستاری چیمەنتۆ بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢) ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پۆستی ڕۆژی نۆی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.**

**(٣)لە وەڵامی سالار سابیر بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

(٣٧)

## سۆشیالیزمی ئازار

## ئۆرگانی ناوەندی ڕێکخراوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئازار




سۆشیالیزمی ئازار؛ ئۆرگانی ڕێکخراوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئازار؛ ژمارە دووی ساڵی یەکەم خوولی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە. لەسەری نووسراوە ( کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوانی جیهان، یەکگرن!) دروشمەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتیبوون لە ( دامەزرێت کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێڕ، بێتە دی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد، نان کار ئازادی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان)(١)ئەم بڵاوکراوەیە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە.

---

(١)لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

## ئەدەبی کرێکاری (١٩٩١-١٩٩٧)
## گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی


مۆڵەت




**سەنووسەر : عەباس ئەحمەد محەممەد (عەباس شوان).**

**خاوەنی ئیمتیاز : بەندی عەلی حەسەن**

**دەستەی نووسەران : بەندی عەلی، سەردار عەبدوڵا، مامۆستا بەیان**

**ئەم گۆڤارە ٣٣ ژمارە و چەند پاشکۆیەکی لێ بڵاوکرایەوە ئەم گۆڤارە مانگانە لە کوردستان بەزمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی بڵاو دەبۆوە. ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بایەخی بە ئەدەب و هونەری کرێکاری دەدا. ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ و دوا ژمارەشی ژمارە ٣٣ لە ئازاری ساڵی ١٩٩٦ بڵاوبۆتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی ١٢ ژمارە، واتە لە ژمارە ١٣ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ ناوی گۆڤارەکە لە (ئەدەبی کرێکاری) یەوە دەبێت بە ئەدەب و هونەری کرێکاری و پاشان لە ژمارە ٣٠ ی ساڵی چوارەم؛ جارێکی ناوی گۆڤارەکە دەبێتەوە بە ئەدەبی کرێکاری. گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریی لەو پێنج ساڵەی ژیانیدا شەش پاشکۆی بۆ گۆڤارەکە دەرکردووە.(١)**

---

**(١)ئەم زانیارییانە و وێنەی گۆڤارەکە لە پەیجی تایبەتی فەیسبووکی عەباس شوان، سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، وەرگیراوە.** https://www.facebook.com/abasshiwa

**(*)وێنەی مۆڵەتەکە لەئەرشیفی بەندی عەلی، وەرگیراوە.**

( ٣٩ و ٤٠)

## ڕۆژنامەکانی (بۆ پێشەوە) و (الى الامام)
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی

## قۆناغی یەکەم : سەرەتای دەرچوونیان
## ڕۆژنامەیەکی سیاسیی - تەحریضی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی


بۆپێشەوە


الى الامام

**سەرنووسەری بۆپێشەوە : ئەمجەد غەفوور**
**ژمارە یەکی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ بڵاوکرایەوە.**
**سەنووسەری الى الامام : سادق عەزیز**
**ژمارە یەکی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ بڵاوکرایەوە**

ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە؛ وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسی – تەحریزی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەردەکرد و بەقەبارەی ئەی چوار و ژمارەی لاپەڕەکانی شەش لاپەرە بوو. موحسین کەریم دەڵێت(ڕۆژنامەی بۆپێشەوەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. ساڵی ١٩٩١ بڵاوکرایەوە و بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بە فۆتۆکۆپی بڵاودەکرایەوە. سەرەتا عوسمانی حاجی مارف سەرنووسەری بوو. دواتر من و سادق ع ەزیز سەرپەرشتی دەرکردنەکەیمان دەکرد. سەرنووسەری نەبووە بەڵام دەستەی نووسەرانی هەبووە کە بریتیبوون لە موحسین کەریم و سادق عەزیز و سەمیر نوری و ئاوات سەعید. لەسەرەتاکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی بۆ پیشەوە کە ڕێکخراوی ڕەوت بڵاوی دەکردەوە لەیلاخانم هاوسەری جەمیل ئەمین بابەتەکانی تایپ دەکرد و لەگەڵ سادق عەزیز لە ژێرزەمینی ماڵی جەمیل ئەمین بابەتە تایپکراوەکانمان دەبڕی و پاشان بە سەمغ مۆنتاجمان دەکرد و جەمیل ئەمینیش لە ژێرزەمینەکە کە چەند دانە جیهازی فۆتۆکۆپی لێبوو ، کۆپی دەکرد و جار هەبوو نزیکەی هەزار نوسخەمان لێ ڕادەکێشا.)(١)

ئەمجەد غەفوور دەڵێت(بێت ئەوەی بەدەوری من دەگەڕێتەوە لە ڕۆژنامەوانیدا، ئەوەش کەبیرمە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە وەک پرۆژەیەک پێش نیاری من بوو بەڵام بیرم نایەت چەند ژمارەم دەرکرد، چونکە چوومە دەرەوەی وڵات و دواتر هاوڕێیانی تر لە ئەسۆیان گرت کە دواتر هاوڕێ ئاوات سەعید بوو بە سەرنووسەری بۆ پێشەوە.)(٢)





دوای ئەوەی ئاوات سەعید دەبێت بە سەنووسەر، ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕێگەی چاپخانە دەدۆزێتەوە و لە ژمارە ١٦ وە بە شێوەی ڕۆژنامەی نۆرماڵ لە چاپخانە چاپ دەبێت، کە ئەمە بەرەوپێشچوون و ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی گرنگ بوو لەبواری ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق. دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بریتیبوون لە ئازاد حەمەکەریم، د.ئەمین عوسمان.
بابەتەکانی ڕۆژنامەی (الی الامام) هەر هەمان بابەتەکانی ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بوون و وەردەگێڕدران.

## قۆناغی دووەم

## ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)

## دوای دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

لەدوای دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە بەردوام بوون لە دەرچوون و بڵاوبوونەوە. هۆکاری بەردەوامی دەرچوونی ڕۆژنامەی بۆپێشەوە ئەو ڕۆڵە گرنگ و خەباتکارانەیە و ئەو ئیعتبارە سیاسییەی ڕۆژنامەکە بوو لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوردستان وای کرد حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەستبەرداری نەبێت. سەرەتا ئاسۆ کەماڵ سەرنووسەری بوو و دەستەی نووسەرانیش بریتیبوون لە نزار عەبدوڵا و سەمیر نوری و گۆنا سەعید.


ژمارە ١٤
بەروار ١٥/٨/١٩٩٢
مۆڵەت
عبدالله محمود عبدالله
طاهر أحمد




موحسین کەریم دەڵێت (لەدوای پێکهاتنی حزب ماوەیەک من سەرنووسەری بۆپیشەوە بووم. بۆپێشەوە وەکو بڵاوکراوەی حزب پەسندکرا بەهۆی ئیعتباری سیاسی لەناو خەڵکدا. بەهۆی ئەوەی لەچاپخانە دەردەچوو. سەرەتا ئاوات سەعید سەرنووسەری بوو لەناو ڕەوتی کۆمۆنیستدا و دواتریش بۆماوەیەک لەناو حزبدا. دواتر من بووم بەسەرنووسەر. دوای من وابزانم عەبدوڵا مەحموود بوو.)(٣) هەروەها موحسین کەریم دەڵێت(دوای هێرش بۆسەر حزب.. ڕۆژنامەی بۆپێشەوە لە چاپخانە قەدەغە بوو چاپ بکرێ. ماوەیەک من سەرنووسەری بووم و یەک نوسخەمان لە چاپخانە بە دزییەوە چاپ کرد و کەمال ڕەئووف ئەوکاتە هاوکاری کردین بۆ چاپکردنی. دواتر حزب ڕایگرت چونکە نەدەکرا بە فۆتۆکۆپی بڵاوی بکەینەوە.) (٤)
ئاسۆ کەماڵ دەڵێت (لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ دروستبوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوومە سەرنووسەری ڕۆژنامەی "بۆپێشەوە" و هاوڕێیان ( نزار عەبدوڵا ، سەمیر نوری، گۆنا سەعید) دەستەی نووسەرانی بوون. ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانە دەردەکرا و لە شارەکانی کوردستان بڵاودەکرایەوە و تا ١٩٩٤ من بەردەوام بووم تیایدا.) (٥) عەبدوڵا مەحموود دەڵێت ( ئەم دەورەیە(*) تا ساڵی ٢٠٠٠، ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە حەفتا ژمارەی لێدەرچووە.)(٦) هەورەها عەبدوڵا مەحموود دەڵێت( کاتێک کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە هاوینی ١٩٩٣ دامەزرا، ئاوات سەعید بۆ ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی بۆپێشەوە مایەوە و ئینجا بەهۆی ئەو ئیعتبارە سیاسییەی کە هەیبوو، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە دەستی کرد بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەکە وەک ئۆرگانی کۆمیسیۆنی کوردستانی حیزب ژمارە یەکی لە بیست و یەکی ئابی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە کە خاوەنی ئیمتیاز عەبدوڵا مەحموود عەبدوڵا و سەرنووسەر تاهیر ئەحمەد بوو. ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بەردەوام دەبێت لە دەرچوون تا ساڵی ٢٠٠٠. دوای ئەوەی مەلاکانی کوردستان سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بەداخستنی ڕۆژنامەکە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دژ بە سکاڵاکە بەرگری لە خۆی دەکات و بەهۆی ٤٣ پارێزەری خۆبەخشەوە و لەڕێگەی دادگاوە داواکەی دەباتەوە.)(٧) ئاسۆ کەماڵ جەغد لەوە دەکاتەوە کە( وەڵامەی هاوڕێ عەبدوڵا مەحموود تەنیا لەباری فەرمییەوە بۆ ئیجرائاتی فەرمی ئیجازەکەی ناوی تاهیر ئەحمەدی لەسەر بووە و وەک سەرنووسەر لەلایەن حزب و بە کردار ئاسۆ کەمال بووە)(٨)

## قۆناغی سێیەم

## بۆپێشەوە وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستی بە فۆرمی دیجیتاڵ



**سەرنووسەر : عەبدوڵا مەحموود**

**ڕاوێژکاری سەرنووسەر : ڕێبوار ئەحمەد**

**هاوکاری سەرنووسەر : ئاراس ڕەشید**

**نووسەرانی هەر ژمارەیەکیش جێگر نین و بەپێی بابەتەکان ناوی نووسەرەکانیش دەگۆڕدرێن.**

**ڕۆژنامەی بۆپێشەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک وەستا، جارێکی تر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بڕیاری دەرکردنەوەی دەدات و بەشێوەی دیجیتاڵی وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی غەیرە حیزبی کە تا ئامادەکردنی ئەم کتێبە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە لە بڵاوبوونەوە بەردەوامە. بۆپێشەوە مانگی دووجار لە یەک و پانزەی هەموو مانگێک بڵاودەبێتەوە. لەسەر ڕۆژنامەکە نووسراوە بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات. هەورەها بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا بڵاوبووبێتەوە. شایانی وتنە تا ئێستا ١٧٤ ژمارەی لێ بڵاوکراوتەوە.**

## الی الامام

### ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەزمانی عەرەبی(*)


الى الأمام

مقالة منصور حكمت في الماركسية!

فارس محمود

**سەرنووسەر : ئەحمەد عەبدولستار / فارس مەحموود / سەمیر عادل**

**ڕۆژنامەی الی الامام ڕۆژنامەیەکی سیاسییە؛ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دوو هەفتە جارێک بەزمانی عەرەبی بڵاوی دەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستاش لە بڵاوکردنەوە بەردەوامە.**

---

**(١)لە وەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە و گفتوگۆی موحسین کەریم لەگەڵ ئامادەکاری ئەم کتێبە لە ڕێکەوتی ١٢ ی ئەیلوولی ٢٠٢٤.**

**(٢)لە وەڵامی ئەمجەد غەفوور بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٣)و(٤)لە وەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٥)لە وەڵامی ئاسۆ کەمال بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

(٦)و (٧)له وەڵامی عەبدوڵا مەحموود بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە. تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە؛ مەبەستی عەبدوڵا مەحموود لەم دەورەیە واتە ١٩٩٣ تا ٢٠٠٠.

(٨)دوا تێبینی و سەرنجی ئاسۆ کەماڵ لەسەر ڕۆژنامەی بۆپێشەوە کەلەڕێگەی مەسنجەری تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک کە لە ١٢ ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، نێردراوە بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)مەبەست لە دەستەواژەی (لەم دەورەیە)ی عەبدوڵا مەحموود واتە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠٠. هەروەها مەبەست لە تاهیر ئەحمەد تاهیر حەسەنە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە.

(**)لە ئەرشیفی ژیلوان هەڵەدنی و عەبدوڵا مەحموود وپەیجی بۆپێشەوە و سایتی فەرمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، وەرگیراون.

تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە : ئەوەی جێی سەرنجە موحسین کەریم و ئاسۆ کەماڵ و عەبدوڵا مەحموود و سەمیر نوری بەوردی مێژووەکانی سەرنووسەری خۆیان لە ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بیر نەماوە. بۆیە کات و ساتی سەرنووسەربوونیشیان لە ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بە وردی دیار نییە. هەروەها لەلایەکەوە ڕۆژنامەکان نەماون و فەوتاون و بەردەست نین و لەلایەکی تریشەوە بۆچوونەکان دژ بەیەک و ناکۆکن، بۆیە ناچارم بۆچوونەکان وەکو خۆیان دابنێم. دوا بۆچوونی سەمیر نوری ئەم پەرەگرافانەی خوارەوەیە کەلەنامەیەکدا لە ٢٩ ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ دا ئاڕاستەی کردووم و منیش وەکو خۆی دایدەنێم: بۆ پێشەوە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیەوە، زۆربەی قسەکان ڕاستن بەڵام زۆربەی دیکۆمێنت نەکراوە.

یەکەم: دەرچوونی یەکەم ژمارەی لەسەرپێشنیازی ئەمجەد غەفوور بوو لە جەلسەی ڕەسمی کۆمیتە مەرکەزی ڕەوت پەسەند کرا. پێم وایە تا ئەمجەدی لێبوو یەک ژمارە دەرکرا .بەڵام لەسەر سەرنووسەر هیچم لەیاد نیە پێشم وایە لەسەر ڕۆژنامەکە نووسرابێ کێ سەرنووسەرە. بەڵام کە دەستمان دایە چاپ کردن ئاوات سەعید سەرنووسەر بوو. سەبارەت بە ( الى امام) سادق بەحوکمی عەرەبییەکەی سەروکاری دەکرد بەڵام سەرنوسەر نەبوو چونکە خۆی ڕێک تەرجومەی کوردییەکەی بوو ، بۆ مێژوو ئەرکی تەرجومە سەرەکییەکەی لەسەر شانی عادل حەسەن بوو.

دووەم: من لە دوو ژمارەدا کاری سەرنووسەریم کردووە ژمارە سێ کاتێ هەرسێ هاوڕێ( سادق و ئاوات و موحسین) سەفەری تورکیایان کرد بۆ جەلەسە لەگەڵ هاوڕێیان لە تورکیا من بە عەمەلی سەر رووسەر بووم، بەڵام ئەمە نەرووسراوە کاری فۆتۆکۆپیکردن لەئەستۆی هاوڕێ عەبدوڵا بوو( جمیل ئەمینە فەنی).

سێیەم: لەسەردەمی دەورەی یەکەمی حزب نازانم ئاسۆ کەمال بوو یان عبدولا مەحمود تا ژمارە نۆ بەڵام بەهۆی قەرزەکانییەوە ڕاوەستا من پێشنیارم کرد من ئامادەم ئەرکی سەرزووسەری بگرمە ئەستۆ ، دواتر هەڵمەتێکی ماڵیمان ڕاگەیاند وقەرزەکانمان دایەوە ژمارە دە (١٠) من بەعەمەلی سەرزووسەری بووم . بەڵام دواتر بەبڕیاری مەکتەب سیاسی بوو یان پلنیوم من لەسەرنووسەری لابرام دەلیلەکەش ئەوە بو ومن ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی نەبووم  بۆیە درایە دەست محسن کەریم  واتە درایە دەست ئەندامێکی کۆمیتە مەرکەزی ئەو بوو بەسەر نووسەر.

چوارەم: من ئەوەی لە یادم بێت دەورەیەک من ئەندامی دەستەی نووسەران بووم بەڵام لە کامە ژمارانە بیرم نایە. ئەوەش بڵێم سەیوان مەحەمەد ماوەک بەرپرسی نووسینگەی بۆ پێشەوە بوو ، بە تەنسیقی من و سەیوان کارەکانی ئەنجام دەدرا. ئەوەش بڵێم ئەستێرە و

پەروین فاتیح و عارف کوردە ئەرکی چاپکردنی ژمارەکانی  بۆ پێشەوە و ( الی امام) لە ئەستۆی ئەوان بوو. من لەدوای ساڵی ١٩٩٧ەوە هیچ ئاگادار نیم کێ چی کارە بووە لە (بۆ پێشەوە)دا .

(٤١)

## خەباتی پرۆلیتاریا(*)

## ئۆرگانی گروپی خەباتی پرۆلیتاریا




سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

بڵاوکراوەی خەباتی پرۆلیتاریا؛ ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٩٤ و ژمارە دووش لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە و تەنها ئەو دوو ژمارەیەی لێدەرچووە.(١)

---

(١)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراون.

(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێدەرچووە.

(٤٢)

## هاوپشتی

### بڵاوکراوەی ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی / سلێمانی



سەرنووسەر : حەسەن حوسێن

دەستەی نووسەران :

حەسەن حوسێن دەڵێت (من وەکو هەڵسووڕاوێکی نێو کەرتی تەندروستی سلێمانی، لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا کە ئەوکات ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستیمان هەبوو، بڵاوکراوەیەکمان بە ناوی هاوپشتییەوە دەردەکرد. بڵاوکراوەکە بە ئامێری چاپ و مۆنتاژی دەستی و پاشان بە کۆپی" استنساخ" چاپ و بڵاودەکرایەوە. چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. من تەنیا یەک ژمارە سەرنووسەر بووم کە ئەوەیش دواژمارە بوو، چونکە بە هۆی ئەو جیاوازییانەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا هەمانبوو، ئیتر نەمتوانی نە لەگەڵ ڕێکخراوەکە و نە لەگەڵ بڵاوکراوەی هاوپشتیدا بەردەوام بم.)(١)

---

(١)لە وەڵامی حەسەن حوسێن بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٤٣ و٤٤ و ٤٥)

## سێ بڵاوکراوەی مارکسیستی لە دەرەوەی عێراق(*)

## افاق الفكر الماركسي، احرار العراق، الماركسي

**ڕۆژنامەی افاق الفكر الماركسي؛ ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری بوو، دەستەی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی لینینی شۆڕشگێڕی عێراوەوە بڵاوی دەکردەوە.**

**ڕۆژنامەی احرار العراق؛ ڕۆژنامەی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی لینینی عێراقەوە بڵاوکراوی دەکردەوە.**

**بڵاوکراوەی الماركسي؛ مارکسیستە عێراقییەکان لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا بڵاویان دەکردەوە.**

**جێی ئاماژەیە، ئەم بڵاوکراوانەم لە بڵاوکراوەی هاوپشتی کرێکاری بەزمانی عەرەبی بەرچاو کەوت کە لە لاپەڕەی (بڵاوکراوە چەپیی و کرێکارییەکان) تەنها ناوەکانیان نووسراوە لەگەڵ ژمارەی بڵاوکراوەکەی کە گەیشتووە بە دەستی هاوپشتی. زۆرم هەوڵدا زانیاریم لەسەر ئەم بڵاوکراوانە دەست نەکەوت.**

---

**(١)بڵاوکراوەی هاوپشتی کرێکاری (بەزمانی عەرەبی) ژمارە چوار و پێنج ئازاری ١٩٩٣ لاپەڕە ١٢.**

**(*)نازانرێت چەند ژمارە لەو بڵاوکراوانە بڵاوبوونەتەوە.**

## بلێسە
## گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە (*)





**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**بڵاوکراوەی بلێسە تەنها یەک دوو بابەت ناوەکانی (تانیا حامد) و (کوردە عەبدولڕەحمان)یان بەسەرەوەیە. هەر بەناوی "بلێسە" گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کرێکاران و ڕەنجدەران، بە شێوەی نامیلکە هەبووە، کە ژمارە دووی لە مارتی ١٩٩٢ دەرچووە.(١). هەرچی ئیسماعیل تەنیایە دەڵێت (ئەلقەی کۆمۆنیستی بلێسە دەریان دەکرد، ئەلقەی کۆمۆنیستی بلێسە ساڵی ١٩٨٥ دروست ببووە و گۆڤارەکە لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوبۆتەوە.)(٢) گۆڤاری بلێسە بە دوو خوول دەرچووە و سەرجەم نۆ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. لەخوولی دووەمدا لە گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کرێکاران و ڕەنجدەرانەوە گۆڕداوە بە گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی تیئوریی.**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)ئیسماعیل تەنیا، مێژووی ڕۆژنامەگەری چەپی کوردی ١٩٧٥ – ١٩٩٢، سایتی دەنگەکان، کانوونی یەکەمی، ٢٠١٨.** https://dengekan.info/

**(*)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی و عەلی مەولوود، وەرگیراون.**

## سەرنجی کرێکار( * )
## بڵاوکراوەی کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقە کرێکارییەکانە
## ڕێکخراوی هەستەی کرێکارانی سۆشیالیست بڵاوی دەکردەوە




**سەرنووسەر : سامان کەریم**
**دەستەی نووسەران : خەسرەو سایە، ڕێنوار جەبار، سامان کەریم، ئاڵا فەرەج، گۆنا سەعید.**
**ئەم بڵاوکراوەیە لە کوردستان بە زمانی کوردی بڵاو دەبۆوە. ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٩١ هاتە بڵاوبوونەوە . ئاسۆ کەمال دەڵێت (سەرنجی کرێکار پێی وا بوو، دەبێ بچنە نێو کرێکاران، ڕابەران و پێشڕەوانی عەمەلی نێو بزووتنەوەی کرێکاری لەدەوری یەکتری گرێ بدەن و لەم ڕێگەیەوە هەنگاو بەرەو پێکهێنانی سازمان بدەین.(١)**
**سامان کەریم دەڵێت (لە سەرنووسەری سەرنجی کرێکاردا هەموو ژمارەکان سەرزووسەر بووم و هەشت ژمارەی لێ بڵاوبووە و لەگەڵ ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا لە تەموزی ١٩٩٣دا دوا ژمارەی خۆی بڵاوکردەوە. یەکەم ژمارەی لە ئابی ١٩٩١ دا بڵاوبووەوە.) (٢)**

---

**(١)لە وەڵامی ئاسۆ کەمال بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**
**(٢)لە وەڵامی سامان کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**
**( * )لەئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد،وەرگیراوە.**

(٤٨ و ٤٩)

## پەیامی کرێکار بلاغ العامل
## بڵاوکراوەیەکی سەرتاسەری کرێکاریی
## رێکخراوی یەکێتی خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکرد


پەیامی کرێکار


بلاغ العامل

العامل والنزعة القومية

**پەیامی کرێکار : بڵاوکراوەیەکی سەرتاسەری کرێکارییە**

**سەرنووسەر : تاهیر حەسەن**

**دەستەی نووسەران : رێبوار ئەحمەد، ئەحمەد موعین،**

**رێبوار ئەحمەد دەڵێت (من بەشداری راستەوخۆم هەبوو لە دەرکردنی (پەیامی کرێکار) بوو کە لە هاوینی ساڵی ١٩٩١ بە سەرزووسەری تاهیر حەسەن یەکەم ژمارەی دەرچ وو. تاهیر و گەشاو رەحیم و من بەشی زۆری کارەکانمان دەکرد. گەشاو تایپیست بوو، تاهیر سەرنووسەر و منیش نووسەری سەرەکی بووم بۆ بڵاوکراوەکە و لەماڵی تاهیر و گەشاو هەموو کارەکانمان دەکرد. ئەوکات دوای راپەرین سەرەتا رژێمی بەعس لە کوردستان دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەمابوو، ئەوەبوو دوواتر هەر دەرکرا، بۆیە پەیامی کرێکار بە تایپی دەستی دەنووسرا و لە بازار بە دەزگای کۆپی نوسخەی لەبەر دەگیرایەوە و لەبازاریش لەچەند ج ێگا دادەنرا بۆ فرۆشتنن. بابەتەکانی هەموو پەیوەست بوو بە هەواڵ و ریپۆرتاژ و گفتوگۆ لەگە ڵ هەڵسوڕاوانی کر ێکاری و مەسەلە کر ێکارییەکان لەگە ڵ وتاری کورت هەر لەم چوارچێوەیەدا، تارادەیەکی کەمیش لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ئەوکات قسەی دەکرد. ئەوەندەی بێتە وە بیرم رەنگە نزیک بە بیست ژمارەی لێ دەرچ وو.)(١) ئەحمەد موعین دەڵێت ( من ئەندامی دەستەی نووسەران بووم لە بڵاوکراوەی ( پەیامی کرێکار) کە لەلایەن یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە دەرئەچوو .سەرنووسەرەکەی تاهیر حەسەن بوو و لە ١٩٩١ بەدواوە دەردەچوو.) (٢)**

هەرچی بڵاوکراوەی (بلاغ العامل) بوو، بابەتەکانی تەرجەمەی پەیامی کۆمۆنیزم بوو وەردەگێڕدران و بڵاودەکرانەوە.

---

(١)لە وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)لە وەڵامی ئەحمەد موعین بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد، وەرگیراون.

## خەباتی کرێکار
## ئۆرگانی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی




سەرنووسەر : سەرەتا سەرنووسەری نەبووە و دواتر ڕێبوار ئەحمەد بووەتە سەرنووسەر.
ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت ( (خەباتی کرێکار) و بڵاوکراوەی (کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار) بوو، کە دواتر پاش ئەوەی ئەم گروپە لەگەڵ چەند مەحفەلی تر لە سەرەتای سا ڵی ١٩٩١ (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری)یان پێکهێنا، ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە بڵاوکراوەی ئەو ڕێکخراوە. لەسەرەتادا شێوەی ئەم بڵاوکراوەیە هەمان شێوەی (ئاسۆی سۆسیالیزم)ی هەبوو، من ئەزموونی دەرکردنی ئاسۆی سۆسیالیزمم بەکارهێنا بۆ دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە. ئەم بڵاوکراوەیە بە شێوەی سەرەکی لە دەورەی یەکەمدا تاهیر حەسەن و من نزیک بە هەم وو کارەکانی نووسین و ئامادە کردن و دەرکردنیمان دەکرد لە ماڵی تاهیر لە ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوەی ماڵەکەیان. برایم محەمەد هاوکاری زۆری دەکرد بۆ نووسینەوە و زیاد کردنی نوسخەکانی بە دەست. برایمیش هەر وەکو ئەوەی پێشتر سالار ڕەشید بۆ نووسینەوەی ئاسۆی سۆسیالیزم دەیکرد، بە کاغەزی تەنک (رایز) دەستی دادەگرت و هەرجارەی هەشت نوسخەی بە کاربۆن دەردەهێنا. واتە برایم زەمی هەبوو بە دوو نوسخە زیاتر بەسەر سالاردا. پاشان دەست بەدەست بڵاومان دەکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە تەنها بایەخی بە مەسەلە کرێکارییەکان دەدا و خۆی لەباس و پلیمیکەکانی ئەوکاتەی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی نەدەدا. شایەنی باسە دوو کرێکاری خەڵکی میسر کە هاوکاری تاهیر بوون لە کارگەیەکی بەردی مەڕمەڕ لە ناوچەی پێشەسازییەکەی سلێمانی، تازە دەستیان کردبوو بە ئاشنا بوون بەم بڵاوکراوەیە و گفتیان دابوو ئەوانیش بە عەرەبی بابەتی بۆ بنووسن، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە بەهۆی ئەزمەی خەلیج و داگیرکردنی کوەیت و مەترسی شەڕەوە گەڕانەوە بۆ میسر. لە بیرمە بڵاوکراوەکەمان نیشان دان و بۆمان ڕوونکردنەوە کە دەربارەی چییە بەڵام دڵنیانیم ئەگەر فریاکەوتن هیچی بۆ بنووسن یان نا. برایم محەمەد و گەشاو ڕەحیم و عەلی پێنجوێنی و وەستا خالد و ساهیرە محەمەد و هاوڕێیانێکی تر هاوکارمان بوون. وەکو وتم پاش دامەزرانی یەکێتی خەبات ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە بڵاوکراوەی ئەو ڕێکخراوە، لەم دەورەی دووەمدا ئەحمەد موعین و تاهیر و جەبار مستەفا و من ڕۆڵی سەرەکیمان

بوو له دەرکردنی بەڵام بە ڕەسمی لەسەرەتاوە سەرنووسەری نەبوو. دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەک من بووم بە سەرنووسەری تا دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق که ئیتر بڵاوکراوەکە ڕاوەستا. لەدەورەی دووەمدا بە شێوەی مەلزەمەی ئەی فۆر دەردەچوو، یەک دوو ژمارەی بە دەست و خەتی برایم و ئەو دوای بە تایپی دەستی دەنووسرایەوە و لە بازاردا بە فۆتۆکۆپی نوسخەکانی زیاد دەکرا.)(١)

---

(١)لە وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد، وەرگیراوە.

(٥١)

## خەباتی نوێ
## گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە
## یەکێتیی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان دەری دەکات



سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نازانرێت.

گۆڤاری خەباتی نوێ؛ وەک گۆڤارێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی یەکێتیی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان، ژمارە یەکی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە.(١)

---

(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ٤٦٤.

(٥٢)

## یەکسانی(*)

## بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان(**)


یەکسانی


یەکسانی
YAKSANY

**یەکسانی، وەک بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان؛ ژمارە یەکی ئەم بڵاوکراوەی یەکسانی لە مانگی تەمووزی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە یەک تا ژمارە هەشت سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی لەسەر نییە و لە ژمارە هەشتەوە فۆرمی بڵاوکراوەکە لە شکڵی ئەی چوارەوە دەبێت بە ڕۆژنامەی ئاسایی و لەو ژمارەیەوە واتە لە ژمارە هەشتەوە سەرنووسەر ناسک ئەحمەد و خاوەنی ئیمتیازی بڵاوکراوەکە نادیە عەلی بوون. دەستەی نووسەران بریتیبوون لە گەشاو محەمەد، ڕێگا ڕەئوف، نادیە عەلی، نەسرین ساڵح ، بەهار، زیبا حوسێن، کەژاڵ حەمەکەریم. پاشان لەژمارە نۆ بەدواوە دەستەی نووسەران بەمجۆرەی لێدێت : گەشاو محەمەد، ڕێگا ڕەئوف، نادیە عەلی، سهام حوسێن، نەسرین ساڵح، زیبا حوسێن، بەهار محەمەد، کەژاڵ حەمەڕەشید. هەورەها شایانی ئاماژەیە لەژمارەکانی دواتردا بەشی هەواڵ و سەرپەرشتیاری دەرچوونی بڵاوکراوەکەی خراوەتە سەر بەمجۆرە : ئامادەکاری بەشی هەواڵ : گەشاو محەمەد. سەرپەرشتیاری دەرچوون و بڵاوکردنەوە : نازەنین ساڵح. پاشان ئەم بەشانەش گەشە دەکەن و لە ژمارەکانی پاشتر بەمجۆرەی لێدێ : ئامادەکەری بەشی هەواڵی تیرۆری ژنان : گەشاو محەمەد. سەرپەرشتیاری دەرچوون : تارا عەبدوڵا و یاوەر عەدنان. سەرپەرشتیاری بڵاوکردنەوە : خولیا حوسێن، تارا عەبدوڵا.**

**لە ژمارە شانزەوە سەرنووسەر و دەستەی نووسەران بەمجۆرەی لێدێت : سەرنووسەر : ڕێگا ڕەئوف. خاوەن ئیمتیاز : نادیە عەلی. دەستەی نووسەران : شەبۆ محەمەد، گوڵاڵە ڕافع، ناسک ئەحمەد، تارا عەبدوڵا، کەژاڵ حەمەڕەشید، خەجاو محەمەد، خولیا حوسێن، فەریدە سەعید، مهاباد حەمکۆڵ. هەروەها ئامادەکردنی بەشی هەواڵەکان : گوڵاڵە ڕافع. سەرپەرشتیاری دەرچوون: تارا عەبدوڵا. سەرپەرشتیاری بڵاوکردنەوە : شیرین عەبدوڵا و خولیا حوسێن.(١)**

---

**(١)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی و نادیە عەلی و ڕێبوار ئەحمەد، وەرگیراون.**

**(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(**) ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری ژنانی نارازی و تێکۆشەر لەلایەن ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی بواری یەکسانی ژنان و پیاوان لەساڵی ١٩٩٣ لە کوردستانی عێراق هاتە دامەزراندن. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان و پاشان لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە پشتیوانی جیددی لێدەکرا. چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە جگە دروستکردن و کردنەوەی لقی ڕێکخراوکە لە شارەکانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی یەکسانی و سازدانی چەندین سیمیناری فیکریی و لەهەمووشیان گرنگتر گرێدانی خەباتی خۆیان بوو بە مارکسیزم و ئاسۆی ڕزگاری چینی کرێکارەوە.

## زەنگی ئاوارە

### بڵاوکراوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان(※)





سەرنووسەری بڵاوکراوەی زەنگی ئاوارە وەک بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان؛ قابیل عادل بوو و دەستەی نووسەران یان دروستتر بڵێم لیژنەی ئیعلامی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان بریتیبوون لە قابیل عادل، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، گۆران عەبدوڵا ، شاپوور عەبدولقادر و تاد بوون (١) کە هەر ئەو لیژنەی ئیعلامەش ڕۆژنامەکەیان دەردەکرد، کە تایبەت بوو بە ژیان و خەباتی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق. ڕۆژنامەی زەنگی ئاوارە ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٩٢ لە کوردستان بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە ئامێری تایپ چاپ دەکرا و لەبەری دەگیرایەوە و بە تیراژێکی کەم و بە قەبارەی ئەی چوار بڵاو دەبۆوە.(٢)

---

(١)بۆ مێژوو دەڵێم ڕاستە من وەک عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە لیژنەی ئیعلامی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان بووم و ئەوەش ڕاستە لیژنەی ئیعلام بڵاوکراوەکەی دەردەکرد، بەڵام من هیچ دەور و نەخشێکم نەبووە لە بڵاوکردنەوەی زەنگی ئاوارە، چونکە ئەوکات ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ بەزۆری سەرقاڵی دەرکردنی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و کارەکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بووم و فریای زەنگی ئاوارە نەدەکەوتم. هەورەها بەدروست بیرم نایەت جگە لەو ناوانەی سەرەوە چەند کەسیتر لە لیژنەی ئیعلام بوون.

(٢)لەوتوویژی نێوان ئامادەکاری ئەم کتێبە و گۆران عەبدوڵا وەرگیراوە.

(※)کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان، ڕێکخراوێکی جەماوەری ئاوارەکانی کوردستانی عێراق بوو و لەدوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١ هاتە دامەزراندن. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بریتیبوون لە بیست و چوار کەس کە دیارترینیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل و شوان داودی و عەلی سیاسی و ڕیاز کاکەشین بوون. پاشان ڕێکخراوەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ بەرەو ڕادیکاڵبوونەوە

چوو و شوان داودی جیابوووەوە لێیان. هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ بوو لە کۆبوونەوەیەکی گشتی ڕێکخراوەکەدا لێژنەیەکی باڵای بۆ هەڵبژێردرا و پاشان بڕیاریدا بڵاوکراوەی زەنگی ئاوارە دەربکات. کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی گێرا لە خزمەتکردنی ئاوارەکان. ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ تیرۆرکردنی ڕابەرە بەرجەستەکانی (قابیل عادل و شاپوور عەبدولقادر) لە ١٨ ی نیسانی ساڵی ١٩٩٨ بەدەستی تیرۆریستانی ئیسلامی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێکخراوەش هات.

## النضال الشيوعي(*)

## بڵاوکراوەیەکی سیاسی دەوریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق


النضال الشيوعي

**سەرنووسەر : سادق عەزیز / فارس مەحموود**

**بەڕێوەبەری نوسین : خالد نەجم**

**دەستەی نووسەران : ئاوات سەعید، سامان کەریم، نادیە مەحموود، ڕێنوار جەبار، سەلاح قاسم، عەمار شەریف، جەماڵ ئەیوب.**

**دەستەی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان : فاروق حەمید، هونەر هادی، وەلید محەمەد، هیوا جەمیل**

**دەرهێنانی هونەری : نینا**

**ئامادەکردنی هونەری : فەتاح مەمەند**

**خۆشنووس : عومەر خەتات**

**دابەشکردن : نەبەز سەلیم**

**بڵاوکراوەی النضال الشیوعی، وەک بڵاوکراوەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە زمانی عەرەبی لەدوای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوکراوەتەوە.(١)**

---

**(١)لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.**

**(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(٥٥)

## هەواڵنامەی شوورا

## زمانحاڵی شوورای پەنابەرانی عێراقی / تورکیا



سەرنووسەر : سەردار عەبدوڵا حەمە / نەوزاد عەبدوڵا

سەردار عەبدوڵا حەمە دەڵێت : من سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەواڵنامەی شوورا بووم. ( هەواڵنامەی شورا ) کە زمانحاڵی شوورای پەنابەرانی عێراقی بوو لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە گەڵ هاوکارم نەوزاد عەبدوڵا ژمارە یەکمان ئامادە بوو بۆ بڵاو کردنەوە بەڵام بەداخەوە لە لایەن میتی تورکیاوە دەسگیر کرام و ڕۆژنامەکە و چەندین نامیلکە و کتێبیشم دەستیان بەسەردا گیرا. ئەم بڵاوکراوەیە تەنها یەک ژمارەی لێ ئامادەکرا. واتە هەواڵنامەی شورا یەک ژمارە بوو لە ساڵی ١٩٩٤ دا ئەویش بڵاو نەکرایەوە بەوهۆکارەی پێشتر باسم کرد. هەوڵنامە کە بە تیراژی ٢٠ دانە بە دەستنووس و کاربۆن نووسرابووەوە. ئەو کاتە من تازە گەیشتبوومە تورکیا و لە ئەنقەرە لەگەڵ هاوڕێکانم پێشنیاری دەرکردنی ئورگانێکمان کرد کە هەواڵی پەنابەران و ڕێنوێنی پێویست بدا بە پەنابەران. بە هۆی ئەوەی ئەو کاتە ئەنترنێت و کۆمپیوتەر نەبوو وە خۆشمان قاچاغ بووین لە حکومەتی تورکیا بڕیارماندا تەنها بەدەستنوس و کۆپی لێ گرتنەوەی دەری بکەین و بڵاوی بکەینەوە. ئەوکاتە یەکەم ژمارەمان ئامادەکرد و تا ڕۆژێک میتی تورکیا هاتە ناو شوقەکەوە کە ئێمە چوار کەسی گەنج بووین لەوێدا دەژیاین دووانمان دەسگیر کراین دووانەکەی تر لەوێ نەبوون لەو کاتەدادەسگیر نەکران . لە زیندان مامەڵەی پارتی کوێکارانی کوردستان لەگەڵ کردین جگە لەوەی ئەشکەنجەو فەلاقەیەکی زۆری منیان کرد ڤیدیۆی بڵاوکراوەکە و هەرچی کتێب و پاساپۆرت بوو لەگەڵ خۆمدا گیراو دراین بەتەلەفزیۆن. پاشان دەرکەوت ئێمە (پە کە کە) نین پاش سێ ڕۆژ زیندانی، دیپۆرتی عێراق کراینەوە.(١)

---

(١)لە وەڵامی سەردار عەبدوڵا حەمە بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

## دەنگی پەنابەر(*)

### ڕۆژنامەیەکی وەرزیی شورای پەنابەرانی عێراقی لە تورکیا



سەرنووسەری نەبووە.

دەستەی نووسەران : ستاری چیمەنتۆ، کامەران ئەحمەد.

ستاری چمەنتۆ دەڵێت ( بڵاوکراوەی دەنگی پەنابەر تەنها من و هاوڕێ عیماد( کامەران ئەحمەد ) لە مانگەکانی شوبات هەتا حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٧ لە تورکیا دەرمان دەکرد. (**)بە دەست و خەت هاوڕێ کامەران دەینووسیەوە و لەسەر لاپەڕەی ئەی سێ کۆپیمان دەکرد و لەنێو پەنابەراندا لە شارەکانی چانکری و ئەنقەرە بڵاو دەکرایەوە. بابەتەکانی بریتی بوون لەهەواڵی ژیانی پەنابەران لە تورکیا و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵوێستە دژە پەنابەرییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، جگە لەوانەش هەواڵی ژمارە و لێشاوی ئاوارەیی بەهۆی شەڕ و بارودۆخی خراپی ئابووریی وڵاتان. هەروەها زۆر بابەتی تری وەک بارودۆخی عێراق و کوردستان وناچاربوونی خەڵکیی بە ئاوارەیی وپەنابەر بوون، لەلایەک بەهۆی گەمارۆی ئابووری ولەلاکەی تریش دەسەڵاتی ڕەشی ڕژێم و شەڕی نێو باڵەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامیەکان. بەداخەوە هیچ کامێک لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم لا نەماوە. بەڵام لەبیرم دێ کە چەند ژمارەیەکمان نارد بۆ وڵاتی ئەڵمانیا.) (١) کامەران ئەحمەد دەڵێت ( بۆ مێژوو ئەڵێم کە لە تورکیا لەگەڵ هاوڕێ ستاری چیمەنتۆ فیدراسیۆنمان دەرئەکرد، تا شەش ژمارە کە ئەو کات لە تورکیا بووم بەدەست نووسیمنەوە و بڵاومان کردەوە.)(٢)

---

(١)لە وەڵامی ستاری چیمەنتۆ بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)لە وەڵامی کامەران ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*) تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: ستاری چیمەنتۆ دەڵێت ناوی بڵاوکراوەکەمان دەنگی پەنابەر بوو، کەچی کامەران ئەحمەد بە فیدراسیۆن ناوی دەبات.

(**)تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: هەروەها ڕۆژنامەی وەرزیی بۆ خۆی جێی پرسیارە. گۆڤار یان بڵاوکراوەی وەرزیی ئاساییە، بەڵام بۆ ڕۆژنامە گونجاو نییە. پاشان لە مانگی شوبات تا حوزەیران دەکاتە پێنج مانگ، کەچی لە پێنج مانگە شەش ژمارەی بڵاوکراوەکەیان دەرکردووە. بۆیە هەست دەکەم وەرزیی نەبووە و ڕەنگە مانگانە بووبێت.

## شورا

## بڵاوکراوەی شورای پەنابەرانی عێراقی لە تورکیا



شورا

COUNCIL

دەربارەی ئەرکەکانی بڵاوکراوەی "شورا"

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

شورا؛ وەک بڵاوکراوەی شورای پەنابەرانی عێراقی لە تورکیا بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە و تایتڵەکەشی بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراوە. عەلی مەولوود دەڵێت (ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە بە تابیعە تایپ کراوە و لەسەر کاغەزی فۆڵسکاپ ئەی شەش کۆپی کراوە.)(١)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(٥٨)

## شوورا

## بڵاوکراوەی پەنابەرانی عێراقی لە تورکیا



**سەرنووسەر : سەمیر نووری**

**شوورا؛ بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی پەنابەرانی عێراقی بوو لە تورکیا لە نیوەی دووەمی دەیەی نەوەدەکان بڵاودەبووەوە. سەمیر نووری دەڵێت (شوورا ڕۆژنامەیەکی دەستنووس بوو لە تورکیا لەلایەن شوورای پەنابەرانی تورکیا دەردەکرا، من بۆ ساڵێک(١٩٩٧) سەر نووسەری بووم وچەند ژمارەیەکم لێ دەرهێنا.)(١)(*)**

---

**(١)لە وەڵامی سەمیر نووری بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*) تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: لەدەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ژمارەیەکی زۆر پەنابەرانی عێراقی لەوڵاتی تورکیا بوون. لەو دەیەیە چەندین بڵاوکراوەی پەنابەریی لێکچوو دەرچووە و بڵاوبووەتەوە. من هەوڵمداوە زانیارییەکان لێرەدا تۆمار بکەم. ئەگەر هەر دووبارەبوونەوەیەکیش ڕوویدا بێت، دەکۆشم لە چاپەکانی داهاتووی کتێبەکە چاکیان بکەمەوە.**

## شورا

## بڵاوکراوەی لایەنگرانی دەسەڵاتی جەماوەری


شورا
نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی دیار نییە.

بڵاوکراوەی شورا؛ لەلایەن لایەنگرانی دەسەڵاتی جەناوەری لە کوردستان بە زمانی کوردی و بەشێوەی نامیلکەی تایپکراو ژمارە یەکی لە مانگی شوباتی ١٩٩٢، بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەتە دروشمی ( نان کار ئازادی حکومەتی شورایی) هەڵگرتبوو. ئامانجی ئەم گروپە بەرپاکردنی شورا شۆڕشگێڕەکان بوو لە کوردستان.

---

( * ) لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(٦٠)

## شورا

## بڵاوکراوەی شورای پەناهەندەکان لە فینلاند




**شورا؛ بڵاوکراوەی پەناهەندەکان لە وڵاتی فینلاند لەپێناو خزمەتکردن بە کێشەی پەنابەران هاتۆتە بڵاوکردنەوە. ژمارە ٢ی لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٣ بڵاوبووەتەوە.(*)**

---

(*)**نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە.**

(**)**لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

## پەیامی نوێ

## بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی خوێندکاران و لاوانی کوردستان


پەیامی نوێ

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە یان نەزانراوە.

ژمارە یەک لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٥ دا بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەی پەیامی نوێ؛ وەک بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی خوێندکاران و لاوانە لە کوردستان، تیایدا هاتووە ( کەناڵێکە کە تیایدا ڕێکخراو هەوڵ ئەدات هێزی نارەزایەتی خوێندکاران و لاوان بهێنێتە مەیدان بەشکڵی ڕێکخراو لەپێناو جێبەجێکردنی داواکارییە ئینسانییەکانیان و هەروەها هەرچی زیاتر سائیدکردنی عەقڵییەتی یەکسانیخوازی لەنێویاندا(١)

---

(١)بڵاوکراوەی یەکسانی ژمارە ١٢، ٢٨ ی ئابی ١٩٩٥ لاپەڕە ٢.

(*)لەئەرشیفی نادیە عەلی، وەرگیراوە.

## دەنگی بێکاران
## ڕۆژنامەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان


دەنگی بێکاران

**سەرنووسەر : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / عەبدولڕەحمان مەولوود**

**دەستەی نووسەران : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و گۆران عەبدوڵا و جەماڵ یوسف ئەحمەد چاوشین و عەبدولڕەحمان مەولود، وەستا سابیر، فەرهاد فەرەج،ئازاد کەریم.**

**ژمارە یەکی لە ئابی ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوتەوە. سەرەتا سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەبووە، بەڵام ڕانەگەیێنرا. تەنانەت سێ ژمارەی یەکەم وتارەکان بەبێ ناو دەنووسران. بەڵام لە ژمارە سێوە ئیتر وەردە وردە دەست کرا بە دانانی ناو لەسەر وتارەکان و لەدوای ژمارە حەوتیش سەرنووسەر دیاریکرا.**

**یەکەمین سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)بوو. دواتر عەبدولڕەحمان مەولوود بووە سەرنووسەر و ئیتر ئاوا ڕۆژنامەکە لەنێوان ئەم دوو سەرنووسەرە لەهاتوچۆدا بوو. عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت(لێژنەی ئیعلامی یەکێتیی بێکارانیش کە من و کاک گۆران عەبدوڵا و عەبدولڕەحمان مەولوود و جەماڵ چاوشین بووین، توانیمان دەست بکەین بە ئامادەسازی بۆ دەرکردنی یەکەمین ژمارەی دەنگی بێکاران. من وەک سەرنووسەر دیاریکرام و دەستم کرد بە ئیش بۆ ڕۆژنامەکە. ئەوە بوو ژمارە یەکی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران وەک ڕۆژنامەی یەکێتیی بێکاران- هەولێر لە مانگی ئابی ١٩٩٢ هاتە بڵاوبوونەوە. من گەرچی سەرنووسەر بووم، بەڵام نە ناوی سەرنووسەرمان لەسەر نووسی و نە بابەت و وتارەکانمان بە ناوەوە بڵاو کردەوە. ئەمەش خاڵی لاوازی ڕۆژنامەکە بوو.**

**هەروەها وەکچۆن سەرنووسەر دیاریکرابوو و ناوی لەسەر ڕۆژنامەکە نەنووسرابوو، ئاواش دەستەی نووسەران کە ئەم هاوڕێیانە بوون (**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و گۆران عەبدوڵا و جەماڵ چاوشین و عەبدولرەحمان مەولود) ناویان لەسەر ڕۆژنامەکە نەنووسرابوو.)(١)**
**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت (تێدەکۆشاین بۆ برەودان بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی ئاشکرا.) (٢)**
**گۆران عەبدوڵا دەڵێت (یەکێتی بێکارانی هەولێر مانگنامەیەکی بەناوی (دەنگی بێکاران) هەبوو، یەکەمین ژمارەی لە ئابی ١٩٩٢ بڵاوکرایەوە و لە ژمارە حەوت بەولاوە بوو بە زمانحاڵی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان)، ئەم ڕۆژنامەیە هەژدە ژمارەی لەگەڵ چەند پاشکۆیەک لێدەرچوو. دەستەی نووسەرانی لە سەرەتادا ئەم کەسانە بوون ( جەماڵ چاوشین، عەبدوڵڵا سلێمان، عەبدولڕەحمان مەولود ، جاسم محەمەد و گۆران عەبدوڵلا). پاش سەرتاسەریبوونەوە، هاورێیانی سلێمانیش بەشداربوون، لەو هاورێیانەی کە لەیادمدا ماون؛ فەرهاد فەرەج ، ئازاد، سەلام مارف و چەندان هاورێی تر، بەڵام زیاتر وەک نووسین. تایپکردنی هەموو ژمارەکان لەسەر شانی من بوو. وەکو نووسین زۆربەی هەڵسوڕاوانی بێکاران لە نووسین و دارشتنی هەواڵدا بەشداردەبوون، دەکرێت لەو بارەوە بۆ زانیاری زیاتر بگەرێینەوە بۆ ئەرشیڤی ژمارەکانی دەنگی بێکاران.)(٣) هەروەها گۆران عەبدوڵا دەڵێت(یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانی دەنگی بێکاران هەروەها کاری تایپ و مونتاژو راکێشانی بە شێوەی ئیستینساخ لە ئەستۆی خۆم بوو. ماشێنی تایپکردنەکەشمان لە لایەن هاورێیانی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست ەوە پێ بەخشرا لە ریگای هاورێ سەلاح چاو شینەوە. ئێمە وەک هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لە تەمەنی خۆیدا هەژدە ژمارەی دەنگی بێکارانمان دەرکرد لەگەڵ چەند پاشکۆیەک. ژمارە یەکی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لە یەکی ئابی ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە. ژمارە هەژدەش لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.)(٤) عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بەمجۆرە لە ڕۆژنامەکە دەدوێت: (تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لە رووی سیاسییەوە:**

**یەک : دەنگی بێکاران دروست زمانحاڵی یەکێتی بێکاران لە کوردستان بوو و تێدەکۆشا لە پێناوبردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).**

**ئەلیف : سەرتاسەری کردنەوەی یەکێتی بێکاران و پەلوپۆ هاویشتن بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان.**

**بێ : جێ خستنی سوننەتی کۆبوونەوەی گشتی وەکو شێوازێکی گونجاووخەباتکارانە لە ڕێرەوی خەباتی چینایەتی بێکاران.**

**جیم : وشیار کردنەوەی جەماوەری بێکارانی کوردستان بەئاسۆ و ئامانجی ئینسانی و خەباتکارانەو یەکخستنیان لە (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).**

**دوو : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا هەواڵ و خەباتی کرێکاران و بێکارانی عێراق و ناوچەکە و جیهان بڵاو بکاتەوە.**

**سێ : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا هەواڵی خەبات و تێکۆشانی جەماوەری کرێکاران و بێکارانی کوردستان بڵاوبکاتەوە.**

**چوار : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا مەودا(فاسیلە)ی نێوان بێکاران و کرێکارانی لەسەر کار نەهێڵێ و یەکێتی یەکی چینایەتی هاوبەش پێک بێنێ،**

**پێنج : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا دەرس و ئەزموونەکانی ڕابردووی چینی کرێکاری عێراق بڵاوبکاتەوە.**

**شەش : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا ڕوانین و بۆچوونی سیاسی خەباتکارانەی خۆی لەسەر کێشەو مەسەلە سیاسی و هەنووکەییەکانی ئەو ڕۆژگارە بڵاو بکاتەوە.**

**حەوت : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بەش بەحاڵی خۆی ڕۆڵی خۆی بگێرێ لە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەر(شیعر..کاریکاتێر)**

هەشت : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بۆ قانون کارێکی کرێکاری و دیموکراتی کە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بپارێزێ و سەنگەرێک بێت لەبەرامبەر هێرشەکانی بورژوازی و خاوەن کاران.

نۆ : دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بۆ جێکەوتە بوونی لەنێو بزاڤی ڕۆژنامە گەری کوردی و بە ڕەسمی ناسینی لەنێوەندە سیاسی و ڕەسمییەکانی کوردستان. هەر بۆیە لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی(ڕێگای کوردستان..ئاڵای ئازادی..بۆ پێشەوە..پەیامی کرێکار..سەرنجی کرێکار..گۆڤاری دیموکراسی...تاد).

تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لە ڕووی هونەرییەوە:

ئاستی هونەری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لاواز بوو، ئەمەش هۆکارێک بوو کەلەئاستی دەرەوەدا مامڵەیەکی جیددی لەتەکدا نەدەکراو تەنانەت لەبەر زۆر وردی نووسینەکان و ئیستنساخی کاڵ نەیدەتوانی بەئاسانی جێ بکەوێ

١-دەنگی بێکاران بە ڕوپەڕی لاپەڕەی فۆڵسکاپی چوار لاپەڕەیی و بەتیراژی (٥٠-١٠٠)نوسخە بڵاو دەبۆوەو دواتریش لەشارەکانی تری کوردستاندا لەبەری دەگیرایەوە(ئیستنساخ دەکرایەوە)،(دیارە ئەمە وەک سەرەتا بەڵام دواتر لاپەڕەکانی دەنگی بێکاران زیاد کرا).

٢- دەنگی بێکاران بەتایپ تایپ دەکرا و دەردەهێنرا و هیچ ئیمکانێتێکی کۆمپیوتەری لەبەردەستدا نەبوو.

٣- مۆنتاجی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران زۆر سادە و لاواز بوو،هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لەمەیدان نەبوونی کادیری ئەکادیمی وپسپۆڕان لەو بوارەدا و کارنەکردنیان لە لیژنەی ئیعلامی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).

٤- نەبوونی پیلانێکی ڕێک بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان لە کاتی دیاریکراودا.

٥- لەئارادا نەبوونی تۆڕی پەیامنێری چالاک کەبتوانێ ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران زیندوو ڕابگرێ و پێ بە پێی ڕووداوەکان ئەویش ئامادەیی خۆی هەبێ.

دیارە هەموو ئەم خاڵە لاوازە هونەرییانە دەتوانرا بە بوونی ئیمکاناتێکی ماڵی گەورە و بەهێز زاڵ بین بەسەریدا. بەڵام ئیتر ئەوە واقیعەکە بوو و تەنانەت هەڵسوڕاوان و ئەندامانی لیژنەی باڵای (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) لە سەختترین وەزعی ماڵی و تاڵترین ژیاندا ئەم مێژووە پڕ لەشانازییەیان تۆمار کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) تا دەهات جەماوەری تر و ناسراو تر و ڕۆژنامەکەشی لە ئاستێکی بەربڵاوتر بڵاودەبۆوە.جا بۆ ئاشنا بوون بەو قۆناغە هەستیارەی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران ،پێویستە سەرنج بدەینە ڕێگرییەکانی بەردەم (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) و دەنگی بێکاران.

ڕێگرییەکانی بەردەم ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران" لە ئەو قۆناغەدا بەبڕوای من ئەمانەن:

١-تەبلیغ و هێرشێکی بەربڵاو و نەوەستاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو نەریتێکی کۆنەپەرستانەی خۆی دژ بە هەڵسوڕاوان و کادیرەکانی(ی ب ک ) و تاوانبارکردنیان جارێک بە (ڕەوتی کۆمۆنیست ) و جارێکی تر بە دەسیسەی حکومەتی بەعس و تابووری پێنجەم!!!،کەئەمەش کاریگەری خراپی هەبوو بەسەر زەینی جەماوەردا و لەهەندێ حاڵەتدا دەبووە تەکاندنەوەی خەڵک لە (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).

٢-سیاسەتە نادروست و نا ڕۆشنەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوسای کوردستان (ڕەوتی کۆمۆنیست ، سەرنجی کرێکار ، یەکێتی خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست ) و دوواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە بەرخوورد بە خەباتی جەماوەری و (یەکێتیی بێکاران لە

**کوردستان) و ئاراستە کردنی ئەندامەکانیان لە پێناو خزمەت کردن بە ڕێکخراو و مەحفەلە سیاسییەکانیان و فەرامۆش کردنی بەرژەوەندی جەماوەری بێکاران و دەست خستنە نێو کاروباری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و بەلاڕێ دابردنی.**

**٣- نەبوونی هیچ پێشینەیەکی خەباتکارانە و مێژوویی لە سەر خەباتی عەلەنی و قانونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ،بەتایبەتی لەبواری ڕۆژنامەوانی و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەکو دەنگی بێکاران .ئەم ناڕۆشنی و ناشارەزاییە لە بواری ڕۆژنامەگەری بووە هۆی بەرجەستە نەبوونی ئەو جەسارەتەی کە ڕابەر و کادیر بەرجەستە بکرێنەوە.(بۆ نموونە وەک بەیان نەکردنی سەرنووسەر لە ژمارە سەرەتاکانی دەنگی بێکاران،لەکاتێکدا (عەبدوڵا سلێمان)بەعەمەلی سەرنووسەر بوو) یان (سەروتار و ڕاپۆرت و بانگەواز و هەندێ نووسینی تر بەناوی شەخسی بڵاو نەدەبوونەوە.(**

**٤- گۆڕینی دەنگی بێکاران بەشوێنی ململانێی مەیل و تێڕوانینە سیاسی یە جیاوازەکانی دەرەوەی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان)وفەرامۆش کردنی ئەڵقەی ئەسڵی خەباتی بێکاران.**

**٥-نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی و لەئارادا نەبوونی هیچ پاڵپشتێکی ماددی بەردەوام لەدەرەوەی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).ئەم خاڵە کاریگەرییەکی جیددی هەبوو لەچارەنووسی خەباتی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و زۆر جاریش دەبووە هۆی دوواکەوتنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە.**

**٦- نەبوونی تێگەیشتنێکی دروست لەمەڕ پەیوەندی سیاسی و دۆستانە و هاوکاری دەنگی بێکاران و ڕۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمە و زاڵ بوونی ئەو دیدگایەی کە نزیک بوونەوە لە ڕۆژنامە ئاشکراکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ،بە مانای بورژوازی بوونە و چوونە دەرەوەی ئەڵقەی ڕادیکاڵیەتە.!!**

**٧-تێکەڵکردنی کاری ئاشکرا و کاری نهێنی و تێنەگەیشتن لە میکانیزمی ئەم پەیوەندییە، کاریگەری نێگەتیڤی دانا لەسەر بەشێک لە هەڵسوڕاوانی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران.**

**٨- کێشمەکێش و گۆڕینی سەرنووسەری دەنگی بێکاران و هاتوچۆ کردنی ڕۆژنامەکە لەنێوان(عەبدوڵا سلێمان ) و (عەبدولڕەحمان مەولود)دەبووە هۆی ئەوەی کەنەخشە و کار و چالاکییەکانی سەرنووسەر لەبواری بردنە پێشەوەی دەنگی بێکاران سستی تێبکەوێ و تەنانەت بوەستێ.**

**یەکێتیی بێکاران لە کوردستان؛ سەرباری ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی پیایدا تێپەڕی و سەرباری هەر ناڕۆشنی و هەر ڕێگریەکیش لەبەردەمیدا،توانی ببێتە خاڵێکی درەوشاوە و پڕ لەشانازی خەباتی ڕادیکاڵیزم و بێکارانی کوردستان و ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانیش ببێتە ئەستێرەیەک لەئاسمانی خەباتی ئاشکرا و جەماوەری کوردستان.**

**ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی کوردستان:**

**١- ببێتە یەکەمین زمانحاڵی ڕێکخراوێکی جەماوەری و ئاشکرای وەک (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان).**

**٢- ببێتە یەکەمین بڵندگۆ بۆ لێکهەڵپێکرانی خەباتی بێکارانی کوردستان لەژێر دروشمی(کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری).**

**٣- ببێتە یەکەمین ڕۆژنامەی ئاشکرای جەماوەری بێکاران کە بەرهەڵستی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.**

**٤-ببێتە یەکەمین مینبەر بۆ ئینسیجام پێدانی هەڵسوڕاوان و کادیرانی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.**

**٥- ببێتە یەکەمین تاقیکردنەوە و ئەزموون و ببێتە بناغەیەک کە دوواتر لەسەر تەجرەبە کەڵەکەکراوەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان)ڕێکخراوی لەچەشنی (اتحاد العاطلین عن العمل فی العراق ) دابمەزرێ ،کەئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ هەڵسوڕاوانی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان)(٥)**

---

**(١)و(٢)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم بیرەوەی شاعیرێکی جەنگاوەری مارکسیست ، چاپی یەکەم، ٢٠٢١ لاپەڕەکانی ٢١٢ و ٢١٣.**

**(٣)مێزگردی گێڕانەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و خەباتی جەماوەریی لەساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٨، بەشی شەشەم چاپی یەکەم ئابی ٢٠١٣.**

**(٤)لە وەڵامی گۆران عەبدوڵا بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٥)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران ئەزموون و مێژوو، ڕۆژنامەی هاوپشتی کرێکاری، ژمارە یەک، خولی چوارەم ، پانزەی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.**

**(*)لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.**

## خەباتی بێکاران

### ڕۆژنامەی باڵی جیابووەوەی ناو یەکێتی بێکاران لە کوردستان/ سلێمانی(*)


خەباتی بێکاران

سەرنووسەر : فەرهاد فەرەج

خاوەنی ئیمتیاز : حاجی ئەنوەر

دەستەی نووسەران : عەباس شوان، فەرهاد فەرەج، ساکار محەمەدئەمین، سەروەر کەریم

مۆنتاج و ئامادەکردن : فەرهاد فەرەج

خەباتی بێکاران ژمارە دووی لە نیسانی ١٩٩٤ دەرچووە بە فولسکاب بە قەبارەی ئەی شەش. سەرنووسەر فەرهاد فەرەج، خاوەنی ئیمتیاز حاجی ئەنوەر ، نووسراوە " ئۆرگانی ڕێکخراوی بێکاران لەکوردستان"سەروەر کەریم و فەرەیدون و سەلام عەبدوڵا تیایدا نووسیویانە ژمارە شەشی بە قەبارەی ئەی سێ شەش لاپەڕە دەرچووە، لە نیسانی ١٩٩٥. نووسراوە " بڵاوکراوەی ڕێکخراوی بێکاران لە کوردستان" دەستەی نووسەران ( عەباس شوان ، فەرهاد فەرەج، ساکار محمدامین، سەروەر کەریم.)(١)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارێکی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی و عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب)، وەرگیراون.

## هەواڵنامەی خۆپیشاندان
## هەواڵنامەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان/ سلێمانی


هەوالنامەی خوپیشاندان

**ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بە ئاکسیۆنی نۆزدەی مانگی شەشی ١٩٩٢ ی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، کە لە لایەن یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لقی سلێمانییەوە ئامادە کرا و بڵاوکرایەوە. گۆران عەبدوڵا دەڵێت ( هەواڵنامەی خۆپیشاندان لەلایەن یەکێتی بێکارانی سلێمانییەوە دەردەکرا، تایبەت بوو بە خۆپیشاندانی ١٩٩٣/٦/١٩ کە بریار بوو بەرپابکرێت. لەوە دڵنیانیم، کە چەند ژمارەی لێدەرچوو، بەڵام یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٦/٢١ بڵاوکرایەوە. نووسەرەکانی (سەڵاح چاوشین، ئەنوەرە سوور، کاژاو جەمال، عەبدولرەحمان مەولوود) دەستەی بەرێوەبردنی دیاری نەکرابوو.)(١)**

---

**(١)مێزگردی گێڕانەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و خەباتی جەماوەریی لەساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٨، بەشی شەشەم چاپی یەکەم ئابی ٢٠١٣.**

**(*)لە ئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.**

(٦٥)

## ڕێگای کرێکاران

## بڵاوکراوەیەکی کرێکاریی بوو

## یەکێتیی کرێکاران لە کوردستان فیدراسیۆن بڵاوی دەکردەوە(*)


ڕێگای کرێکاران

**سەرنووسەر : عەبدولڕەحمان مەولوود**

**عەبدولڕەحمان مەولوود دەڵێت ( بڵاوکراوەی ڕێگای کرێکاران تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. ژمارە یەک و دووی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ بڵاوبۆتەوە.)(١)**

**گۆران عەبدوڵا دەڵێت ( بڵاوکراوەی ڕێگای کرێکاران زمانحاڵی (یەکێتیی کرێکاران لە کوردستان"فیدراسیۆن") بوو، ئەم ڕێکخراوە لە ١٩٩٤/٧/٨ لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕێکخراوەیەکی تری کرێکاران لەگەڵ یەکێتیی بێکاران ئەم ڕێکخراوەیە پێکهات. ژمارە یەک و دووی (ڕێگای کرێکاران) لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڵاوکرانەوە، بەو پێیەی ناوی دەستەی نووسەران نەنووسراوە، دڵنیا نیم لەوەی دەستەی نووسەرانەکەی لە کێ پێکهاتبوو، بەڵام سەرنووسەرەکەی عەبدولڕەحمان مەولود بوو.)(٢) هەروەها دەڵێت(وەک تێبینییەک ئەم بڵاوکراوەیە (ڕێگای کرێکاران) بە هەمان شێوەی دەنگی بێکاران کاری تایپ و مونتاژی لە سەر شانی من بوو.)(٣)**

---

**(١)لە ڤیدیۆ وەڵامی عەبدولڕەحمان مەولوود بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)مێزگردی گێڕانەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و خەباتی جەماوەریی لەساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٨، بەشی شەشەم چاپی یەکەم ئابی ٢٠١٣.**

(٣)له وەڵامی گۆران عەبدوڵا بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.
(*)لەئەرشیفی عەبدولڕەحمان مەلوود، وەرگیراوە.

(٦٦)

## چنین
## بڵاوکراوەی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنین / هەولێر (*)


چنین

سەرنووسەری نەبووە.
دەستەی نووسەران : عەبدولڕەحمان مەولوود، یوسف بەکر و دیار خەلیل
ژمارە یەکی لە کۆتایی نیسانی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە.
عەبدولڕەحمان مەولوود دەڵێت (ئەم ڕۆژنامەیە یان بڵاوکراوەیە لە دەیەی نەوەدەکان لە شاری هەولێر لەلایەن چەند هەڵسوڕاوێکی کارگەی نەسیجی هەولێر بڵاوکراوتەوە. ژمارە یەک و دوومان پێکەوە دەرکرد و من و دیار خەلیل و یوسف بەکر سەرپەرشتیمان دەکرد.)(١)

---

(١)لە وەڵامی عەبدولڕەحمان مەولوود بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.
(*)لەئەرشیفی عەبدولڕەحمان مەلوود، وەرگیراوە.

# بەرەو شووراكان

## بڵاوكراوەی كۆمەڵێك هەڵسوڕاوی شوورایی لە كوردستان



**سەرنووسەر : شەهاب جەماڵ**

**دەستەی نووسەران: نەیبووە.**

**عەلی مەولوود دەڵێت (ساڵی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٥ بڵاكراوەیەک هەبوو بەناوی ( بەرەو شووراكان) هاوڕێ شەهاب جەماڵ سەرنووسەری بوو چەند ژمارەیەكی لێدەرچووە.)(١)**

**شەهاب جەماڵ دەڵێت ( ساڵی ١٩٩٤ كاتێک هەوڵ بۆ زیندووكردنەوە و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شوورایی دەستی پێكرد،، كۆمەڵێک كۆبوونەوە ئەنجام دران. لە یەكێک لەو كۆبوونەوانەدا كە كۆمەڵێک هەڵسوڕاوی شوورایی و ئەندام و سەركردەی (حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق )ی تیادا بوو(من ئەو كاتە ئەندامی حیزب نەبووم(، ناسک ئەحمەد، تاهیر حەسەن، بەهادین، مامۆستا دڵشاد و هەندێک هاوڕێی تری لێبوون،، ناویانم بیر نەماوە. لەوێ پێشنیار كرا بڵاوكراوەیەک ببێتە زمانحاڵی بزووتنەوەكە، هەفتانە یان مانگانە دەربچێت .من هەندێ پێشنیار و ڕوونكردنەوەم خستە ڕوو بۆ چۆنیەتی نووسین و دەركردنی، دواتر وەک سەرنووسەر دیاریكرام. بە پێشنیاری ناسک ئەحمەد ناوی بڵاوكراوەكە نرا (بەرەو شووراكان).**

**یەک: كۆكردنەوەی نووسین و نووسینی هەندێک بابەتم لەسەر شان بوو. هاوڕێ حەسەن چاپی دەكرد. من ئەو كاتە كارم دەكرد و داهاتێكی مانگانەم هەبوو، بۆیە لەسەر ئەركی خۆم ڕاكێشانی پەنجا بۆ سەد ژمارەم دەكرد و بڵاو دەكرایەوە.**

**دوو: سێ تا چوار ژمارەی لێ دەرچوو. دوا ژمارە لە هەشتی مارسی ١٩٩٥ دەرچوو.**

**سێ: بەردەوام بوونی كەم بوو، نەگەیشتە ساڵ، هەموو جارێک نزیكەی سەد دانەی بڵاودەكرایەوە ..**

**چوار: نووسینەكان بە تایپی دەستی چاپ دەكران لەلایەن هاوڕێ حەسەن. دواتر لەسەر لاپەڕەی ئەی سێ ڕێكمان دەخست و لە چاپخانە كۆپی دەكران .لە لایەن هەڵسوڕاوانی حزب و یەكێتی بێكارانەوە بڵاو دەكرانەوە.**

**پێنج: .دوا ژمارە كە بەبۆنەی هەشتی مارسی ١٩٩٥ دەركرا، لەلام مابوو، وێنەی ئافرەتێک كە بە مستەكۆڵە بەرەو ڕوو وەستاوە، بەڵام لەو چەند ساڵەی دوایی زۆر گەڕام نایدۆزمەوە.**

**شەش: بابەتەكان بەگشتی لەسەر مێژووی شوراكانی ١٩٩١ بوون، هەوڵ بوون بۆ ڕێكخراوكردنی خەڵک لە گەڕەک و شوێنی كار.(٢)**

(١)له وه‌ڵامی عه‌لی مه‌ولوود ( ئاسۆ غه‌ریب) به پرسیاره‌کانی ئاماده‌کاری ئه‌م کتێبه‌.

(٢)له وه‌ڵامی کامه‌ران شه‌هاب جه‌ماڵ به پرسیاره‌کانی ئاماده‌کاری ئه‌م کتێبه‌.

(٦٨ و ٦٩)

## بەرەو یەکی ئایار / نحو الاول من آيار

## بڵاوکراوەیەکی کرێکارییە، کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار لە هەولێر بەرهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکرد







بەرەو یەکی ئایار

کام یەکی ئایار؟



نحو الاول من آيار

بڵاوکراوەی بەرەو یەکی ئایار ژمارە یەکی لە چواردەی ی نیسانی ١٩٩٣ دا لەلایەن کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار – هەولێر بڵاوکراوەتەوە، پاشان چەند ژمارەی تری بەدوادا هات. دەستەی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوەکە بریتیبوون لە یوسف بەکر و گۆران عەبدوڵا و سەلاح چاوشین. بۆ یەکی ئایاری ساڵی دواتر واتە ١٩٩٤ ، ژمارە یەکی بڵاوکراوەی بەرەو ئایار کە نووسراوە ( بڵاوکراوەیەکی کرێکارییە بۆ پێشوازی لە یەکی ئایار فیدراسیۆن دەری دەکات لە نیسانی ساڵی ١٩٩٤ دا بڵاوکراوەتەوە و نرخی دوو دیناری لەسەر نووسراوە. گۆران عەبدوڵا دەڵێت(بڵاوکراوەی بەرەو یەکی ئایار کە تایبەت بوو بە کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار ١٩٩٣، سێ ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. دەستەی بەڕێوەبردن: یوسف بەکر، سەلاح چاوشین و گۆران عەبدوڵلا. نیسانی ١٩٩٤ دووبارە بۆ پێشوازی لە یەکی ئایار وەک فدراسیۆن بڵاوکراوەی: بەرەو یەکی ئایارمان دەرکرد و بەهەمان شێوەی ساڵی پێشوو سێ ژمارەمان بەشێوەی ئیستنساخ لێ بڵاوکردەوە. دەستەی بەڕێوەبردن: عبدولرەحمان مەولود، سەردار حەمید و گۆران عەبدوڵلا. وەک تێبینییەکە بە هەمان شێوەی دەنگی بێکاران کاری تایپ و مونتاژەی ئەم بڵاوکراوانەش لە سەر شانی من بوو.)(٢)

بۆساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەی یەکی ئایار وەک بڵاوکراوەی تایبەت بە ڕۆژی ججیهانی خەباتی کرێکاری، جارێکی تر دەردەکرێتەوە و بە چاپێکی قەشەنگ و بە قەبارەی ڕۆژنامەی ئاسایی چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە هیچ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانێکی نەبووە. وەک بڵاوکراوەیەکی کاتیی دەرچووە و ساڵی ٢٠١٩ لە کوردستان دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

---

(١)لە وەڵامی گۆران عەبدوڵا بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٧٠)

## ژنی ئەمڕۆ

## بڵاوکراوەی یەکێتیی ژنانی شۆڕشگێڕ



سەرنووسەر : سەوسەن سەلیم

دەستەی نووسەران : سەوسەن سەلیم،ئالا فەرەج،گەشاو رەحیم، ساهیرە محەمەد، هەلالە رافع)

ئالا فەرەج دەڵێت (لە ساڵی ١٩٩٢ واتە سالێک دوای راپەرین، کۆمەڵێک لە ژنانی کۆمۆنیست یەکێتیی ژنانی شۆڕشگێڕمان دروست کرد کە لەم کەسانە پێکهاتبوون لە: گوڵاڵە واتە(سەوسەن سەلیم/ ئالا فەرەج/ گەشاو رەحیم/ساهیرە محەمەد و هەلالە رافع) بڵاوکراوەیەکمان بە ناوی (ژنی ئەمڕۆ) بڵاوکردەوە کە تەنها دوو ژمارەی بڵاو بۆوە. پاشان ئەوە بوو بیرمان لە دروست کردنی رێکخراوەیەکی سەربەخۆی جەماوەری کردەوە بۆ ژنان ئەویشمان لە هەشتی مارسی ١٩٩٣دا پێکهێنا وپاش سازدانی چەندین چالاکی بە ستراتیژی باشکردنی بارودۆخی ژنان وبە دیاریکراوی دژی کوشتنی ناموسی کاری زۆرمان کرد و هەر ئەو کات بیرمان لە بڵاوکراوەیەک کردەوە بەناوی بڵاوکراوەی(یەکسانی)یەوە. من سەرنووسەری بڵاوکراوەی یەکسانی بووم و (رێگا رەوف)یش جێگری سەرنووسەر بوو، لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە چوار سەرنووسەر بووم پاشان بەهۆی ئەوەی سەفەری دەرەوەی وڵاتم کرد، رێگا رەئوف کرا بە سەرنووسەر.)(١)

سەوسەن سەلیم دەڵێت ( ساڵی ١٩٩١ رێکخراوی ژنانی شۆڕشگێرمان دروست کردو گۆڤارێکمان دەرکرد بەناوی ( ژنی ئەمڕۆ) و تەنها یەک ژمارەی لێ بڵاوبۆوە.(٢)

---

(١)لە وەڵامی ئالا فەرەج بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)لە وەڵامی سەوسەن سەلیم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە : لەوەڵامی هەردوو بەڕێز ئالا فەرەج و سوسەن سەلیم سەبارەت بە دەرکردنی گۆڤاری ژنی ئەمڕۆ جیاوازی هەیە. ئالا فەرەج دەڵی دوو ژمارەمان لێدەکرد و سەوسەن سەلیمیش دەڵێت یەک ژمارەمان لێ بڵاوکردەوە. دوای تەئکیدکردنەوە سەوسەن سەلیم هەر مکووڕ بوو لەسەر یەک ژمارە.

(٧١)

## نینا
## گۆڤاری ئەدەبی پرۆلیتاری



گۆڤاری نینا کۆمەڵەی هونەر ئەدەبی شەبەنگ – نینا لە کوردستان دەری دەکرد لەنێوان ١٩٩٢ – ١٩٩٤. ئەم گۆڤارە سەرنووسەری نەبووە، بەڵام دەستەی نووسەرانی بریتیبوون لە جەماڵ کۆشش، ناڵە حەسەن، کاروان عومەر. نیگار، شەماڵ. کەماڵ عەزیز. ژمارە یەکی گۆڤاری نینا لە ساڵی ١٩٩١ بڵاوبۆتەوە. جەماڵ کۆشش دەڵێت ( ئەم گۆڤارە ئەدەبی و هونەرییە لەماوەی نزیک بە دوو ساڵدا( ١٩٩٢-١٩٩٣)، پێنج ژمارەی لێ دەرچووە.)(١)هەروەها دەڵێت (شەبەنگێک فەنتازیای تیشکەکانی چەند جووجەڵەیەکی سادەی بێ دایکی سەرەتای نەوەدەکانی لە هەولێر نەخشاند.) (٢)

---

(١)و(٢)لە وەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد، وەرگیراوە.

(٧٢)

## کرێکاری ئەمڕۆ و عامل اليوم
## بڵاوکراوەیەکی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکارییە
## نشره امية عمالية
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی



**سەرنووسەر : ڕەزا موقەدەم**

**ئەم بڵاوکراوەیە بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لە ئەوروپا بڵاودەبۆوە و ڕێکخراوی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاری بەشێک لە نووسین و وتارەکانی ئەم بڵاوکراوەیەیان وەردەگێڕایە سەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی و بەناوی کرێکاری ئەمڕۆ – عامل اليوم بڵاویان دەکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە هەر لە سەرەتاوە بەشێوەی ڕۆژنامەی نۆرماڵ و ئاسایی هاتە وەشاندن. ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت (بڵاوکراوەی کرێکاری ئەمڕۆ کە ڕەزا موقەدەم بە فارسی دەری دەکرد، ئێمە بەشێکیمان بە کوردی لێ دەردەکرد کە من و ئەحمەد موعین و شەماڵ عەلی تەرجومەمان دەکرد و سەعید ئەحمەد دلێر و برایم محەمەدیش چاپ و کاروباری فەنییان ڕێک دەخست. بەهەمان شێوە بەشێکی تریمان بە عەرەبی دەردەکرد.) (١)**

---

**(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، لاپەڕە ٢٢٣.**

**(*)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

(٧٣)

## دەنگی خوێندکاران (صوت الطلبة)

## گۆڤارێکی فکری ڕۆشنبیری زانستییە کۆمەڵەی سەربەخۆی خوێندکاران دەری دەکات




**سەرنووسەر و دەستەی نووسەران نییە.**

**دەنگی خوێندکاران (صوت الطلبة)؛ گۆڤارێکی فکری ڕۆشنبیری زانستییە کۆمەڵەی سەربەخۆی خوێندکاران دەری دەکات.**(١)(*)

---

**(١)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

**(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

## نەوا

## بڵاوکراوەی کەمپینی نێونەتەوەیی بەرگری لە مافەکانی ژنان لە کوردستانی عێراق (*)


نەوا

**سەرنووسەر : سەوسەن سەلیم**

**دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**سەوسەن سەلیم دەڵێت (بڵاوکراوەی نەوا؛ بڵاوکراوەی کەمپینی نێونەتەوەیی بەرگری لە مافەکانی ژنان لە کوردستانی عێراق، ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٩٩ لە بەریتانیا بڵاوبۆتەوە. نەوا بە قەبارەی ئەی چوار و بە چوار لاپەڕە دەردەچوو.)(١)نوێنەرانی ڕێکخراوکە و بڵاوکراوەکە بریتیبوون لە: سەوسەن سەلیم وەک نوێنەری گشتی، بەهار مونزیر لە نەرویج، ڕێژان کاکەلان لە هۆڵەندا، ئاوات عەلی لە سویسرا، ڕێژان نادر لە ئوسترالیا، سورەیا ڕەحیم لە دانیمارک، گەشاو محەمەد لە ئەڵمانیا، یەنار محەمەد لە کەنەدا.(٢)**

---

**(١)لە وەڵامی سەوسەن سەلیم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)بڵاوکراوەی نەوا ژمارە ١ مایسی ١٩٩٩ لاپەڕە ٤.**

**(*)لەئەرشیفی سەوسەن سەلیم، وەرگیراوە.**

(٧٥)

## سەردەم

## بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناوەندی سەردەم (*)


سەردەم SERDEM

**سەرنووسەر : نەبووە**

**دەستەی نووسەران : ئەمیر قادر و کامەران ئەحمەد و ئەنوەر جۆڵا.**

**سەردەم وەک بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زیاتر بایەخی بە هەواڵ و ژیانی پەنابەران و کاری منالان و توندوتیژی دژ بە ژنان و هەروەها ئەدەب و هونەر داوە. بە چاپێکی جوان و قەشەنگ لەسەر کاغەزی ئەی چوار چاپ کراوە. ژمارە یەکی لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوتەوە.(١)**

---

**(١)لە ئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگێراوە.**

**(*) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(٧٦)

## ئاسۆی کرێکار

## بڵاوکراوەی یەکێتیی کرێکارانی کارگە و پڕۆژە ئەهلییەکان



ئاسۆی کرێکار

**سەرنووسەر : نەیبووە**

**سەرپەرستیار : شوکاک عەبدولستار**

**دەستەی نووسەران : کەژاڵ حەمەڕەشید ، سامان ئەحمەد، ئەمیر رەسوڵ ، ئیبراهیم محەمەد**

**ژمارە یەکی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ دەرچوو، هەروەها ژمارە سێی لە ئایاری ١٩٩٤ دەرچووە، بە قەبارەی پەڕاوی فولسکاپ.(*) هیوا مەجید دەڵێت: (بڵاوکراوەیەکی ترمان هەبوو کە بڵاوکراوەی یەکێتیی کرێکارانی کارگەو پروژە ئەهلییەکان بوو بەناوی ئاسۆی کرێکار کە دوانزە ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارە یەک لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ دەرچوو، بەڵام ژمارەی کۆتایی نازانم چ ساڵێک بوو. من تەنها پەرەی یەکەمی ژمارە یەکم لایە. ئەم بڵاوکراوەیە شوکاک عەبدولستار ئەرکی خستبووە سەرشانی خۆی و بابەتەکان کەهەواڵی کرێکارانی کارگە ئەهلییەکان ئەنێردرا بو لای شکاک، ئەویش ڕێکی ئەخستن بابەتاکان و مونتاژ و بەشێوەیەکی نورماڵ چاپی ئەکرد واتە لەمەتبەعە نا. هەموو جارێک سەروتاری بڵاوکراوەکەش خۆی ئەینووسی و ئێمەش کەئەندامی باڵای یەکێتیی کرێکارانی کارگەو پڕۆژە ئەهلییەکان بووین لەگەڵ ئەندامانی تر یارمەتیمان ئەدا لەنووسین و ناردنی هەواڵ بۆی . واتە ئەم بڵاوکراوەیە بەڕەسمی سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبوو، بەڵام زۆربەی کارەکان شوکاک عەبدولستار ئەیکرد. )(١)**

**کەژاڵ حەمەڕەشید دەڵێت: (لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شورایی، ئێمە وەک کرێکارانی کەرتی تایبەتی یەکێتی کرێکارانی کارگە و پرۆژە ئەهلییەکانمان دروست کرد وە بڵاوکراوەیەکمان بۆ دەرکرد بەناوی «ئاسۆی کرێکار» من خۆم هەموو کارەکانیم ئەکرد و خۆشم سەرنووسەر بووم، هەشت نۆ ژمارەی لێ دەرچوو.)(٢)**

---

**(١)لە وەڵامی هیوا مەجید بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

(٢)له وه‌ڵامی كه‌ژاڵ حه‌مه‌ڕه‌شید به پرسیاره‌كانی ئاماده‌كاری ئه‌م كتێبه‌.

تێبینی ئاماده‌كاری ئه‌م كتێبه : جیاوازییه‌ك له‌نێوان وه‌ڵامه‌كانی هیوا مه‌جید و كه‌ژاڵ حه‌مه‌ڕه‌شیددا هه‌یه‌. هیوا مه‌جید ده‌ڵێت دوانزه ژماره و كه‌ژاڵ ده‌ڵێت هه‌شت نۆ ژماره‌مان لێ ده‌ركردووه‌. هیوا مه‌جید ده‌ڵێت سه‌رنووسه‌ری نه‌بووه و كه‌ژاڵ حه‌مه‌ڕه‌شید ده‌ڵێت من سه‌رنووسه‌ر بووم. به‌ڵام دوای به‌دواداچوونم و په‌یوه‌ندی كردنم به هه‌ریه‌ك له هیوا مه‌جید و كه‌ژاڵ حه‌مه‌ڕه‌شید، كه‌ژاڵ هیچ ڕوونكردنه‌وه‌یه‌كی نه‌دا، وه‌لێ هیوا مه‌جید په‌یوه‌ندی كرد به هه‌ر یه‌ك له شوكاك عه‌بدولستار و ئاوات عه‌لی، ئه‌وانیش پێداگرییان له‌سه‌ر بۆچوونه‌كه‌ی هیوا مه‌جید كرد.

(٧٧)

## كوردستان تريبيون
## ڕۆژنامەیەکی سیاسی – سۆشیالیستی سەربەخۆ


كوردستان تريبيون

خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل ئیبراهیم (موراد شاهین)

سەرنووسەر : دکتۆر یونس ئیبراهیم (ئەکرەم مەحموود)

کوردستان تریبیون وەک ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستی چوار لاپەڕەیی لەڕوانگەی مارکسیستییەوە هاتە وەشاندن. دوو ژمارەی لێ بڵاوبۆوە. ژمارە سفر و ژمارە یەک کە دوا ژمارەی بوو لە ئایاری ساڵی ١٩٩٦دا بڵاوکرایەوە. بابەتەکانی نێو ئەم بڵاوکراوەیە سەرجەم پەیوەستبوون بە خەباتی سۆشیالیستی و کرێکاریی و هەروەها بایەخی بە مەسەلەکانی ژنان و ئەدەب و هونەری کرێکاریش دەدا (١)


---

(١)لە ئەرشیفی عەلی مەولوود و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.

(٧٨)

## ژیلەمۆ

## گۆڤارێکی پاژیی (وەرزیی)هونەرییە




لە ژمارە دووی ژیلەمۆ دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە یان بڵاوکراوەکە بەمجۆرەیە:

دەبیری ئیجرایی : احمد یادگار

دەستەی نووسەران : فرزاد شاقلائی، ئەحمد یادگار، ئارمین ئەحمد، شەهرەزاد شەقلائیٚ،بەیان سروش، ئۆژین ئەحمد.

ژیلەمۆ وەک گۆڤارێکی وەرزیی،چاپ و دەرهێنانی ئۆژین ئەحمەد لەدەرەوەی کوردستان، لە ئەڵمانیا بڵاو دەکرایەوە. بابەتەکانی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لە ژمارە پێنج دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بەمجۆرەیە :

دەستەی نووسەران : ئارمین ئەحمەد، ریاح سەعید، هاوار پیروزی

چاپ و مۆنتاژ : ئۆژین ئەحمەد

ژمارە پێنج تەنها بە زمانی کوردی بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام ژمارەکانی حەوت و هەشت بابەتی کوردی و عەرەبی تێدایە.

گۆڤاری هونەری ژیلەمۆ لەدوای ژمارە هەشتەوە، بڕیار بوو بە شێوەی کتێب دەربچێت و بڵاوببێتەوە.(١)

---

(١)لە ئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.

(٧٩)

## گۆڤاری شەبەنگ

## گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری وەرزییە



**سەرنووسەر : شوان محەمەد**

**بەڕێوەبەری نووسین ڕزگار حەمەڕەشید**

**بەڕێوەبەری گۆڤار : ئیبراهیم مەجید**

**کاری مۆنتاج : عومەری خەتات**

**گۆڤاری شەبەنگ؛ مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کوێکاریی بڵاوی دەکردەوە. ئەم گۆڤارە لە کوردستان دەردەچوو و هەشت ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە. (*) ئەوەی جێی ئاماژەیە بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە پێیان لەسەر کواڵێتی دەق و بەرهەمەکان دادەگرت. گۆڤاری شەبەنگ ژمارە سفری لە ساڵی ١٩٩٥ و ژمارە حەوتی لە زستانی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە. سەرەتا وەک گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری خۆی نمایش کردووە و پاشان لە ژمارە چوار و پێنجەوە بووە بە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری وەرزی. جەماڵ کۆشش دەڵێت: (شەبەنگ، قامەتی شوناسی کلتووری کۆمەڵە کچ وکوڕێکی یەکجار تایبەت و هەست ناسک بوو پێچرا بووە شەڕە گەرمەکانی ناو کایەی سیاسەت.)(١) هەروەها دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەش دەڵێن( دەبێت بە گۆڤاری هەموو مرۆڤێک کە خەون بە جوانییەتی ژیان و مرۆڤ و بەها مرۆییەکانەوە دەبینێت.(٢)**

---

**(١)لە وەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)گۆڤاری شەبەنگ سەروتاری ژمارە حەوت زستانی ١٩٩٩ لاپەڕە ٤.**

**(*)دووا ژمارەی گۆڤاری شەبەنگ ژمارە حەوت بوو، بەڵام چونکە ژمارە سفری وەک یەکەم ژمارە دێتە ئەژمار بۆیە سەرجەم بەیەکەوە هەشت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(**) زۆرم هەوڵدا ساڵی بڵاوبوونەوەی ژمارە سفرم بۆ ساغ نەکرایەوە.

(٨٠)

## بەرەو ڕێکخراوبوونی کارمەندانی تەندروستی
## بڵاوکراوەی هەڵسوڕاوانی کارمەندانی تەندروستی



**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**بەرەو ڕێکخراوبوونی کارمەندانی تەندروستی، وەک بڵاوکراوەی هەڵسوڕاوانی کارمەندانی تەندروستی لە کوردستان، ژمارە یەک و دوواژمارەی لە سی ئایاری ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.(١)**

---

(١)لە ئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگێراوە.

(٨١)

## زاريا

## بڵاوکراوەی سیاسی ڕێکخراوی دەرەووەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق


زاريا
Zarya

**سەرنووسەر : سامان کەریم**

**ژمارە یەکی لە سیانزەی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە.**

**سامان کەریم دەڵێت (هەروەها لە دەرەوە (**)سەرنووسەری بڵاوکراوەی زاریا بووم کە لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢ زیاتر لە دە ژمارەی لێ بڵاوبووەوە.) (١)**

---

(١)لە وەڵامی سامان کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشفی عامر سابیر، وەرگیراوە.

(**) مەبەست لە دەرەوە، دەرەوەی وڵاتی عێراقە.

(٨٢)

## داليان

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هونەریی بوو




**ئەم گۆڤارە لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو گۆڤاری دالیان و ژیلەمۆ لە وڵاتی ئەڵمانیا لەساڵی ٢٠٠٢ هاتە بوون. لەسەر بەرگەکەی نووسراوە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری – کۆمەڵایەتی – هونەرییە لەشێوەی کتێب چاپ کراوە و بە قەبارە مامناوەند زیاتر لە ٢٠٠ لاپەڕەیە. زاهیر باهیر دەڵێت (من جگە لە بەشداریم وەکو ڕۆژنامەی کار کە لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان و تا ناوەڕاستی هەشتاکان کان لە گروپی کاردا دەرمان دەکرد ، هەروەها گۆڤاری دالیان کە تا ڕادەیەک گۆڤارێکی ئەنارکستی بوو کە بەشی هونەری و سیاسی لە خۆی گرتبوو چی تر من لە دەستەی ںووسەرانی هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا نەبووم. )(١)**

---

**(١)لە وەڵامی زاهیر باهیر بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.**

(٨٣)

## هەنگاو

### وەرزە گۆڤارێکی وەرگێڕانی فیکریی و کلتوریی پێشکەتنخوازە(*)




**سەرنووسەر : ئارام جەماڵ سابیر**

**خاوەن ئیمتیاز : شۆڕش ئەمین محەمەد**

**ستافی بەڕێوەبردن : یاسین قادر سەعید، عەلی ئازەرنیا، غەریب شەریف مەجید، سەلام مارف**

**بابەتەکانی ئەم گۆڤارە چەپە زیاتر فیکریی بوون و لە باشووری کوردستان بەزمانی کوردی لەشێوەی کتێب بڵاودەبووەوە.(١)**

---

(١)لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.

(*) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(٨٤)

# ژیار

## بڵاوکراوەیەکی کلتوورییە

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردستانی عێراق لە سویسرا بڵاوی کردۆتەوە(*)




**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**ژیار وەک بڵاوکراوەیەکی کلتووری ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردستانی عێراق لە وڵاتی سویسرا لە ساڵی ١٩٩٩ بەزمانی کوردی بڵاودەبووەوە. (١)**

---

(١)لە ئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراوە.

(*) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## هەواڵنامەی بۆ پێشەوە( ٭ )

## بڵاوكراوەی ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بڵاوی كردۆتەوە



هەواڵنامەی بۆپێشەوە

٨

سەرنووسەر : موحسین كەریم

بەڕێوەبەری نووسین : سەعید ئەحمەد

بەرپرسی دارایی : سەمیر نوری

موحسین كەریم دەڵێت ( ڕۆژانی دە و بیست و پێنجی هەر مانگێك دەرچووە و هاوكات لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و ناوخۆی كوردستان بڵاوبۆتەوە.(١)( ٭ )

عەبدوڵا مەحموود دەڵێت (هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥ بەهۆی سكاڵای مەلاكان لەسەر بۆپێشەوە و ڕاگرتنی لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە، هەواڵنامەی بۆپێشەوە دەردەكرا. وابزانم هەشت ژمارەیەكی لێ چاپكرا. هەواڵنامەی بۆپێشەوە لە سلێمانیش دەردەچوو وابزانم تاهیر حەسەن سەرنووسەری بوو و منیش لە هەولێر دەرمدەكرد و خۆم سەرنووسەری بووم.)(٢).

---

(١)لە وەڵامی موحسین كەریم  بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

(٢)لەوەڵامی عەبدوڵا مەحموود بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

( ٭ ) لەئەرشیفی موحسین كەریم، وەرگیراوە.

(٨٦ و ٨٧، ٨٨)

## هاوپشتی کرێکاری

## بڵاوکراوەیەکی ئینتەرناسیونالیستی کرێکاریی

## بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی(*)



هاوپشتیی کرێکاری

پیرۆز بێت 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان

هێزی چینی کرێکار له یه‌کگرتوو بوون و رێکخراو بوونیدایه



هاوپشتی کرێکاری

کرێکارانی کوردستان خۆیان بۆ یه‌کی ئایار ئاماده ده‌که‌ن

هێزی چینی کرێکار له یه‌کگرتوو بوون و رێکخراو بوونیدایه



هاوپشتی کریکاری

WORKER SOLIDARITY



هاوپشتی



هاوپشتی



التضامن العمالي

WORKER SOLIDARITY

حول نشرة "التضامن العمالي"

قرارات عمال مدينة السليمانية

اعلان تشكيل "لجنة التضامن" مع الحركة العمالية العراقية في الخارج

لتبقى الاول من ايار مجيدة و شامخة

احتفالات للعمال

الاخبار

**ئەم بڵاوکراوەیە بە چەند خوولی جیاواز لە کوردستان و ئەوروپا هاتووەتە بڵاوکردنەوە.**

**خوولی یەکەم لە وڵاتی سوید دەرچووە.**

سەرنووسەر : نوری کەریم

خوولی یەکەمی هاوپشتی کرێکاری؛ کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق لەدەرەوەی وڵات دەریدەکرد. ژمارە یەکی خوولی یەکەم لە مانگی ئابی ١٩٩١ بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بابەتەکانی هاوپشتی کرێکاری بە عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراوی هەر هەمان بابەتە کوردییەکان بوون.

هاوکارانی هاوپشتی کرێکاری : بەشی ئینگلیزی : ئالان ب. بەشی عەرەبی : ئاسۆ و نەبەز خالد تایپ و پۆنتاج : جەماڵ ساڵح

نوری کەریم دەڵێت ( هاوپشتیی کرێکاری کە تەواوی هەڵسووڕانەکانی هاوپشتیی کرێکاری تێیاندا ڕەنگدانەوەیان هەیە. من بۆ خۆم ئەو هەڵسووڕانی بە خەباتێکی کرێکاری درەوشاوە دەزانم و هەروەها، ئەوەندەی من ئاگادارم، نموونەی نەبووە یان نموونەی زۆر کەم بووە، بە تایبەتی لە پەیوەند بە ڕێکخراوی کرێکاریدا.)(١)

ئینجا لە ژمارە هەشتەوە ستافی هاوپشتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بەمجۆرە دەبێت.

بەرپرس : نوری کەریم

ئەندامان : ئەسەدی گوڵچینی و جەماڵ ساڵح

هاوکاران : بەشی ئینگلیزی ئالان ب و بەشی عەرەبی ئاسۆ.

**خوولی دووەم لە کوردستان وەک بڵاوکراوەی ناوەندە کرێکارییەکان**
**تەنها بەزمانی کوردی دەرچووە.**

سەرنووسەر : موحسین کەریم / سامان ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین : زمناکۆ عەزیز

خاوەنی ئیمتیاز : ئەکرەم ئەبدوڵا

هاوکارانی سەرنووسەر : حوسێن ساڵح، مەهدی ڕەسوڵ

نوێنەری هاوپشتی کرێکاری لەدەرەوەی وڵات : پێشڕەو محەمەد.

تایپ و مۆنتاج : ڕێژوان حوسێنی

ئەم بڵاوکراوەیە لەکوردستان سەرەتا وەک وەک بڵاوکراوەیەکی جەماوەری ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەکوردستان بڵاوبووەتەوە و پاشان بووە بە بڵاوکراوەی ناوەندە کرێکارییەکان. موحسین کەریم دەڵێت ( ماوەیەک من سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک بووم بەناوی هاوپشتی کرێکاری یان هاوپشتی، باش بیرم نەماوە وابزانم ساڵی ١٩٩٩ بوو. ماوەیەک هاوڕێ سامان ئەحمەد سەرنووسەر بوو. دوای ئەوەش ماوەیەک هاوڕێ زمناکۆ سەرنووسەری بوو. ئەم بڵاوکراوەیە زیاتر بایەخی بە هەواڵە کرێکارییەکان دەدا و لە چاپخانە دەردەچوو.)(٢)

زمناکۆ عەزیز دەڵێت (سەبارەت بە ڕۆژنامەی هاوپشتی کرێکاریش کە ناوی موحسین کەریمی وەک سەرنووسەر بەسەرەوە بوو، بەڵام بەرپرسی یەکەمی ڕۆژنامەکە، بەرپرسی یەکەمی عەمەلی و چاپکردنی و پارە پەیداکردنیش هەر من بووم. ئێمە زیاتر لە بیست ژمارەمان لێدەرکرد.(٣)

**خوولی سێیەم و چوارەمی هاوپشتی**
**هەر تەنها بە زمانی کوردی دەردەچوون**

**خوولی سێیەمی ڕۆژنامەی هاوپشتی لە کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە. لەم خوولەدا ناوەکەی هاوپشتی کرێکاری نییە و بووەتە هاوپشتی و پاشگری کرێکاریی لێکراوەتەوە.. هەروەها ناوەندی ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەریدەکرد. بەڵام خوولی چوارەمی ڕۆژنامەی هاوپشتی جارێکیتر پاشگری کرێکاریی زۆ دانراوەتەوە. ڕۆژنامەکە هەر لە کوردستان دەرچووە و ژمارە یەک خولی چوارەم لە پانزەی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە.**

**سەرنووسەر : حەسەن حوسێن**

**خاوەنی ئیمتیاز : شەماڵ عەلی**

**حەسەن حوسێن دەڵێت (سەرنووسەری خولی چوارەمی ڕۆژنامەی" هاوپشتی کرێکاریی" بووم کە بڵاوکراوەیەکی کرێکاریی گشتی مانگانە بوو و خاوەنی ئیمتیازەکەی شەماڵ عەلی بوو. ئەم ڕۆژنامەیە چوار ژمارە و دوو پاشکۆی تایبەتی بە یەکی ئایار لێ دەرچوو. ژمارە چوار لە کانونی یەکەمی ٢٠١١ دا دەرچوو .هەردوو پاشکۆکەش لە نیسانی هەمان ساڵدا (٢٠١١ ٩) دەرچوون. ڕۆژنامەکە دوانزە لاپەڕە بوو بە قەبارەی ئەی سێ.)(٤)**

---

**(١) پەیامی نوری کەریم بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە کەلەڕێگەی ماسنجەرەوە نێردراوە.**

**(٢)لە وەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٣)لە وەڵامی زمناکۆ عەزیز بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٤)لە وەڵامی حەسەن حوسێن بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی نوری بەشیر و ژیلوان عەبدوڵا هەڵدنی، وەرگیراون.**

(٨٩)

## هەواڵنامەی کرێکار

## بڵاوکراوەی خەبەری هەستەی کرێکارانی سۆشیالیست(*)


هەوالنامەی کریکار

کەرکوک و

ئاسۆ کەمال دەڵێت (لە ساڵی ١٩٩١ دوای گەڕانەوە لە ئاوارەیی؛ لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزەوە" هەواڵنامە"ی "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست"مان دەردەکرد. نازانم چەند ژمارەمان لێدەکرد تا کاتێ هەستەمان هەڵوەشاندەوە لە ساڵی ١٩٩٢. ئەوانەی ناوەکانی‌انم لەیاد مابێت و بەشداری نووسینیان دەکرد، ئەمانە بوون : خەسرەو سایە، سامان کەریم، شەماڵ عەلی، عەبدوڵا مەحموود، شوان، مامۆستا محەمەد، ئەکرەم میهرداد و من(بەناوی ە.ئاسۆ) .ئەم بڵاوکراوەیە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و ڕانیە بە کۆپی (ئیستنساخ)بڵاودەبووەوە.(١)

---

(١)لە وەڵامی ئاسۆ کەمال بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشیفی ڕێبوار ئەحمەد، وەرگیراوە.

(٩٠)

## گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری

## ئۆرگانی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست


شۆرشی کرێکاری
ئۆرگانی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست

**سەرنووسەری نەبووە.**

**دەستەی نووسەران : تاهیر سالّح شەریف و فەرهاد فەرەج ، کەمال ڕەئوف، ئەکرەمی میهرداد و حەمەسەعید عەبدولکەریم .**

**گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری بەزمانی کوردی لە کوردستان بڵاودەکرایەوە. ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە.**

**تاهیر ساڵح شەریف ئاوا باسی دەرکردنی گۆڤارەکە دەکات (لە سەرەتای درووستبوونی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستدا بڕیارماندا، گۆڤارێک دەربکەین. گۆڤارەکەمان ناو نا "شۆڕشی کرێکاری" و لە کۆبوونەوەیەکدا دەستەی نووسەرانمان دیاریکرد. من، کەمال ڕەئووف، فەرهاد فەرەج، ئەکرەمی میهردادو حەمەسەعید عەبدولکەریمیش دەستەی نووسەرانەکەی بوون. جەبار هادی، حەمەسەعید و کەمال ڕەئووفیش کە لە بواری چاپ، تایپکردن و دیزاینی گۆڤارەکەدا شارەزابوون، کاری تەکنیکی گۆڤارەکەیان لەگەڵ کاری نووسیندا لە**

ئەستۆ گرت. من بە ناوی خوازراوی "ئازاد مەحموود"، فەرهاد فەرج بە ناوی خوازراوی "بڕیار جەمال"، کەمال ڕەئووف بە ناوی خوازراوی "هیوا سابیر"، ئەکرەمی میهرداد بە ناوی خوازراوی "محەمەدکەریم" و حەمەسەعیدیش بە ناوی خوازراوی "جەمال عەلی"یەوە وتارەکانی خۆمان دەنووسی. پاش ژمارەی پێنج، ئەکرەمی میهرداد دەستی کێشایەوە و فەرهادیش بەدوایدا. ئەو دەستکێشانەوەیە بە تەحریکی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، چونکە نەیانتوانی ئەو بەشەیتر لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست بکەنە دەروێشی خۆیان. حیزبی کۆمۆنیستی کاک ئیبراهیمی عەلیزادەش بەدوای ئەوەوە بوو، لەناوچەیەکانی عێراقدا گرووپێک بۆ دژایەتیی مەنسوور حیکمەت درووست بکات و لە ناکۆکییەکانیدا لەگەڵ حیکمەتدا بەکاری بهێنێت. ئێمە ئەو ڕێیەتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانمان ڕەتکردەوە و لەبەرامبەریشدا، کۆمەکێکی بچووک، کە بە گرووپەکەی ئێمەیان بۆ چاپکردنی گۆڤارەکە دەکرد، بڕییان.

یەکەمین خولی گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری لە ساڵی ١٩٩٣دا دەستی پێکرد و ژمارە یەکەمی لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڵاوکرایەوە. سەروتاری گۆڤارەکە ئەکرەمی میهرداد نووسیبووی و منیش دوو وتارم تێیدا بڵاوکردەو فەرهادیش وتارێک، لەگەڵ چەند بەیاننامەو بڕیارنامەی گرووپەکەماندا. پاش ژمارەی شەش، لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی مالی، گۆڤارەکەمان وەستا و لە ساڵی ١٩٩٦دا، دووبارە فەرهاد لەگەڵماندا دەستیپەکارکردەوە و توانیمان گۆڤاری شۆڕشیکرێکاری بە قەبارەی هەشتا لاپەڕەی A4 چاپ بکەین و لە چاپکردنی ئەو ژمارەیەدا حیزبی کۆمۆنیست دووبارە کۆمەکی بە ئێمە کردەوەو لە ژمارەی ٨دا دووبارە گەمارۆی چاپەمەنی خستەوە سەرمان. ژمارە هەشت بە هیمەتی خۆمان، بەهەمان قەبارە و بە تیراژێکی کەم چاپکرابوو. ئەو دوو ژمارەیە کاک ئەژی، کە برادەرمان بوو و تایپیستێکی پرۆفێشناڵ بوو، تایپیکردن.

لە خولی یەکەمدا، پرۆژەی نووسینی ئێمە بریتی بوو، لە ڕەخنەی ڕاشکاوانە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە درووشمی ستراتیژی ئەو ڕەوتە، کە لەژێر تایتڵی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاریدا ڕایگەیاندبوو. ڕەخنە لە بۆچوونەکانی مەنسوورحیکمەت و چەپ لەسەر پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کێشەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شووراکان و کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا. هێرشی ڕەخنەیی بۆ سەر حکوومەتی هەرێم و سیاسەتە دیکتاتۆرییەکانی یەکێتی و پارتی. لەهەمانکاتدا، بەرگریکردن لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئازادیی بیروڕادەربڕین، چاپەمەنی، پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان لەلایەک و بەرگریکردن لە داخوازییە جەماوەری و کرێکارییەکان، مافەکانی ژنان، لاوان و منداڵان لەلایەکی دیکەوە، پرۆژەی نووسینی خولی یەکەمی گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری بوو.

لە خولی دووەمدا گۆڤارەکە بۆ گۆڤارێکی تیۆری- سیاسی گۆڕاو زیاتر باس و شیکردنەوەی تیۆری و سیاسی لەخۆگرتبوو. لەم خولەدا ئەرکی سەرنووسەری و بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بەتەواوی لە ئەستۆی مندا بوو، کە بە ناوی ئازاد مەحموودەوە بەڕێوەم دەبرد و هەندێک وتاریشم بە ناوی تاهیر ساڵحەوە دەنووسی.

گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری هەشت ژمارە و سێ پاشکۆی لێ بڵاوکرایەوە و ئێستا دوو پاشکۆ و ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥ لەگەڵ زۆرترین بەیاننامەکانی ئەو گرووپەملەبەردەستدایە و هیوادارم ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێت، بتوانم لەسەر ئەنتەرنێت وەک بەشێک لە ئەرشیفی ئەو گرووپە بڵاویان بکەمەوە. (١)

---

(١)سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٥، لاپەڕەکانی ٤٠٨ و ٤٠٩ و ٤١٠.

(٩١)

## الشيوعية العمالية

## رۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق( * )


الشيوعية العمالية

١٢

اختتم المؤتمر الاول للحزب الشيوعي العمالي العراقي أعماله بنجاح

**سەرنووسەر : ئەحمەد موعین / موئەید ئەحمەد**

**دەستەی نووسەران : موئەیەد ئەحمەد، خەسرەو سایە، ئەمجەد غەفوور، ڕێبوار ئەحمەد، ڕەحمانی حوسێنزادە، کۆرشی مودەرسی، سامان کەریم. ئاوات سەعید.**

**ئامادەکردنی هونەری : نەوزاد خالد و جەلال خەلیل.**

**لەگەڵ دروستبوونی حیزبدا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەحمەد موعینی وەکوو سەرنووسەری بڵاوکراوەکە دیاریکرد، بەڵام دووای ماوەیەک موئەیەد ئەحمەد جێگەی ئەحمەد موعین دەگرێتەوە.**

**موئەیەد ئەحمەد دەڵێت ( ژمارە یەکی ڕۆژنامەی الشیوعیة العمالیة وەک ڕۆژنامەی ناوەندی حیزب لە مانگی نیسانی ١٩٩٤ بە سەرنووسەری ئەحمەد موعین، بڵاوکرایەوە...(١)**

ئەحمەد موعین سەبارەت بەم بڵاوکراوەیە دەڵێت (کە حیزب دامەزرا من یەکەمین سەرنووسەری بڵاوکراوەی ( الشیوعیة العمالیة ) بووم کە وەکوو بڵاوکراوەی حیزب بەزمانی عەرەبی دەرئەچوو، بەڵام دوای چەند ژمارەیەک موئەیەد ئەحمەد بوو بە سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیە.(٢)

دوواتر دەستەی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوەکە بەمجۆرەی لێهات :

سەرنووسەر : موئەیەد ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین : عەبدوڵا ساڵح

بەڕێوەبەری هونەری : نەوزاد خالد

دەستەی نووسەران : نادیە مەحموود، موحسین کەریم، ئاوات سەعید، ناسک ئەحمەد، سادق عەزیز، جەلال محەمەد، فارس مەحموود، ئاسۆ کەمال، ڕەحمان حوسێنزادە، کۆرشی مودەرسی، خەسرەو سایە، تاهیر حەسەن، ئەمجەد غەفوور، ڕێبوار ئەحمەد، نادر عەبدولحەمید،سامان کەریم.(٣)

موئەیەد ئەحمەد تا ساڵی ٢٠١٢، واتە حەڤدە ساڵ سەرنووسەر بووە و لە ژمارە ٣٠٧ کە دوا ژمارەی سەرنووسەرییەتی، باس لە وازهێنان لەو ئەرکە حیزبییە دەکات. (٤) لەدوای وازهێنانی موئەیەد ئەحمەد لە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، دیار نییە کێ جێگای گرتەوە و بووە سەرنووسەر.(**)

---

(١)موئەیەد ئەحمەد، ڕۆژنامەی الشیوعیة العمالیة ژمارە ٣٠٧ ی ٢٩ ی ئازاری ساڵی ٢٠١٢، لاپەڕە ١.

(٢)لە وەڵامی عەدنان کەریم(حمەد موعین)ەوە بۆ پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٣)لە وەڵامی عەبدوڵا ساڵح بۆ پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٤)موئەیەد ئەحمەد، ڕۆژنامەی الشیوعیة العمالیة ژمارە ٣٠٧ ی ٢٩ ی ئازاری ساڵی ٢٠١٢، لاپەڕە ١.

(*)لەسایتی فەرمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، وەرگێراوە.https://wp-iraq.com /

(**)ئەم ڕۆژنامەیە ئێستا لەبڵاوکردنەوە وەستاوە و دەرناچێت.

## خەباتی کرێکار

### بڵاوکراوەی شوورای سەرتاسەری کرێکاران لە کوردستان






**سەرنووسەر : سەلام مارف ژمارە یەک تا چوار/ جەماڵ موحسین ژمارە پێنج بەدوواوە.**

**خاوەن ئیمتیاز : هیوا ئەحمەد**

**دەستەی نووسەران : فاروق محەمەد، هیوا مەجید، سامان سەعید، ئەنوەر عەلی، شوکاک عەبدولستار، خالید عومەر، فەرەیدوون عومەر، ئومێد جەبار، ئەکرەم عەبدوڵا**

**دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی : سەعید مستەفا و دیار خەلیل**

**بڵاوکراوەی جەباتی کرێکار ؛ ژمارە یەکی لە سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٩٥ دا بڵاوکراوەتەوە.**

**هیوا مەجید دەڵێت: (ئێمەش بڵاوکراوەیەکمان هەبوو بەناوی خەباتی کرێکار؛ بڵاو کراوەی شورای سەرتاسەری کرێکارانی کوردستان بوو کە پێنج ژمارەی لێ دەرچوو. خاوەن ئیمتیازی ئەم بڵاوکراوەیە خۆم بوو ( هیوا مجید) ، هەروەها تا ژمارە چوار سەرنووسەرەکەی سەلام مارف بوو ، بەڵام لەژمارە پێنجدا سەرنووسەرەکەی بوو بەجەماڵ موحسین . دەستەی زووسەرانیش ئەم کەسانە بوون ( فاروق محەمەد، سامان سەعید ، هیوامەجید ، فەرەیدون عومەر، شوکاک عبدولستار، ئەکرەم عەبدوڵا، خالید عومەر، ئەنوەر عەلی، ئومێد جەبار. دابەشکردن و بڵاو کردنەوەی سەعید مستەفا و دیار خلیل.)(١)**

---

**(١) پەیامی هیوا مەجید بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*) لەئەرشیفی موحسین کەریم و هیوا مەجید، وەرگیراون.**

(٩٣)

## ڕۆژنامەی بەرگری

## ڕۆژنامەیەکی سیاسی جەماوەری سەربەخۆ (*)


بەرگری
BARGRY

**سەرنووسەر : عەلی محەمەدئەمین**

**خاوەن ئیمتیاز : وەزیرە جەلال**

**عەلی مەولوود دەڵێت ( بەرگری یەکەمین ژمارەی لە ئازاری ١٩٩٥ دەرچووە. تا ژمارە (٥٨) بە قەبارەی نیو ڕۆژنامە دەرچووە و لە ژمارە ٥٩ و بەدواوە بە قەبارەی ڕۆژنامە دەرچووە.نازانم چەند ژمارەی دەرچووە بەڵام ژمارە ٦٢ی لای من هەیە کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا دەرچووە.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.**

(٩٤)

## ئەلتەرناتیف

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە(*)







**سەرنووسەر : فوئاد مەجید میسری**

**گۆڤاری ئەلتەرناتیف؛ وە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی، ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوتەوە.** (١)

---

**(١) لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

**(*) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوتەوە.**

## گۆڤاری هانا(*)
## گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی
## ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاری هانا دەریدەکرد







### گۆڤاری هانا خوولی یەکەم

گۆڤاری هانا خوولی یەکەم نۆزدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە یەک خوولی یەکەم لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٥ و ژمارە نۆزدەشی لە ٢٠٠٣، بڵاوکراوەتەوە.

سەرنووسەر : سلێمانی قاسمیانی ١٩٩٥ — ٢٠٠١

دەستەی نووسەرانی خوولی یەکەم : موسلیح شێخ‌ولئیسلامی(ڕێبوار)، شنە عەبدوڵا، یوسف ڕەسولی، لەیلا قانعی، بەکر ئەحمەد(ئاسۆ)، عەلی کیتابی و لەدوای ژمارە چوارەوە عەلی کیتابی لەدەستەی نووسەران نامێنێت و لە ژمارە شەشەوە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دێتە ناو دەستەی نووسەرانەوە و پاشانیش بژاری شاعیریش دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەران.

ئەم گۆڤارە لەوڵاتی سوید دەردەچوو و خوولی یەکەمی نۆزدە ژمارەی لێدەرچووە. عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت( گۆڤاری هانا خوولی یەکەم ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و ڕادیکاڵ و لەهەمان کاتیشدا ژمارەیەکی بەرچاو لەنووسەران بەشدارییان تێدا دەکرد.)(١)

### گۆڤاری هانا خوولی دووەم

گۆڤاری هانا خوولی دووەم ژمارە یەکی لە ٢٠١٦ و دوا ژمارەشی کە ژمارە هەشتە لە ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

سەرنووسەر : سلێمان قاسمیانی (٢٠١٦ — ٢٠٢٣)

**دەستەی نووسەران : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ(، بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)، سەردار عەبدوڵا، دیڤین ڕێکسوید، ڕزگار عومەر. پاشان لە ژمارە دووەوە ڕزگار عومەر نامێنێت. ژمارە یەکی خوولی دووەم لە ٢٠١٦ بڵاو بۆتەوە. ئەم گۆڤارە لە وڵاتی سوید دەردەچێت. لەدوای ژمارە پێنجەوە دەستەی نووسەران نەما و ئیتر تەنها سلێمان قاسمیانی بەهاوکاری عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەریان دەکرد. تا ئێستا لەخوولی دووەم هەشت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە،(٢)**

---

(١)**بۆچوونی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) سەبارەت بە گۆڤاری هانا.**

(٢)**سایتی ناوەندی هانا** https://hana.se/index/?p=1347

(*)**لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، وەرگیراون.**

## بلێسه

### بڵاوكراوەی ڕێكخراوی ڕەوتی بەلشەفیك(*)


بلێسه ١

**سەرنووسەر : سەلام مارف /ماردین ئیبراهیم**
**سكرتێری نووسین : ساڵح تۆفیق(ڕابوون مەعروف)**
**ژمارە یەكی لە ئابی ساڵی ١٩٩٨ بڵاو كراوەتەوە.**

**بلێسه؛ بڵاوكراوەیەكی سیاسی گشتییە، ڕێكخراوی ڕەوتی بەلشەفی دەری دەكود. لە ژمارە یەكەوە تاكو ژمارە دوانزە ڕێكخراوی ڕەوتی بەلشەفیك و لە ژمارە سیانزە و بەدواوە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانی كوردستان دەریكردووە. ژمارەی ( یەك و دوو) سەلام مارف سەرنووسەر بووە و صاڵح تۆفیق (ڕابوون مەعروف) سكرتێری نووسین بووە. لە ژمارە سێ و بەدواوە سەرنووسەر : ماردین ئیبراهیم و سكرتێری نووسین: ڕامیار عەلی. خاوەنی ئیمتیاز : ساڵح تۆفیق (ڕابوون مەعروف) بووە. یەكەم ژمارەی لە ئابی ١٩٩٨ و ژمارە هەژدەی لە ئازاری ٢٠٠٠ دەرچووە. دیار نییە چەند ژمارەی لێ دەرچووە.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.**
**(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.**

(٩٧)

## هەواڵنامەی دژی شەڕ

### لە بڵاوکراوەکانی (بۆ پێشەوە) ئۆرگانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق


هەواڵنامەی دژی شەڕ

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.

هەواڵنامەی دژی شەڕ بەزمانی کوردی لەلایەن ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بڵاو دەکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە دژ بە شەڕی حیزب و هێزە ناسیونالیستەکانی کوردستان بوو کەلە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بڵاودەبووەوە. (*)

---

(*)لەئەرشیفی موحسین کەریم، وەرگیراوە.

## ڕوانین

## بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە سویسرا


روانین

**سەرنووسەر : جەماڵ کۆشش**

**جێگری سەرنووسەر : ئەحمەد عەلی**

**دەستەی بەڕێوەبەر : جوتیار ڕانیەیی، دڵشاد مەجید، فاتمە ئەحمەد**

**دزاین و مۆنتاج : فاتمە ئەحمەد**

**جەماڵ کۆشش دەڵێت (من و ئەحمەد عەلی پێکەوە چەند ژمارەمان لە بڵاوکراوەیەک بەناوی (ڕوانین)ەوە دەردەکرد بە ئیسنساخ بڵاومان دەکردەوە لەسەر کێشەی پەنابەران و کوردستان وعێراق بوو.(١) فاتمە ئەحمەد دەڵێت( سەرنووسەر: جەماڵ کۆشش. بەڕێوەبەری نووسین: سالار ڕەشید تایپ و مونتاژ: ئاڵا ئەحمەد ، فاتمە ئەحمەد. دەستەی نووسەران دیار نییە! ئەوانەی کە نووسینیان تێدا نووسیوە: جەماڵ کۆشش، عەباس کەریم، عەزەت هیرانی، کاردۆ سەرباز، جوتیار ڕانیەیی، عەلی ڕێژنە، بژار، ئاڵا ئەحمەد، سالار ڕەشید و هیوا ناسیح . هەروەها چاوپێکەوتنێک دەربارەی سەمای سەر شانۆ لەگەڵ کاروان عومەر و بانگەوازێک بۆ کاری شانۆیی لە لایەن ئەنوەر سەفینەوە . بابەتەکان جگە لە هەواڵ و ڕاپۆرتی فیدراسیۆن لەسەر پەنابەران و بەیاننامە، بابەتی ئەدەبی و هونەریشی لەخۆ دەگرت، وەک هۆنراوە، چیرۆک، ڕەخنە و شانۆ. ژمارە یەک نازانم لە چ ڕێکەوتێک بووە، بەڵام ئەزانم دوو هەفتە جارێک بڵاوکراوەکەمان دەردەکرد. پێموابێ شەش ژمارەمان لێی دەرکرد، دڵنیا نیم. دوای تایپکردنی لە کۆمپیوتەر، لە ماڵەوە نوسخەیەکم لێ ڕادەکێشا و دەچووم لە دەرەوە (٢٠٠) دانە یان زیاترم لەسەر کۆپی دەکرد. دوای ئەوەش، لە ماڵ جیام دەکردنەوە و دەمکردنە زەرفەوە، ئادرێسی هاوڕێیانم لەسەر دەنووسی و بە پۆست بۆم دەناردن.) (٢)**

---

**(١)لە وەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)پەیامی فاتمە ئەحمەد لەماسنجەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٥.**

**(*)لەئەرشیفی جەماڵ کۆشش و فاتمە ئەحمەد، وەرگیراوە.**

## سیمای کۆمۆنیستی

## بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی کرێکاری سەربەخۆیە(*)


سیمای کۆمۆنیستی

سەرنووسەر: نەیبووە.

دەستەی نووسەران : یاسین کەمال، شێرکۆ قادر، ڕێزان عەلی، ئەنوەر ڕەشید، حەسەن حوسێن.

عەلی مەولوود دەڵێت: (یەکەم ژمارەی لە شوباتی ١٩٩٨ دەرچووە نازانم چەند ژمارەی دەرچووە.)(١). حەسەن حوسێن دەڵێت (وەکو دەستەی نووسەران لە ژمارە سێ بڵاوکراوەی " سیمای کۆمۆنیستی" دا بەشداربووم کە تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو. دەستەی نووسەران بریتی بوون لە: یاسین کەمال، شێرکۆ قادر، ڕێزان عەلی و ئەنوەر رەشی. سیمای کۆمۆنیستی؛ سێ کادری جیابووەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەریان دەکرد. کە وێڕای ئەو سێ ژمارەیە یەک دوو نامیلکەشیان بڵاو کردەوە. بڵاوکراوەکە لە چاپەمەنییەکی ناو بازاڕ بە کۆمپیوتەر چاپ دەکرا و پاشان کۆپی دەکرا و بە نهێنی بڵاو دەکرایەوە .بە داخەوە ئەمیش بە هەمان شێوە بە هۆی فەوتانی ئەرشیفەکەمەوە هیچ کۆپییەکیم لا نەماوە.)(٢)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)لە وەڵامی حەسەن حوسێن بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب)، وەرگێراوە.

(١٠٠)

## پشتگیری

## کۆمیتەی پشتگیری لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان - عێراق


پشتگیری

**سەرنووسەر : نەبیووە.**

**دەستەی نووسەران : عەبدوڵا ساڵح، زاهیر باهیر،**

**بڵاوکراوەی پشتگیری؛ بڵاوکراوەیەکی دەوریی کۆمیتەی پشتگیری لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی عێراق لەسەر کاغەزی ئەی چوار بەزمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە یەکی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٧ لە لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە. عەبدوڵا ساڵح دەڵێت ( پشتگیری؛ کۆمەڵێک کەسی چەپ و ئازادیخواز لە بەریتانیا دەریان دەکرد منیش یەکێک بووم لەوان. چەند ژمارەیەکی دەرچوو کەمتر لە دە ژمارە.) (١) ئامانجەکانی ئەم بڵاوکراوە و کۆمیتەیە بریتی بوون لەوەستانەوە بەرووی برسێتی و گرانی و بێکاری، داسەپاندنی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی، پاراستنی مافی ژیان و مافە مەدەنییەکان و هەروەها ئازادی یەکسانی ژن و پیاو. (٢)**

---

**(١)لە وەڵامی عەبدوڵا ساڵح بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)لەئەرشیفی عەبدوڵا ساڵح، وەرگیراوە.**

(١٠١)

## بەرەو كۆنگرە

## بڵاوكراوەی ناوخۆیی حیزبی كۆمۆنیستی كوێكاری عێراق



سەرنووسەر : خەسرەو سایە

دەستەی نووسەران : نەیبووە.

بەرەو گۆنگرە؛ بڵاوكراوەی ناوخۆیی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بوو. عەلی مەولوود ئاسۆ غەریب دەڵێت ( ئەم بڵاوكراوەیە لەسەروبەندی كیشمەكێش و جیاوازەكانی نێوان فراكسیۆن و حیزب، بڵاوكرایەوە. پێموابێت شەش یان حەوت ژمارەی لێ بڵاوبووەوە.)(١)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

## الافق

### رۆژنامەی سیاسی کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق (*)




**سەرنووسەر : کاژاو جەماڵ**

**بەرێوەبەری هونەری : سامان محەمەد**

**بەرێوەبەری نووسین : جاکلین سلام**

**بڵاوکراوەی الافق ؛ وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەزمانی عەرەبی لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوی دەکردەوە. لەسەر ڕۆژنامەکە نووسراوە ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستی پێشکەوتووخوازە و لەهەمان کاتیشدا نووسراوە ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە.(١)**

---

(١)لەئەرشیفی عەبدوڵا ساڵح، وەرگیراوە.

(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(١٠٣)

## ڕاپرسی

## بڵاوکراوەی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق



سەرنووسەر : عوسمانی حاجی مارف

بەڕێوەبەری نووسین : زمناکۆ عەزیز

دەستەی نووسەران : نەیبووە.

ڕاپرسی وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری شەش ژمارەی لێدەرچووە. زمناکۆ عەزیز دەڵێت ( بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕاپرسی و بەرپرسی عەمەلی و بەرپرسی چاپکردنەکەی من بووم. ڕاپرسی دەستەی نووسەرانی نەبووە. کاری ڕاپرسی بۆ جیابوونەوەی کوردستان و مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو. کاتێک پرۆژەی گۆڤاری ڕیفراندۆم وەستا، ئێمە ئەم ڕۆژنامەیەمان وەک بەدیلی گۆڤاری ڕیفراندووم دەرکرد. ڕاپرسی گەرچی ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو بەڵام ئەو شەش ژمارەیەی کە دەرمان کرد، ناوەڕۆکەکەی هەمووی کرێکاریی بوو.)(١)

---

(١)لەوەڵامی پەیامی دەنگیی زمناکۆ عەزیز بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە.

## دنیای منالآن(*)

## ڕۆژنامەی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآنی کوردستان


دنیای منالآن

**سەرنووسەر: جاسم غەفوور**

**خاوەن ئیمتیاز: سەرگوڵ ئەحمەد**

**ڕۆژنامەی دنیای منالآن، سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآنی کوردستان بەزمانی کوردی دەریدەکرد. دنیای منالآن بەنووسراوی ژمارە ٣٢٠ ی ڕۆژی ٢٧ ی تەمموزی ١٩٩٧ وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە بەشی مۆڵەت بەپێی بڕگەی ١٦ لەیاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٩٣ مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێدراوە.(١) ڕۆژنامەی دنیای مندالآن؛ وەک ڕۆژنامەیەکی چوار لاپەڕەیی ژمارە (سفر)ی لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٩٩ ، بەسەردێڕی (با هەموو تواناکانمان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام و پڕ خۆشەویستی بۆ مندالآن بەگەڕ بخەین)دا،بڵاوبۆتەوە.**

---

(١)ڕۆژنامەی دنیای منالآن، ژمارە سفر، کۆتایی مانگی ئابی ١٩٩٩، لاپەڕە ١.

(*)لەئەرشیفی جاسم غەفوور، وەرگیراوە.

(١٠٥)

## ماموستای ئەمرۆ( * )

## بڵاوكراوەی ڕێكخراوی ماموستایان لە كوردستان


ماموستای ئەمرۆ

**سەرنووسەر: دڵشاد مەجید / شێرزاد فاتیح**

**خاوەنی ئیمتیاز : كامیل ئەحمەد**

**بەڕێوەبەری نووسین: هونەر عەلی**

**لێپرسراوی بڵاوكردنەوە : سەرگوڵ ئەحمەد.**

**مۆنتاج : سەعد**

**دەستەی نووسەران : كامیل ئەحمەد، نەجیبە كەریم، سەباح ڕاجی، جاسم غەفوور، شیرزاد فاتیح، هیدایەت عەلی، عوسمان حوسێن.**

**ڕۆژنامەی ماموستای ئەمرۆ، وەك بڵاوكراوەیەكی پەروەردەیی سیاسی ڕۆشنبیری گشتیی كە ڕێكخراوی ماموستایان لە كوردستان بەزمانی كوردی دەری دەكرد. (١)**


---

(١)ڕۆژنامەی ماموستای ئەمرۆ ژمارە ١١ ی سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٩٧.

( * )لەئەرشیفی جاسم ئارت و ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(١٠٦)

## ڕەها
## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵایەتی وەرزییە تایبەتە بە کێشەکانی ژنان


ڕەهـا

**سەرنووسەر : کەژاڵ حەمەڕەشید**

**دەستەی نووسەران : نەیبووە.**

**پیت چنین و نەخشەسازی : مەڵبەندی کۆمپیوتەری تیشک**

**گۆڤاریٚ ڕەها؛ وەک گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی وەرزیی تایبەت بە کێشەی ژنان، یەکەمین و دوواهەمین ژمارە، ژمارە سفر بوو لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە. کەژاڵ حەمەڕەشید دەڵێت ( ساڵی ١٩٩٩خۆم پرۆژەی گۆڤارێکم پێکهێنا بەناوی (ڕەها)وە، وەکو گۆڤارێکی وەرزی لەبارەی پرس و مەسەلەی ژنانەوە، چەندین بابەت و چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژم تیا بڵاوکردەوە. بەڵام بەهۆی ناکۆکی**

حیزبەوە، حیزب لەبەرانبەر پڕۆژەکەمدا وەستایەوە و پشتیوانیان نەکرد و بگرە دژایەتیان کرد. بۆیە تەنها یەک ژمارەم لێدەکرد.)(١)

---

(١)لە وەڵامی کەژاڵ حەمەڕەشید بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشیفی کەژاڵ حەمەڕەشید، وەرگیراوە.

## النشرة الاخبارية

### ڕۆژنامەی مانگانەی کۆمیتەی ڕیکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق(*)


النشرة الاخبارية

في هذا العدد

**بەڕێوەبەری جێبەجێکردن : ئەمین عوسمان**

**سەرپەرشتیاری چاپ و بڵاوکردنەوە: گۆران عەبدوڵا**

**ڕۆژنامەی النشرة الاخبارية ؛ ڕۆژنامەیەکی مانگانە بوو کۆمیتەی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە زمانی عەرەبی، لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوی دەکردەوە.** (١)

---

**(١)لە ئەرشیفی هیوا مەجید، وەرگیراوە.**

**(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١)

**فیدراسیۆن / الفدراسیون / Federation**

**بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی**

**بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی**












**سەرنووسەر : ڕێبوار عارف/ جەماڵ کۆشش/ دەشتی جەماڵ/ عیرفان کەریم**

**بڵاوکراوەی فیدراسیۆن، وەک بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە دەرەوەی عێراق بە دەورەی جیا جیا و بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو کراوتەوە.**

**جەماڵ کۆشش دەڵێت: (پاش ئەوەی تێکەڵ بووین بە ئۆرگانی سەراسەری فیدراسیۆنەوە، بیست و شەش ژمارەی فیدراسۆنی پەنابەرانمان دەرکرد و پاشان من دەستم لە ئەندامەتی سکرتاریەتی فیدراسیۆن، کێشایەوە.)(١) هەروەها جەماڵ کۆشش دەڵێت(سەرنووسەر جەماڵ کۆشش، بەرپرسی هەواڵنێرەکانی فیدراسیۆن ئەحمەد عەلی، دیزانەر فاتمە ئەحمەد. ئەمە دەورەی دووەم بوو، ٢٨ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.)(٢)**

(١)و (٢)لە وەڵامی جەماڵ كۆشش بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

(*)لە ئەرشیفی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و ئەحمەد عەلی، وەرگیراون.

(١١٢)

## ئاسۆی پەنابەران(*)

### بڵاوكراوەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی(**)



سەرنووسەر : ڕێبوار عارف

ئاسۆی پەنابەران؛ وەک بڵاوكراوەیەكی مانگانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی، ژمارە یەكی لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە. جگە لە سەرنووسەر، تۆڕی هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن بریتیبوون لە سۆزان حوسێن، جاسم غەفوور، بابان عوسمان، عومەر ئەمین، جەماڵ كۆشش.(١)

(١)سایتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقیhttps://www.federationifir.com/ku /

(*)لە ئەرشیفی ئەحمەد عەلی، وەرگیراوە.

(**)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(١١٣ و ١١٤)

**پەیامی کۆمۆنیزم و بلاغ الشيوعية (*)**

**بڵاوکراوەیەکی سیاسیی بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق (**)**

**بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی**



پەیامی کۆمۆنیزم
٥
نان، کار، ئازادی، حکومەتی شووراییی!



بلاغ الشيوعية


بلاغ الشيوعية

پەیامی کۆمۆنیزم

پەیامی کۆمۆنیزم؛ بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو بەزمانی کوردی بڵاودەکرایەوە.

سەرنووسەر : نزار عەبدوڵا / ئاسۆ غەریب ، خاوەن ئیمتیاز : سالار سابیر

عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) دەڵێت : ( ٥٠ ژمارە و ٣ پاشکۆی لێ دەرچووە، ( ژمارە ١ لە ئەیلولی١٩٩٨ و کۆتا ژمارەی لە ( ٢ی تەموزی ٢٠٠٣). لە ژمارە (١) تاکو ژمارە (٤٨) نزار عەبدوڵڵا سەرنووسەری بووە، پاشکۆی ژمارە (١٥) تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، پاشکۆی ژمارە (٢٩) تایبەت بوو بە یەکی ئایار، لە ژمارە ٤٨ ( ئاسۆ غەریب – عەلی مەولود) بووە بە جێگری سەرنووسەرو دوو ژمارەی کۆتایی واتە ژمارەکانی ( ٤٩ و ٥٠) ئاسۆ غەریب سەرنووسەری بووە. نووسەرەکانی پەیامی کۆمۆنیزم بریتی بوون لە: (ئەحمەد موعین ( عەدنان کەریم)، نزار عەبدوڵا (بەناوی سامیش نوسیویەتی)، ئاسۆ غەریب ( بەناوی پێشڕەو سەلیمیش زووسیویەتی)، ئازاد عەزیز ( م. برایم) ، سەلام مارف ( بەناوەکانی نازم محەمەد و سوارە کەریمیش زووسیویەتی) ئەژی مەردان ( م. ئازاد)، گۆران مەولود (م. حسین)، نەوزاد رەفعەت ( م. نامیق)، شەماڵ ئەحمەد - لەژمارە (٢٨) ەوە ناوی گۆڕا بە فوئاد ڕەشید ( فاروق عەبدوڵا)، شەپۆل غەفور ( م. ئەنوەر)، ماجد ئەحمەد، سدیق عەلی، سالم کەریم ( کاوە حەسەن) ، سیروان عەلی، عەدنان عەزیز، ئاسۆ مەروە، ئاریز عەلی، هۆشەنگ نوری، سەلام یونس ( جەماڵ چاوشین)، کاوە عەلی، ستار ئەحمەد، ئومێد محێدین ( شەهاب)، شێخ قادر، عومەر محەمەد، سالار سابر( بەناوی ئازەر سەلیمیش نووسیویەتی)، هادی رەحمان، جبار حمە صالح (هاوبەش ئەمین )، بازوو مراد، سروە جەوهەر، چنار سەعید، مامۆستا نەوزاد، جەبار سابر، شازاد عەلی، کەریمۆک، ئاڤان، سامان رەسوڵ، فەرەیدون حەمە، چالاک نوری، ئارام جەمیل، سادق سەعید، هیواحسێن، بژار جەلال، بورهان قادر، وەستا جەبار،هەڵبەست محەمەد).لە ژمارە (٧ – ١٨) پاشکۆی ئەدەب و هونەری هەبووە کە ( ئاوات عومەر و ئاسۆ مەروە) بەڕێوەیان بردووە، هەروەها لە ژمارە (٤٠ – ٤٩) پاشکۆی ئەدەب و هونەری هەبووە کە ئازاد عەلی و کاوە ئەحمەد ( بەرزان بابەشێخ) بۆیان نووسیوە و لێپرسراوی نووسینی بوون. تا ژمارە (٣١) بە قەبارەی نیو ڕۆژنامە و ( ژمارە (١ – ٤) بە قەبارەی ٨ لاپەڕە و ( ٥ - ٨) وە ( ١٩ – ٣١) بەقەبارەی ١٢ لاپەڕە، لە ژمارە (٩ – ١٨) بە قەبارەی١٤ لاپەڕە، وە لە ژمارە ٣٢ و بەدواوە بە قەبارەی ڕۆژنامەی ٨ لاپەڕەیی و ١٠ لاپەرەیی و ١٢ لاپەڕەیی دەرچووە تەنها ژمارە (٥٠) چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەیی بووە.)

**بلاغ الشيوعية**

**بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ( اتحاد الشيوعيين في العراق – یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق)بووە و بەزمانی عەرەبی ٤٧ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

**سەرنووسەر : ئەحمەد موعین / نزار عەبدوڵا / عبدالحسن حسین یوسف ( ابو ضیاء).**

**خاوەنی ئیمتیاز: سالار سابیر**

**سالار سابیر دەڵێت: (هەر دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بیرمان لەوە کردەوە بڵاوکراوەمان هەبێ وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی عێراقی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی . وای بۆ دەچم دوای جیابوونەوەمان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەرەسمی لەساڵی ١٩٩٨ بەدواوە ئەو بڵاوکراوانە بەمەقەری عەلەنییەوە دەستمان بەکار کرد.**

**ئێمە ٤٧ ژمارەمان لە بڵاوکراوەی پەیامی کۆمۆنیزم لەدوای ئیعلانکردنی خۆمان لە ١٩٩٨/٩/٩ ، هەروەها سێ پاشکۆشمان لێدەکرد تا کۆنفراسی چوار لە ساڵی دوو هەزارو چوار، دواتر ناوەکەی گۆردرا بە ئازادی . بلاغ الشیوعیە شمان تا ساڵی ٢٠٠٨ دەردەچوو بەزمانی عەرەبی.**

**ئەو سەردەمانە ئێمە دەمان بردە چاپخانەی ڕەنج بەستێنسڵ چاپ دەکران و ڕادەکێشران بە هەردوو زمانەکە لەسلێمانی دەردەچوون دەگەیشتنە دەستی هاوڕێیانمان لە کەرکووک بەغدا بۆ خۆشمان لە مەقەری یەکێتی کۆمۆنیستەکان بڵاومان دەکردەوە لە شەقامەکانی بەغداو کەرکووک و هەندی جێگای تر، دەمان نارد تا دەگەیشتە شاری بەسرە و ناسریە.(٢) هەروەها سالار سابیر دەڵێت: ( ئەو بڵاوکراوانە هەواڵ و ڕووداوەکانی شارەکانی عێراق و کوردستانی لە خۆ دەگرت . بابەتی سیاسی و لێکدانەوەی ئەوزاعی دونیا، بابەتی وەزعی .ئاڵوگۆڕەکانی گشتی تێدا چاپ دەکرا. ئەو بڵاوکراوانە مانگی جارێک دەردەکران تەنها بەکۆمەکی هاوڕێیان دەردەچوو ناهەمواری بزووتنەوەی کرێکاری و وەرگێڕان و شیعر و ئەدەبیشی لە خۆی دەگرت.(٣)**

---

**.(١) لە وەڵامی عەلی مەولود ( ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)و(٣)لە وەڵامی سالار سابیر بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**( * )لەئەرشیفی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و عەلی مەولود ( ئاسۆ غەریب) و ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراون.**

**( ** ) یەکێتیی کۆمۆنیستەکان لە عێراق؛ ئەم ڕێکخراوەلە ١٩٩٨/٩/٩ بەناوی " بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق"خۆی ڕاگەیاند، لەکۆنفرانسی دوو ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ ناوی گۆڕا بە "بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق" وە لەکۆنفرانسی چوار ساڵی ٢٠٠٤، ناوی گۆڕا بە " یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق". ئەم ڕێکخراوە لە ٢٧ ی ئەیلوولی ٢٠٢٥ بە بەیاننامەیەک هەڵوەشاندنەوەی خۆیان ڕاگەیاند.**

(١١٥)

## رفراندوم

## گۆڤارێکی سیاسی وەرزییە







**سەرنووسەر : ئاسۆ کەمال**

**دەستەی نووسەران : دەشتی جەماڵ، بابەکر درەیی، عەبدوڵا ساڵح، دەیڤید مۆرگان، شەماڵ عەلی، فاتیح شێخ، عەبدولحوسێن شەعبان، خەسرەو سایە، کاژاو جەماڵ، گۆنا سەعید، موحسین کەریم.**

**ژمارە سفری لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.**

**ئاسۆ کەماڵ دەڵێت ( لە ساڵی ١٩٩٩ یەکەم ژمارەی گۆڤاری رفراندۆمم لە لەندەن وەک سەرنووسەر دەرکرد. دە ژمارەی لێ بڵاوکراویەوە تا ساڵی ٢٠٠٧. رفراندۆم ؛گۆڤارێکی سیاسی وەرزی سەبارەت بە کێشەی کورد و رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان . وتار و چاوپێکەوتنی و کەسایەتی جیهانی و کوردستان و راپۆرتی کۆنگرە و چالاکیەکانی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی بڵاودەکردەوە و بەشدارانی دەستەی نووسەران بریتی بوون لە هاورێیان :دەشتی جەماڵ، بابەکر درەیی، عەبدوڵا ساڵح، دەیڤید مۆرگان، شەماڵ عەلی، فاتح شێخ، عەبدولحوسێن شەعبان، خەسرەو سایە،کاژاو جەماڵ، گۆنا سەعید و موحسین کەریم و هاورێیانێکی ترلە لەندەن و کوردستان بە چەند سەد نوسخەیەک لە چاپخانە دەردەکرا. بەشی ئینگلیزی و عەرەبی لە چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا هەبوو.) (١)**

---

**(١)لە وەڵامی ئاسۆ کەماڵ بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی ئاسۆ کەمال و جەماڵ کۆشش، وەرگیراون.**

(١١٦)

## هەواڵنامە Newsletter

### بڵاوکراوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق


هەواڵنامە
NEWSLETTER
٢٠

**لێپرساو: نوری بەشیر**

**بڵاوکراوەی هەواڵنامە؛ بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە هێرش و تاوانکارییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دژ بە کۆمۆنیستەکان و خەباتی چینایەتی لە کوردستانی عێراق. هەواڵنامە لە شاری لەندەن لەوڵاتی بەریتانیا بڵاودەکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەدوای رووداوی تیرۆر و قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان لەساڵی ٢٠٠٠ هاتەبوون. ئامانج لە بڵاوکراوەکە مەحکومکردن و ریسواکردنی سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو.**

---

(*) لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

# سکۆلار

## بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران(*)


سکۆلار

سەرنووسەر : ڕێبوار عارف

دەستەی نووسەران :

سکۆلار؛ بڵاوەکراوەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقییە. (١) جەماڵ کۆشش دەڵێت(دوو ژمارەی بە دڵنیایی لێچاپ کرا).(٢)

---

(١)لەبڵاوکراوەی فیدراسیۆن ژمارە ١٢ و ١٣ی ساڵی ٢٠٠٢، وەرگیراوە.

(٢)لەوەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی جەماڵ کۆشش، وەرگیراوە.

(١١٨)

## ئاوێزە

## گۆڤاری ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان




سەرنووسەر : سەوسەن سەلیم

دەستەی نووسەران : نەیبووە.

سەوسەن سەلیم دەڵێت ( گۆڤاری ئاوێزە ژمارە یەکی لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە. ئاوێزە هەژدە ژمارەی لێدەرچووە. سەرەتا دوو مانگ جارێ دەردەچوو و پاشان بوو بە وەرزی.)(١)

---

(١)لە وەڵامی سەوسەن سەلیم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی سەوسەن سەلیم، وەرگیراوە.

(١١٩)

## النساء

## گۆڤاری وەرزی ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاسته

## به زمانی عەرەبی(*)




سەرنووسەر : نادیه مەحموود

بەڕێوەبەری نووسین : حەنان عەلی یان حەنان بابەکر

سەوسەن سەلیم دەڵێت( گۆڤاری النساء لەلایەن ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست له شاری لەندەن له وڵاتی بەریتانیا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٣ بڵاو دەکرایەوە. نادیه مەحموود له ژماره یەکەوە تا ژماره سیانزه سەرنووسەر بوو و پاشان حەنان عەلی یان حەنان بابەکر له ژماره چواردەوە تا ژماره هەژده دەبێته سەرنووسەر.)(١)

---

(١)له وەڵامی سەوسەن سەلیم به پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبه.

(*)لەئەرشیفی سەوسەن سەلیم، وەرگیراوە.

(١٢٠)

## ئاوێنە

## بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە


ئاوێنە

**سەرنووسەر : نوری بەشیر**

**دەستەی نووسەران: نەیبووە.**

**ژمارە ٣ ی لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠١ بڵاوبووەتەوە.**

**جەماڵ کۆشش دەڵێت: (ئاوێنە؛ وەک بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی لە بەریتانیا بڵاودەکرایەوە.)(١)**

---

**(١)لە وەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی جەماڵ کۆشش، وەرگیراوە.**

(١٢١ و ١٢٢)

## کاری هاوبەش / العمل المشترک
## بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هاوبەشی چەپ
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی


کاری هاوبەش



**سەرنووسەر: سەلام مارف**

**کاری هاوبەش؛ وەک بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هەوبەشی چەپ بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە. عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) دەڵێت:(ساڵی ٢٠٠٣ پێشبینیمان کرد بەشێوەیەکی حەتمی رژێمی بەعس دەڕوخێت و قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات، بەئامانجی ئەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی رێکخراو و پێکەوە بچینە ناو گۆڕانکارییەکان و قۆناغی داهاتوو، پرۆژەی : کاری هاوبەشی چەپ" هاتە ناوەوە، حیزبی شیوعی کوردستان و بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆ، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی فراوان کراو بەرەوپێشچوونی بەرچاو دروست بوو، هەرلەیەکەم سەردان بەمەبەستی بانگهێشتکردنیان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ڕەتیکردەوە بەشدار بێت و دواتریش حیزبی شیوعی پاشەکشەی کرد.)(١)**

**هەروەها دەڵێت؛ ( بڵاوکراوەی کاری هاوبەش، دەقیق نازانم بەڵام پێموایەزیاتر لە دە ژمارەی لێ دەرچوو، یەکەم ژمارەی لەیەکی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە و من یەکێک بووم لە نووسەرەکانی.(٢)**

## العمل المشترك

سەرنووسەر: سەلام مارف

بڵاوکراوەی (العمل المشترك)؛ وەک بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هەوبەشی چەپ بەزمانی عەرەبی بڵاودەبووەوە. ئەم بڵاوکراوەیە تەنها چوار ژمارەی لێدەرچووە. عەلی مەولوود دەڵێت؛ (بەڵام دوای ڕووخانی بەعس، لیژنەی کاتی بۆ کاری هاوبەش پێکهات و پەلی کێشا بۆ بەغدا و هەندێ ناوچەی تری عێراق و چوار ژمارەی لە بڵاوکراوەی (العمل المشترك)ی بەزمانی عەرەبی، بڵاوکردەوە. )(٣)

---

(١)و (٢)و (٣) لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.

## قۆناغی سێیەم
## قۆناغی نۆرمالیزە و بە دیجیتاڵکردنی بڵاوکراوەکان
## (٢٠٠٣ تا ئەمڕۆ)

لەم قۆناغەدا کەلەدوای ڕاپەڕینەوە عێراقەوە دەست پێ دەکات، سوود وەرگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە لەو بارودۆخە سیاسییە تازەیەی کە هاتۆتە ئاراوە و لێرەوەشەوە ئەو بارودۆخە کاریگەری بەسەر بڵاوکرانەوەی بڵاوکراوەکاندا هەیە و جگە لە گەشەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی چاپ و کاغەزو شێوازی بڵاوکردنەوە(نۆرمالیزەکردن)، بەدیجیتاڵکردنیش بووە بە پێویستییەک کە بۆ ئەوەی لە کاروانی ڕۆژنامەگەری عێراق و ناوچەکە و جیهان دوانەکەیت، ناکرێت چاو لەو مەسەلە گرنگە بپۆشرێت. بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان ئیتر لێرە بەدوا لەڕێگەی کۆمپیوتەر و بە سۆفتوێری پرۆگرامە دزاینەرە پرۆفێشناڵەکان تایپ کراون و دزاین کراون.

(١٢٣)

## الحركة النقابية

## بڵاوكراوەیەكی دەوری بزووتنەوەی كرێكارانی نەقابی دیموكراتی لە كۆماری عێراق


المجد للعمال في عيدهم العالمي

الحركة النقابية

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نییە.

ئەم ڕۆژنامەیە وەک بڵاوكراوەیەكی دەوریی، لەلایەن بزووتنەوەی كرێكارانی نەقابی دیموكراتی لە كۆماری عێراق بڵاوكراوەتەوە. ژمارە نۆی لەمانگی ئایاری ٢٠٠٢ كەوتۆتە بەرچاوی خوێنەران. بەباتەكانی نێو ئەم بڵاوكراوەیە بەبێ ناو نووسراون، هیچ ئاماژەیەكیشی تێدا نییە كە لە كوێ دەردەچێت و چۆن بڵاودەكرێتەوە. بڵاوكراوەكە چوار لاپەڕەی گەورەیە.(١)

---

(١)لە ئەرشیفی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.

## ئازادی

## بڵاوکراوەی سیاسیی کۆمیتەی دەرەوەی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق


ئازادی

**ڕۆژنامەی ئازادی بە دوو دەورە (خوول) بڵاوکراوەتەوە. خوولی یەکەم؛ سەرنووسەر: سالم کەریم**

**ئەم بڵاوکراوەیە سیاسی ئەلەکترۆنی بوو و کۆمیتەی دەرەوەی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق دەریدەکرد. عەلی مەولوود دەڵێت (پێشتر هەر بەناوی "ئازادی"وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی ئەلەکترۆنی ، کۆمیتەی دەرەوەی بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست - عێراق ، بەسەرنووسەری " سالم کەریم" دەرکردووە و لەناوخۆ بە شێوەی نیو ڕۆژنامە چاپ و بڵاوکراوەتەوەو تەنها پێنج ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە یەک لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ و ژمارە پێنج لە شوباتی ٢٠٠٤، کە دەتوانین بڵێین دەورەی یەکەمی ئازادیە.) (١)**

**خوولی دووەم؛ سەرنووسەر: عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) خاوەنی ئیمتیاز: ئاواز محەمەدئەمین**

**عەلی مەولوود دەڵێت ( ئەم ڕۆژنامەیە تەنها ٢٩ ژمارەی بەشێوەی مانگانە ، بە قەبارەی ڕۆژنامەی ١٢ لاپەڕەیی و ٨ لاپەڕەیی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠٠٤ و کۆتا ژمارەی لەتەموزی ٢٠٠٨ دا، بڵاوبۆتەوە. نووسەرەکانی بریتی بوون لە عەلی مەولوود(پێشڕەو سەلیم) و نەزار عەبدوڵا و چەند نووسەری دی. (٢)(*)**

---

**(١)و (٢) لە وەڵامی عەلی مەولوود ( ئاسۆ غەریب)بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.**

## کار

## مانگانەیەکی کرێکاری سەربەخۆی ئازادە


کار

**سەرنووسەر : جووتیار نوری / عەلی محەمەد پێنجوێنی / دلێر مەلا ئەحمەد**

**خاوەن ئیمتیاز : سەندیکای گشتی کرێکارانی کوردستان**

**جێگری سەرنووسەر: حەمە هەژار / سەردار رەشید**

**بەڕێوەبەری نووسین: دلێر مەلا ئەحمەد**

**مانگنامەی کار، مانگانەیەکی کرێکاری سەربەخۆی ئازاد بوو لە کوردستانی عێراق بەزمانی کوردی بڵاودەبووەوە. عەلی مەولوود دەڵێت (ژمارە سفری مانگنامەی کار ساڵی یەکەم لە ٢٩ی ئەیلولی ٢٠٠١ دەرچووە ، ژمارە ١٢ی ساڵی سێهەم لە ٣ی ئابی ٢٠٠٤ دەرچووە.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*) نازانرێت ئەم مانگانەیە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

## پەیڕەوی نوێ(*)

## بڵاوکراوەی سیاسی مانگانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست



**سەرنووسەر :حەسەن محەمەد لە ژمارە سفر تا ١٤.**

**سەرنووسەر : ئارام محەمەد عەلی لە ژمارە ١٥ بەدواوە.**

**خاوەنی ئیمتیاز : کەمال قادر**

**ژمارە (سفر)ی پەیڕەوی نوێ لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە.**

**عەلی مەولوود دەڵێت (پەیڕەوی نوێ ، بڵاوکراوەی سیاسی مانگانەیە ، کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست دەری دەکرد، ژمارە سفر لە ئازاری ٩٩٩ وە ژمارە (٢٠)ی لە شوباتی ٢٠٠١ دەرچووە.)(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*) نازانرێت ئەم مانگانەیە چەند ژمارەی بڵاوکراوەتەوە.**

**(*)لەئەرشیفی ژیلوان عەبدولا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**

## سپێده( * )

## ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازاد


سپێده

سەرنووسەر : کەریمۆک

خاوەن ئیمتیاز: عومەر محەمەد ( هۆمەر موحەمەد)

دەستەی نووسەران : حەسەن حوسێن، ئەوانی تر نازانرێت کێن؟

ژمارە ( ١ ) لە ٢٠٠١/١/٥ دەرچووە هەروەها ژمارە ( ٢٤ ) لە ٢٠٠٣/٣/١ دەرچووە . سەرەتا وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازاد بلاوکرایەوە و پاشان بوو بە ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەیی ڕۆشنبیری ئازاد. حەسەن حوسێن دەڵێت ( لە ڕۆژنامەی " سپێدە" دا کە خاوەنە ئیمتیازەکەی عومەر محمد و سەرنووسەر کەریمۆک بوو، ئەندامی دەستەی نووسەران بووم.)(١)

---

(١)لە وەڵامی حەسەن حوسێن بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

( * ) نازانرێت ئەم ڕۆژنامەیە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

( ** )لەئەرشیفی عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) و ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.

(١٢٨)

## ڕێکخستنی کۆمۆنیستی

## بڵاوکراوەی ناوخۆیی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق




**سەرنووسەر : عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب) لە ژمارە (١ تا ٤) لەگەڵ دوو پاشکۆ**

**سەرنووسەر : فوئاد ڕەشید لە ژمارەکانی (٥ و ٦)**

**عەلی مەولوود دەڵێت (گۆڤاری ڕێکخستنی کۆمۆنیستی؛ بڵاوکراوەیەکی دەوری ناوخۆیی ڕێکخراوی (بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق) بوو کە لەدوای کۆنفرانسی چوارەوە ناوی گۆڕا بۆ ( یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق) بڵاودەکرایەوە. (**) تەنها ٦ ژمارە و ٢ پاشکۆی لێدەرچوو، یەکەم ژمارەی لە ئایاری ٢٠٠٠ و کۆتا ژمارەی لە ئەیلولی ٢٠٠٢ . واتە هەمووی بەسەر یەکەوە شەش ژمارەی لێ دەرچووە.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب) ، وەرگیراوە.**

**(**)تێبینی : بزووتنەوەی بنیاتنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنێست - عێراق کە لە کۆنفرانسی چوار لەدوای رووخانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی شیوعی عێراقی ناوەکەی گۆڕا بۆ یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق.**

## دەنگی نوێ

## ڕۆژنامەی سیاسی یەکێتیی چەپی کوردستان



**سەرنووسەر : عەلی مەولوود(ئاسۆ غەریب)**

**خاوەن ئیمتیاز : نەوزاد سەلاحەدین / محەمەد خدر**

**ژمارە سفری لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوتەوە.**

**حەسەن حوسێن دەڵێت ( بڵاوکراوەی " دەنگی نوێ" کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو و یەکێتیی چەپی کوردستان دەری دەکرد. تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارە سفری لە کانونی دووەمی ٢٠٠٩ و ژمارە یەکی لە شوباتی هەمان ساڵدا دا دەرچوو. خاوەنی ئیمتیازەکەی محەمەد خدر و سەرنووسەر عەلی مەولوود بوو ..هەرچەندە بڵاوکراوەکە دەستەی نووسەرانی نەبوو، بەڵام لە دەرکردنی هەردوو ژمارەکەدا وەکو دەستەی نووسەران و هاوکاری سەرنووسەر، کارم دەکرد. بڵاوکراوەکە لە چاپخانە بە قەبارەی ڕۆژنامەیەکی نۆرماڵ چاپ و بڵاو دەکرایەوە.)(١)**

---

**(١)لە وەڵامی حەسەن حوسێن بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود (ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.**

## ڕەوەند / المد
## گۆڤاری فیکری سیاسی وەرزیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
## بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی




ڕەوەند : گۆڤارێکی فیکری سیاسییە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەری دەکات.
سەرنووسەر : ڕێبوار ئەحمەد
بەڕێوەبەری نووسین : خەسرەو سایە
دواتر دوای دوو سێ ژمارە خەسرەو سایە دەبێت بە سەرنووسەر. ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەوەند لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.
ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت ( بڵاوکراوەیەکی تر گۆڤاری (ڕەوەند-المد) بوو کە بە زمانی کوردی و عەرەبی بە شێوەی کتێبێک دەردەچ وو، بابەتەکانی فکری و سیاسی بوو، گۆڤارێکی وەرزی بوو بەڵام دەرچو ونی ڕێکوپێک نەبوو. هە ڵبەت کە بە دو و زمان دەردەچ وو بەو مانایە نەبوو کە یەکێکیان تەرجومەی ئەوەی تریان بێت، نەخێر بابەتەکانی جیاواز بوون، بەشی کورد ییەکەی دەربارەی مەسەلەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و عەرەبییەکەی دەربارەی مەسەلەکانی ع ێراق و دنیای عەرب بوون. هە ڵبەت بەشێکیش لە بابەتەکانیان هاوبەش بوو بە تایبەتی ئەوانەی دەربارەی کۆمۆنیزمی کر ێکاری و باس و مەسەلەی ح یزبی کە هەم لە کورد ییەکە و هەم لە عەرەبییەکە بڵاو دەکرانەوە. لە پێشەوە من سەرنو وسەری هەردو وکی بووم، فارس مەحمود بەڕێوەبەری نو وسینی عەرەبییەکە بوو خ ەسرەو سایەش بەڕێوەبەری نووسینی کوردییەکە بوو. لەڕاستیشدا نزیک بە هەموو کارەکان ئەوان دەیان کرد، من جگە لەوەی بۆم دەنووسین، بەرنامەی هەر ژمارەیەکم لەگە ڵ ئەو دو و هاوڕێیە دادە ڕشت کە بابەتەکان دەربارەی چی بن، هەروەها پێش ب ڵاوبوونەوەش چێکم دەکرد. لە سەردەمی سەرنووسەری مندا دوو بۆ سێ ژمارە لە هەرکامیان دەرچ وو، دواتر سەرنو وسەرییەکە سپێردرا بەو دوو هاوڕێ یەی کە وتم بەڕێوەبەری نووسین بوون.)(١)

**المد**

**گۆڤاری فیکری سیاسی وەرزیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەزمانی عەرەبی بڵاودەبووەوە.**

**سەرنووسەر : ڕێبوار ئەحمەد / فارس مەحموود**

**بەڕێوەبەری نووسین : فارس مەحموود**

**ئەم گۆڤارە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە و تا ساڵی ٢٠٢١ ، دە ژمارەی لێدەرچووە.(٢)**

---

**(١)لە وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)سایتی فەرمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.**https://wp-iraq.com/category/

(١٣٢)

**ئۆکتۆبەر( * )**

## بڵاوکراوەی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان



ئۆکتۆبەر



ئۆکتۆبەر

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر



ئۆکتۆبەر

**ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر؛ وەک ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بە سێ دۆخ و سێ دەورەدا تێپەڕیوە.**

**دەورەی یەکەم؛ ئۆکتۆبەر بە فۆرمە سادەکەی**

**لە دەورەی یەکەم ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە.**

**سەرنووسەر : ڕێبوار ئەحمەد / سەعید ئەحمەد**

**بەڕێوەبەری نووسین : کاژاو جەماڵ.**

**ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت (بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ٢٠٠٠ یەکەمین ژمارەی دەرچوو، ماوەیەک ڕاوەستا و پاشان دەستی بەکار کردەوە و تا ئێستا بەردەوامە و ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە.)(١)**

**دەورەی دووەم؛ ئۆکتۆبەر بە فۆرمی ڕۆژنامەی نۆرماڵ**

**بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر؛ پاشان وەک فۆرمی ڕۆژنامەی نۆرماڵ دەردەچووە و دەستی بە بەبڵاوکرانەوە کردووە.**

**سەرنووسەر : خەسرەو سایە**

**دەستەی نووسەران : مزەفەر عەبدوڵا، حەمە غەفوور، نوری بەشیر، ڕێبوار ئەحمەد، ئاراس ڕەشید، شەماڵ عەلی، ئاسۆ کەمال، گۆنا سەعید، ئاڵا فەرەج، عەبدوڵا مەحمود، موحسین کەریم، جەماڵ موحسین، ڕێبوار عارف، عیرفان کەریم.**

**دەورەی سێیەم ئۆکتۆبەر بە فۆرمە دیجیتاڵەکەی**

**دوای ئەوەی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر بۆ ماوەیەک دەوەستێت، ئەمجارە وەک ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، دەست بە دەرچوون دەکاتەوە و ژمارە یەکی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دەرچووە و لەسەری نووسراوە (دەورەی سێهەم). موحسین کەریم دەڵێت (بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر کە دوای بۆپێشەوە حزب بڕیاریدا دەربچێت.. دوو دەورە دەرچوو.. یەکەم جار بە سەرنووسەری هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد.. دواتر بە سەرنووسەری سەعید ئەحمەد... دوای ڕاوەستانی بۆ چەند ساڵ.. دیسانەوە حزب بڕیاریدا دەربچێتەوە و من لەوکاتەوە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەم و تائێستا ٩١ ژمارەی لێدەرچووە و مانگی دووجار دەردەچێت.) (٢)**

---

**(١)لە وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(٢)لە وەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لە ئەرشیفی موحسین کەریم و ڕێبوار ئەحمەد و ئەنتەرنێت، وەرگیراون.**

## ئالا

## بڵاوكراوەی سۆشیالیستی مانگانەی یەكێتیی كۆمۆنیستەكان لە عێراق


ئـالا
Alla

سەرنووسەر : عەلی مەولوود ئیسماعیل(ئاسۆ غەریب)

خاوەنی ئیمتیاز : عەبدولڕەحمان عەلی فەقێ ڕەشید

بە ژمارە ( ٣٥٩) لە ٢٠٠٢/٧/١٠ مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە.

عەلی مەولوود دەڵێت(لەو سەروبەندەدا ئاسایشی شاری سلێمانی هەوڵی ڕاگرتنی بڵاوكراوەی " پەیامی كۆمۆنیزم" و داخستنی زووسینگەكەی دەدا، بۆ ئەوەی بێ بڵاوكراوە نەبین وەكو یەدەگ بەناوی "ئالا" مۆڵەتمان وەرگرت و بەشێوەی مانگانە و بە قەبارەی چوار لاپەڕەی ڕۆژنامە كە تەنها پێنج ژمارەی لێدەرچوو، ژمارەی یەكی لە یەكی ئەیلولی ٢٠٠٢ و كۆتا ژمارەشی لە بیست و پێنجی كانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دەرچووە. نووسەرەكانی بریتی بوون لە (شەماڵ ئەحمەد، جەبار حەمەساڵح، ئاسۆ، سەردار حەمەساڵح، محەمەد عەبدوڵا، بەرهەم ئەركان، موەفەق عەلی، شێخ قادر و مەشخەڵ)(١)(**)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود ( ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەكانی ئامادەكاری ئەم كتێبە.

(*)لە ئەرشیفی عەلی مەولوود( ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.

(**)مەشخەڵ؛ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) نییە و بەڕێزێكی ترە كە وتاری سیاسی بەو ناوەوە دەنووسی.

(١٣٤)

## بایكۆت

### بڵاوكراوەی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان(١)


بایكۆت 13


بایكۆت
Boycott

سەرپەرشتیار : شوكاك عەبدولستار

ژمارە یەكی لە سیانزەی تشرینی یەكەمی ٢٠١٣ بڵاوكراوەتەوە. ئەم بڵاوكراوەیە؛ بڵاوكراوەی سیاسی ڕۆژانەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان بوو كە تایبەت بوو بە بایكۆتكردنی هەڵبژاردنەكانی حیزبە سیاسییە بۆرژوازییەكانی كوردایەتی لە كوردستان.

---

(١) نازانرێت ئەم بڵاوكراوەیە چەند ژمارەی لێ كراوەتەوە.

(*)لەئەرشیفی موحسین كەریم و ئەنتەرنێت، وەرگیراون.

(١٣٥)

## ڕۆژانەی خۆپیشاندان
## بڵاوکراوەی ئەنجوومەنی مەیدانی ئازادی


ڕۆژانەی خۆپیشاندان

هیچ سیناریۆیەک ناتوانێت بەر بە بزووتنەوەی نارەزایەتی کوردستان بگرێت


ڕۆژانەی خۆپیشاندان

خۆپیشاندەران ٤٨ سەعات مۆڵەت بەدەسەڵات دەدەن

سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی بەسەرەوە نییە.

ژمارە یەکی ڕۆژانەی خۆپیشاندان لە یەکی ئازاری ٢٠١١ بڵاوبووەتەوە. ڕۆژانەی خۆپیشاندان؛ وەک بڵاوکراوەی ئەنجوومەنی مەیدانی ئازادی لەماوەی ٦٣ ڕۆژی بزووتنەوەی خۆپیشاندانی حەڤدەی شوبات و ڕۆژانی دووایی لە شاری سلێمانی بڵاودەکرایەوە. عەلی مەولوود ( ئاسۆ غەریب) دەڵێت( لەم بڵاوکراوەیەدا نزار عەبدوڵا و عومەر ئەمین و سەلام مارف و من وەک نووسەر بەشدار بووین و پێموابێ لە ماوەی ٦٣ ڕۆژی بزووتنەوەی خۆپیشاندانی ١٧ شوبات و ڕۆژانی دوایی، جگە لە ڕۆژانی هەینی کە بەهۆی نوێژی هەینی ئیسلامییەکان، کۆمۆنیستەکان بەشدارییان نەدەکرد، ڕۆژانە بڵاو دەکرایەوە و بەدرێژایی ئەو ماوەیە زیاتر لە چل ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.) (١) بەڵام سەلام مارف دەڵێت(نا ئەو زانیاریانە وا نین. بڵاوکراوەی ئەنجومەنی مەیدانی ئازادی بووە نەک گروپێک. هەموو ڕۆژێک بەردەوام بووە بە هەینیشەوە. زۆر پەیوەندی بە ئەدەبیاتی چەپەوە نییە. ناوی ستاف لەسەر ڕۆژنامەکە نەبووە لەبەر هۆکاری ئەمنی.)(٢)

---

(١)لە وەڵامی عەلی مەولوود ( ئاسۆ غەریب) بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢) پەیامی سەلام مارف لە ماسنجەری فەیسبووکەوە بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لەئەرشیفی عەلی مەولوود( ئاسۆ غەریب)، وەرگیراوە.

(١٣٦)

## زایەڵە

## ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕەخنەیی ئازاد


زایەڵە
ZAYELE
هەزاران کرێکار لەمانگی رەمەزاندا بێکارکران و

**سەرنووسەر: هیوا ئەحمەد**

**خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولقادر سەعید**

**ڕۆژنامەی زایەڵە؛ ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕەخنەیی ئازاد بوو . ژمارە یەکی لە ٢٠٠٢/١٢/١٣ دەرچووە.**

---

**(١)لەئەرشیفی عەلی مەولوود، وەرگیراوە.**

(١٣٧ و ١٣٨)

## بەرەو شۆشیالیزم و نحو الاشتراكیة (*)
## ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
## بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی


به ره و سۆشیالیزم


Toward Socialism
نحو الاشتراكية
عاشت الجمهورية الاشتراكية

**بەرەو سۆشیالیزم**

**سەرنووسەر : سەمیر نووری ژمارە ١ تا ٢٢**

**سەرنووسەر: سەردار عەبدوڵا حەمە ژمارە ٢٣ تا ٤٣**

**سەرنووسەر : کاروان نەجمەدین ژمارە ٤٤ تا ٥٩**

**سەرنووسەر : سەردار عەبدوڵا حەمە ژمارە ٦٠ تا ٧٢**

**دەستەی نووسەران : سەمیر نوری، سەرگوڵ محەمەد، کاروان نەجمەدین، ستار حەمەعەلی**

**سەردار عەبدوڵا حەمە دەڵێت( من سەرنووسەری بڵاوکراوەی بەرەو سۆشیالیزم؛ کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بوو، هەر دوو هەفتە جارێک دەردەچوو بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ سەرنووسەری بووم. بەرەو سۆشیالیزم نزیکەی ٥٠ ژمارەی من سەرزووسەری بووم. یەکەم ژمارەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکرایەوە . پێم وابێ ٧٣ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی شایانی باسە لەو دووایانەدا ڕۆژنامەکە لە کاتی خۆیدا دەرنەدەچوو؛ تەنانەت چەند مانگێک جارێک ژمارەیەکی لێ دەردەچوو. بەرەو سۆشیالیزم زۆربەی ژمارەکانی ئەلیکترۆنی بوو بەڵام بەشێکیشی بەشێوەی ڕۆژنامە لە کوردستان چاپ دەکرا و لە کتێبخانەکان و لەسەر جادە بڵاو دەکرایەوە. بەرەو سۆشیالیزم ؛ ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بوو ئەو حیزبەی پاش جیابوونەوەی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دروست بوو**

. تا ژماره ۲۲ هاوڕێ سەمیر نوری سەرنووسەری بوو، دواتر لە ژمارە ۲۳ وە تا ژمارە ۷۳ من سەرزووسەری بووم بە بڕیاڕی مەکتەب سیاسی حیزب کە خۆشم ئەندامی بووم. لەسەرەتادا من بابەت و سەرووتارم ئامادە دەکرد هاوڕێ سەباح ئیبراهیم ئامادەی دەکرد و دەری دەکرد بەڵام دواتر خۆشم ئامادەم دەکرد .پاش ژمارە ۷۳ بڵاوکراوەکە وەستا هەرچەند پێشتریش زۆر جار بە ڕێکوپێکی دەر نەئەکرا جاری واهەبوو لە سێ مانگ جارێ یەک ژمارەی لێ دەردەکرا بەهۆی کەمی مەواد و بابەت. بەڵام لەسەرەتادا بۆ چەند ساڵێک هەردوو هەفتە جارێک دەرئەکرا. ئیتر پاش ئەوەی من لەو حیزبە وازم هێنا بڵاوکراوەکەش وەستا و بیرم نایەت یەک ژمارەشی لێ دەرکرابێ.(۱)

سەمیر نوری دەڵێت (: ڕۆژنامەی بەرەو سۆشیالیزم . بەزمانی کوردی دەردەکرا و زۆربەی ژمارەکانی ئینتەرنێتی بڵاو دەکرانەوە و هەندێ ژمارەی چاپ کراو بڵاوکرایەوە لە کوردستان. من سەرنووسەری دەورەی یەکەمی بووم، هاوڕێ سەردار عەبدوڵا حەمە دواتر سەرزووسەری گرتنە ئەستۆ. ژمارە یەک بۆ بیست من ( سەمیر نوری )سەرنووسەری بووم، لە ژمارە بیست و یەک سەردار عەبدوڵا حەمە سەرنووسەر بووە تا ژمارە چل و سێ وە لە ژمارە چل و چوارەوە بۆ ژمارە پەنجا و نۆ کاروان نەجمەدین سەرنووسەری بووە .لە ژمارە ٦۰ وە بۆ ژمارە ۷۲ جارێکی تر سەردار عەبدولا حەمە سەرنووسەری بووە. هاوڕێ بژاری شاعیر یاریدەدەری هەندێ لە ژمارەکان بووە و ڕێبین فاروق بۆ دەورەیەک یاریدەدری سەرزووسەر بوو.(۲)

## نحو الاشتراكية

ڕۆژنامەی نحو الاشتراكية حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بەزمانی عەرەبی بڵاوی دەکردەوە.
سەرنووسەر: عصام الشكري ژمارە ۱ تا ۱۲۲
سەرنووسەر : جەلیل شەهباز ۱۲۲ تا ۱۵۷
سەرنووسەر: عصام الشكري ژمارە ۱۵۷ تا ۲۱۲
سەرنووسەر : سەمیر نووری ژمارە ۲۱۲ تا ۲۲٦
سەرنووسەر: عصام الشكري ژمارە ۲۲٦ تا ۲۵۰
سەرنووسەر : سەمیر نوری ۲۵۰ — تا ئێستا

دەستەی نووسەران :

عصام الشكري دەڵێت(نزیکەی ۲٤۸ ژمارەمان لە ڕۆژنامەی نحو الاشتراكية بڵاوکردەوە و ئێستاش وەستاوە و دەرناچێت.)(۳)(**)

---

(۱)لە وەڵامی سەردار عەبدوڵا حەمە بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.
(۲)لە وەڵامی سەمیر نووری بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.
(۳)لەوەڵامی عصام الشكري بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.
(*)لەئەرشیفی سەردار عەبدوڵا و سەمیر نوری و ئەنتەرنێت، وەرگیراون.
(**)تا ئێستا ڕۆژنامەی نحو الاشتراكية ۲٥٤ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بەردەوامە لە دەرچوون.

# نا

## ڕۆژنامەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق



**سەرنووسەر: تاهیر حەسەن**

**هاوکاری سەرنووسەر: خەسرەو سایە**

**دەستەی نووسەران :سامان ئەحمەد، ئاسۆ کەمال، دەشتی جەماڵ، ئەنوەر ساڵح**

**ڕۆژنامەی نا؛ وەک ڕۆژنامەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی تائیفی و کۆنە پەرست دەردەکرا.**

---

**(١)لەئەرشیفی کامەران ئەحمەد، وەرگیراوە.**

**(١٤٠)**

## الشرارة

## رۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق



الشرارة!

عاش الثامن من آذار يوم المرأة العالمي!

**سەرنووسەر: سەمیر نوری**

**یارمەتیدەری سەرنووسەر : عەباس کامل**

**بەڕیوەبەری نووسین " عەلی ئەلشێخ**

**بەرپرسی بڵاوکردنەوە : سعد ئەلعەساوی**

**ئەم ڕۆژنامەیە هەفتانە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە بەزمانی عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە. سەمیر نووری دەڵێت :( تا ئێستا حەڤدەی ژمارەی لێدەرچووە من سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیەم عەباس کامل یاریدەری سەرنووسەرە و بە زمانی عەرەبی دەردەچێت.)(١)**

---

**(١)لە وەڵامی سەمیر نووری بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لە ئەرشیفی سەمیر نوری، وەرگیراوە.**

## المجالس العمالية
## ڕۆژنامەی اتحاد المجالس و النقابات العمالية في العراق(*)




سەرنووسەر : فەلاح عەلوان / حەیدەر جاسم

بەڕێوەبەری نووسین : نور سالم

دەستەی نووسەران : شۆرش عومەر، ئەحمەد خەڵەف، کەرار ئەیاد، فەوزی مالح.

ڕۆژنامەی المجالس العمالية ؛ ڕۆژنامەی (اتحاد مجالس و النقابات العمالية في العراق)، کە بە زمانی عەرەبی لە شاری بەغداد بڵاودەبێتەوە وتا ئێستا ٤٦ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە و بەردەوامیشە لە دەرچوون. (١)

---

(١)سایتی فەرمی (اتحاد مجالس و النقابات العمالية في العراق) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.
https://www.facebook.com/profile.php?id=100063669162132

(١٤٢)

## نشرة الانتهاكات

## بڵاوکراوەی ناوەندی هاوپشتی بۆ پێشێلکارییەکانی مافی کرێکاران و نەقابە کرێکارییەکان لە عێراق(*)

## بە زمانی عەرەبی



**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتە بە پێشێلکارییەکانی مافی کرێکاران و نەقابە کرێکارییەکان لە عێراق کە مانگانە بە زمانی عەرەبی لە واشنتۆن دی سی لە ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە. ژمارە سێی لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە. لەسەری نووسراوە:( کە ئامانج لەم بڵاوکراوەیە بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافەکان کرێکاران لە عێراق.)(١)**

---

(١)**سایتی فەرمی بڵاوکراوەکە** https://www.solidaritycenter.org/wp-content/uploads/2015/04/Iraq-Trade-Union-Bulletin-August-2010.Arabic.pdf

(*)**نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

## بەدیل

## ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان(*)




**سەرنووسەر: موحسین کەریم**

**دەستەی نووسەران:**

**موحسین کەریم دەڵێت (ئەم ڕۆژنامەیە بە دەست پێشخەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەدوای ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەر، ئێمە سێکشنێکمان دانا بەناوی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان، کە ئەو ڕۆژنامەیەمان دەردەکرد و من سەرنووسەری بووم. لەماوەی ٢٠١٧ تا ٢٠١٨، نزیکەی دوانزە یان سیانزە ژمارەمان لێ دەرکرد و هەر پانزە ڕۆژ جارێک ژمارەیەکمان لێ بڵاو دەکردەوە. ڕۆژنامەکە وەکو ئۆرگان یان بڵاوکراوەی بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو.)(١)**

---

**(١)لەوەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی جەماڵ جەمیل مستەفا، وەرگیراوە.**

(١٤٤)

## ڕیفراندۆمی هەفتانە

## بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان( * )



**سەرنووسەر : موحسین کەریم**

**موحسین کەریم دەڵێت (ڕیفراندۆمی هەفتانە؛ وەک بڵاوکراوەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەسەروبەندی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ هاتۆتە بڵاوبوونەوە.)(١)**

---

**(١)لە وەڵامی موحسین کەریم بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**( * ) نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

(١٤٥)

## الغد الاشتراكي

## رۆژنامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق(*)


الغد الاشتراكي

تحرر المرأة مفتاح تحرر المجتمع من النظام القائم

**بەڕێوەبەری نووسین: عەبدوڵا ساڵح**

**دەستەی نووسەران: جەلال سەباغ، تاریق فەتحی، نادر عەبدولحەمید، هەدیل وەزاح، نور سالم، شیرین عەبدوڵا**

**بەڕێوەبەری هونەری: سەلاح فەتحوڵا**

**ڕۆژنامەی (الغد الاشتراكي) دوو مانگ جارێک لەلایەن ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بڵاو دەکرێتەوە. ژمارە یەکی لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە جگە لە لایەنە سیاسییەکەی، گرنگییەکی زۆر بە ئەدەب و هونەر و فەرهەنگی کرێکاریی و ئینسانیی و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنان و قوتابیان و مامۆستایان و ..تاد داوە.**

**عەبدوڵا ساڵح دەڵێت (لە ئەیلولی ٢٠١٨ ەوە، وەک دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (الغد الأشتراكي) بەزمانی عەرەبی، دەستم بەکاری ڕۆژنامەگەری کردەوە و لە ژمارە سێی (الغد الأشتراكي)بەدواوە ئەرکی بەڕێوەبەری نووسینم لەسەر شانە و بەردەوامم لەو کارەم کە تا ئەمڕۆ ٣٥ ژمارەمان لێ دەرکردوە.)(١)(**)**

---

**(١)لە وەڵامی عەبدوڵا ساڵح بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەسایتی فەرمی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، وەرگیراوە.**https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=3688

**(**)تا ئێستا ڕۆژنامەی ( الغد الاشتراكي)٤٧ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بەردەوامە لە دەرچوون.**

(١٤٦)

## ڕەوت

## ڕۆژنامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق


رەوت

سەرنووسەر : سەرنووسەری نییە.

دەستەی بەڕێوەبردن : نادر عەبدولحەمید، عەبدولا ساڵح، جەماڵ کۆشش، موئەیەد ئەحمەد، سەلاح فەتحوڵا، نەوزاد بابان، شیرین عەبدولا، نەزار عەفراوی

ڕۆژنامەی ڕەوت دوو مانگ جارێک لەلایەن ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بڵاو دەکرێتەوە. ژمارە یەکی لە یەکی ئایاری ٢٠١٩ بڵاوبۆتەوە و تا ئێستا ٣٥ ژمارەی لێدەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە جگە لە لایەنە سیاسییەکەی، لەڕێگەی (بانیژەی ئەدەب و کلتوور)ەوە، گرنگییەکی زۆری بە ئەدەب و هونەر و فەرهەنگی کرێکاریی و ئینسانیی داوە. جەماڵ کۆشش دەڵێت: (ڕۆژنامەی ڕەوت، یاخی بوونی سپارتاکوس لە سەردەمی هۆشیاری زیرەکدا. زیندووکردنەوەی مارکسیستی ئەرسەدۆکسی لە ونبوونی کۆمپاسی سۆشیالیستیدا.)(١)

عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) دەڵێت( بانیژەی ئەدەب و کلتووری ڕۆژنامەی ڕەوت، پەنجەرەیەکی جوانی ئەدەب و کلتوورە، کەپێ لەسەر دەقی ئینسانیی جوان و ئیستاتیکای بەرز و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دادەگرێت.)(٢)(**)

---

(١)لە وەڵامی جەماڵ کۆشش بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) سەرپەرشتیاری بانیژەی ئەدەب و کلتووری ڕۆژنامەی ڕەوت، ئاوا بانیژەی ئەدەب و کلتوور دەبینێت.

(*)لە سایتی فەرمی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، وەرگیراوە.https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=3688

(**)تا ئێستا ڕۆژنامەی ڕەوت ٣٨ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بەردەوامە لە دەرچوون.

## المساواة

## ڕۆژنامەی ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق(*)



**سەرنووسەر: یەنار محەمەد / ئەسیل ڕەماح**

**بەڕێوەبەری نووسین: ئیبتسام / مانع ئیڤان دەڕاجی**

**دەستەی نووسەران: روز حەمید، جولیان ئەحمەد، نور سالم، میار عامر**

**ڕۆژنامەی(المساواة)؛ لەلایەن ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق دەردەچێت، کە ڕێکخراوێکی جەماوەری ژنانە و ئامانجی ڕێکخستنی خەباتی ژنانە بۆ بەهێزکردنیان لە بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمانەی کە لە کۆمەڵگادا دەکرێت، بەدیهێنانی یەکسانییەکی تەواو لە نێوان ژنان و پیاوان لە عێراق بە پێی دەستوورێکی عەلمانی و یەکسانیخواز، و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤی ژنان لە ڕێگەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی لە دژی ژنان و ڕزگارکردنیان لە هەموو جۆرەکانی کۆنترۆڵ و کۆیلایەتی و بەرگریکردنیان لە جۆرەها نادادپەروەری کە لە عێراقدا بەسەریاندا دەسەپێندرێت. ئەویش بە هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بە مافە مرۆییەکانیان و بەهێزکردنیان و بەرگریکردن لێیان و گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانە. ڕۆژنامەی المساواة دەنگی ڕزگاریخوازانەی ژنانی عێراقە.(١)**

---

(١)**سایتی فەرمی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق.**https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=3688

(٢)**سایتی ڕۆژنامەی (المساواة)** #/http://almousawatj.blogspot.com

(*)**تا ئێستا ٢٦ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بەردەوامە لە دەرچوون.**

(١٤٨ و ١٤٩)

## دەنگی کرێکار

## ڕۆژنامەی کرێکاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان

## بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی




7.55




**سەرنووسەر : مەهدی ڕەسوڵ**

**دەستەی نووسەران : نییەتی.**

**ڕۆژنامەی دەنگی کرێکار لە کوردستان بە زمانی کوردی بەشێوەزاری سۆرانی و هەروەها بەزمانی ئینگلیزیش بڵاو دەکرێتەوە. تا ئێستا ٧٣ ژمارە بە زمانی کوردی و بەزمانی ئینگلیزی نۆ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بەردەوامە لە دەرچوون.**

---

(١)**لە سایتی دەنگی کرێکار وەرگیراون.**https://dangikrekar.com/ku/

(١٥٠)

## صدى العمال

## بڵاوكراوەی كۆمەڵێک هەڵسوڕاوی كرێكاریی بەزمانی عەرەبی


صدى العمال

**سەرنووسەر:** سوبحی ئەلبەدری

**دەستەی نووسەران:** نییەتی

بڵاوكراوەی (صدى العمال)؛ مانگانەیەكی كرێكارییە، ژمارە یەكی لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوكراوەتەوە. ئەم رۆژنامەیە لەلایەن ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی كرێكارییەوە دەردەكرێت. تا ئێستا بڵاوكراوەی صدى العمال ٣٢ ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە و بەردەوامیشە لە دەرچوون.

---

(١)لە سایتی فەرمی رێكخراوی بەدیلی كۆمۆنیستی لە عێراق، وەرگیراوە.https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=3688

(١٥١)

## نساء الانتفاضة


نساء الانتفاضة

فناء طموحات النساء

سەرنووسەر: اسيل سامي

دەستەی نووسەران : نییەتی

ئەم رۆژنامەیە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بڵاودەبووەوە. بابەتەکانی ئەم رۆژنامەیە دەربارەی ژنان و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی بەردەم ژیان و تێکۆشانی ژنان بوون وەک ئینسان. رۆژنامەکە رێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکرد. رۆژنامەی (نساء الانتفاضة ) توانرا ١٢٨ ژمارەی لێ بڵاوبکرێتەوە و ئێستاش لەبڵاوکردنەوە وەستاوە.(*)

---

(*)لە سایتی رێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، وەرگیراوە. -https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=3688

(١٥٢)

## گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی

## گۆڤارێکی سیاسی فیکرییە حیزبی کۆمۆنیستی کوێکاریی کوردستان دەریدەکات.(*)




**سەرنووسەر جەماڵ موحسین**

**دەستەی نووسەرانی نییە.**

**گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی وک گۆڤارێکی سیاسی - فیکریی بەزمانی کوردی دەردەچێت. ژمارە یەکی لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ بڵاوبۆتەوە و تا ئێستا بەردەوامە. ئەم گۆڤارە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە بڵاودەکرێتەوە و لەشێوەی کتێبدایە. (دیدگای سۆشیالیستی گۆڤارێکە کە تەقەلا ئەکات بۆ رۆڵ گێران لە پرۆسەی هوشیاری چینایەتی سۆسیالیستیدا و هەوڵ ئەدات بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کوردستان بداتە بەر رەخنە. تێئەکۆشێت بۆ بەدەستەوەدانی تێگەیشتن و شیکردنەوە و دانە بەرباسی مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی و هزریەکانی کۆمەڵگای کوردستان و دۆزینەوەی رێگایەک بۆ تێگەیشت لەو مەسەلە جیاوازانە و چۆنێتی هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی ئەڵتەرناتیڤ لەبەرامبەریاندا. بەرجەستەکردنەوەی خەباتی کرێکاران بۆ داواکاریە ئابورییەکان بۆ باشبوونی ژیانیان، پتەوکردنی رەوتی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی، رێکخستنی کرێکاران، رەخنە لە رەوت و بیرورا بۆرژوازیيە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و هەر مەسەلەیەکی تری لەم بابەتانە جێی بایەخی دیدگای سۆشیالیستی ئەبن. ئەم گۆڤارە بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەتە مارکسیستیەکان، وەرگێڕانی دەقە بناغەییەکانی مارکسیزم، ووتار و بابەتی شیکاری و گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی سیاسی و فیکری و سیاسەتە سۆسیالیستەکانەوە هەوڵ ئەدات بۆشاییەک کە لە کۆمەڵگادا لەم رووەوە هەیە پڕ بکاتەوە.** (١)(**)

---

**(١)سایتی فەرمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان** https://www.hkkurdistan.org/?cat=64

**(*)لە سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، وەرگیراوە.**

(**)ماوەیەک لە بڵاوبوونەوە وەستا بوو، ئێستا جارێکی تر دەستی کردۆتەوە بە دەرچوون.

(١٥٣)

## سیکیولار

## گۆڤاری ڕێکخراوی بەرگری لە عەلمانییەت و مافە مەدەنییەکان لە عێراق




سەرنووسەر: عیسام شوکری

دەستەی نووسەران: نەیبووە.

سیکیولار، وەک گۆڤاری ڕێکخراوی بەرگری لە عەلمانییەت و مافە مەدەنییەکان لە عێراق، بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. عیسام شوکری دەڵێت: (لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی مرۆیی تەنها پێنج ژمارەمان لێ دەرکرد و دەخوازم دووبارە گۆڤاری سکیولار بەم نزیکانە وەکو گۆڤار لە بەغداد چاپی بکەین.)(١)

---

(١)لە وەڵامی عیسام شوکری بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(*)لە ئەرشیفی عیسام شوکری، وەرگیراوە.

## العلمانية هي الحل

## ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق


العلمـــانية هي الحل

**سەرنووسەر: عیسام شوکری**

**دەستەی نووسەران:**

**ئەم ڕۆژنامەیە وەک ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. عیسام شوکری دەڵێت:(هەروەها من سەرنووسەری بڵاوکراوەیەکی سادەم کە لە بەغداد بڵاوی دەکەینەوە بەناوی العلمانية هي الحل.(١)**

---

**(١)لە وەڵامی عیسام شوکری بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لە ئەرشیفی سەمیر نوری، وەرگیراوە.**

# ڕێچار

## ڕۆژنامەیەکی سیاسی جەماوەری کرێکاریی سۆشیالیستیە( ※ )


ڕێچار

جیهان لە لێواری جەنگێکەوە بۆ یەکێکی دی!

سەرنووسەر : حەمەی مەلا / سادق عەزیز

خاوەنی ئیمتیاز: دەشنێ نەریمان

ڕۆژنامەی ڕێچار، وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسی جەماوەری کرێکاریی سۆشیالیستی ژمارە یەکی لە ساڵی ٢٠١٩ بڵاوبۆتەوە سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە لە ژمارە یەک تا ژمارە شەش حەمەی مەلا بووە و دەشنێ نەریمانیش خاوەنی ئیمتیاز. بەڵام لە ژمارە حەوتەوە سادق عەزیز سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێچارە. ژمارەی لاپەڕەکانی دە لاپەڕەیە.(١)

---

(١)سایتی فەرمی ڕۆژنامەی ڕێچار https://www.rechar.online › author

( ※ )ڕێچار ئێستا لە بڵاوکردنەوە وەستاوە.

## المنظم الشيوعي

## رۆژنامەی ناوەندی مەکتەبی ڕێکخستنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق(*)



المنظم الشيوعي

5 - 4

أيار - مايو ٢٠١١

جريدة يصدرها مكتب التنظيم المركزي للحزب الشيوعي العمالي العراقي

بدون حزب قوي لاتصل حركات مهما كانت ثورية لمكانتها المنشودة

حول رؤية الحزب للتنظيم الحزبي والجماهيري في الاوضاع الثورية الراهنة

حوار مع سامان كريم

مبادىء النشاط الشيوعي

كورش مدرسي

ترجمة: فارس محمود

سەرنووسەر: فارس مەحموود

دەستەی نووسەران: نەیبووە

نەخشەسازی و جێبەجێکردن: باسل مەهدی

رۆژنامەی المنظم الشيوعي؛ ڕۆژنامەی ناوەندی مەکتەبی ڕێکخستنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوی کردۆتەوە.(١)

---

(١)سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق https://wp-iraq.com /

(*)نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## ڕەت

## بڵاوکراوەی خوێنکاریی کۆمەڵەی ٦٨




سەرنووسەر و دەستەی نووسەران: نەیبووە.

ڕەت، بۆ خوێندکارێکی بەرەنگار، بڵاوکراوەیەکی خوێندکارییە بەهاوکاری ناوەندی غەزەلنووس بڵاو دەبووەوە. ژمارە یەکی لە پایزی ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەت ڕەت بە تیراژی هەزار دانە چاپکراوە و بێ بەرانبەر ( بەخۆڕایی) بەسەر خوێندکاراندا دابەشکراوە. ( ڕەت چاوگی "ڕەتکردنەوە"یە، بە ماناکانی بزاوتن و تەکان، هزر و بیر، لەڕێدەرچوون و یاخیبوون، بنچینە و بنەڕەت، داو و لێتێکدان دێت، کە دەنووسێ و بڵاو دەکاتەوە بە ئامانجی هەموو ئەو مانایانە کار دەکات و گوتارەکەی ڕەتکردنەوەیە. ڕەت ڕادیکاڵ دەبێت، هیی هەموو ئەو کەسانەیە کە خەونی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و قووڵ و جیدییان هەیە و نەبوونەتە بەشێک لەو سیستمەی کە هەیە، هیی ئەو گەنج و خوێندکارانەن کە تا ئێستا کەناڵ و ئامرازێک نەبووە بڵاوکراوە ڕادیکاڵانەکانیان بۆ بخاتە بەرچاو، هیی هەموو ئازادیخوازێکە، هەمووومان دەتوانین تێیدا بنووسین و وەربگێڕین و بڵاو بکەینەوە، سەرپێی بخەین و جێی بخەین و لە داهاتوودا ببێتە سەرچاوەیەکی هزری و مەعریفیی گەنجان و خوێندکاران.)(١) نەبەز خالید دەڵێت(ڕەت بڵاوکراوەیەکی ناو خوێندکاران بوو کە هاوڕێیانی ئەو کاتە لە زانکۆ بوون بڵاویان دەکردەوە. بیری بڵاوکراوەکە لە سەر بنەماکانی ئایدیای (بەرەنگاری) کاری دەکرد.. سەرنووسەر نەدەنووسرا لەسەر بڵاوکراوەکە. گرووپی ٦٨, بڵاویان دەکردەوە. هەر ئەو گرووپە چەند نامیلکەیەکیان بڵاوکردەوە.)(٢) ڕەت شەش ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و دوا ژمارەی ژمارە شەشە و لەپایزی ساڵی ٢٠١٩ دەرچووە.

---

(١)سایتی فەرمی کۆمەڵەی ٦٨ https://ret68.blogspot.com/p/blog-page_18.html

(٢)لەوەڵامی نەبەز خالید بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە



## انتفاضة اكتوبر

## بڵاوکراوەی کۆمیتەی نارەزایەتییەکانی ئۆکتۆبەر




**سەرنووسەر و دەستەی نووسەران:**

بڵاوکراوەی انتفاضة اكتوبر لەلایەن کۆمیتەی نارەزایەتییەکانی ئۆکتۆبەرەوە بڵاوکراوەتەوە. ژمارە یەکی لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ لە عێراق دەرچووە. ئەم بڵاوکراوەیە ١١٩ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە دروشمی بەرەو رێکخستنی جەماوەری هەڵگرتبوو(١)

---

(١)بڵاوکراوەی انتفاضة اكتوبر ژمارە ٢ ی ٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩.

(*)وێنەکە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

## صوت الانتفاضة

## صوت الاحرار في العراق

## لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیووی گۆڕەپانی تەحریرەوە بڵاودەکرایەوە.


صوت الإنتفاضة

العدد 179 ... الجمعة 1/أيار/2020

عاش الأول من أيار يوم التلاحم الأممي للطبقة العاملة

ازالة لافتات الأول من أيار في خانقين

خرق مشين لحق العمال في الاحتفال بيوم تلاحمها الاممي

تنظيمات خانقين

منظمة البديل الشيوعي في العراق

الأول من أيار ٢٠٢٠

تعويض كل من فقد مورد
معيشته نتيجة الحجر الصحي

الحرية لكل معتقلي الانتفاضة
في سجون السلطة و ميليشياتها

2

**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە.**

**بڵاوکراوەی (صوت الانتفاضة ) کە لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیووی گۆڕەپانی تەحریرەوە بڵاو دەکرایەوە، ژمارە یەکی لە سێی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نەبووە، بەڵکوو لەلایەن ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق لە جەرگەی ڕاپەڕینی تشرین لە بەغداد هاتۆتە وەشاندن. ( هەموو دەسەڵاتێک بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو) دروشمی بنەڕەتی ئەم بڵاوکراوەیە بوو و لەسەر نووسراوە دەنگی ئازادیخوازانی عێراق. صوت الانتفاضة ٣٩٦ ژمارەی لێ دەرچووە و دوا ژمارەی شانزەی تەمووزی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.(١)**

(١)سایتی فەرمی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=5773

(١٦٠)

**تکتک**

**صحيفة تصدر عن ساحة التحرير**

**ڕۆژنامەی بزوێنەری عێراقی**




**سەرنووسەری نەبووە.**

**خاوەنی ئیمتیاز : ڕاپەڕیوانی تشرین**

**ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی عێراقییەوە بڵاو دەکرایەوە. خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا، میدیاکانیان سەرسام کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک بە ناوی "تەکتوک"، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر بگەیەننە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. نووسەرانی ڕۆژنامەکە بە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی ڕاگەیاندووە کە "ڕۆژنامەکە لەلایەن کۆمەڵێک خۆپیشاندەرەوە دەرچووە بۆ گەیاندنی ئەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر ڕوودەدات بە چینەکانی دیکەی دانیشتووان، هەروەها لەلایەن خاوەن توک توکەکانەوە پارەی بۆ دابینکراوە کە بوونەتە ڕەمزی نارەزایەتییەکانی مانگی ئۆکتۆبەر". ئاماژەیان بەوەشکردووە، "ڕۆژنامەکە لەلایەن خاوەن توک توکەکانەوە بەسەر خۆپیشاندەران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگادا دابەشدەکرێت". ڕۆژنامەکە کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە نووسراوە و دەنگی پێدەدرێت، نوێنەرایەتی وەڵامێکی گونجاوە بۆ سنووردارکردنی توندی حکومەت بۆ سەر میدیا ناوخۆییەکان و پەکخستنی ڕۆژنامەنووسان بە ڕێگەی جۆراوجۆر و داخستنی**

نووسینگەکانی بەغدای کەناڵە عەرەبی و بیانییەکان، هەموو ئەمانەش لە هەوڵێکدایە بۆ پەراوێزخستنی ڕووداوەکانی عێراق و ڕێگریکردن لە گەیشتنیان بە جیهان. سەرەڕای بچووکی ئەو ڕۆژنامە چوار لاپەڕەیە، بەڵام پێدەچێت سەرەتایەکی جیاواز بێت، کە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هۆشیاریی خۆپیشاندەرانە لە گرنگیی ئازادی قسەکردن و ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ ئەوەی کە لە گۆڕەپانەکان و شەقامەکاندا بە شێوەیەکی شارستانی ڕوودەدەن.(٢)

---

(١)https://rasediraqi.com

(٢)**موقع العرب،** https://alarab.co.uk

(١٦١)

## کاریکاتێر

### بڵاوکراوەیەکی گاڵتەئامێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە(*)




**سەرنووسەر : سەردار عەبدوڵا**

**دەستەی نووسەران : ڕێناس عارف و شوکاک عەبدولستار**

**سەردار عەبدوڵا دەڵێت( من سەرەتا بۆ دەورەیەک وەک دەستەی نووسەران لە گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری ماوەیەک کارم کرد کە عەباس شوان سەرنووسەری بوو پاشان بە خواستی خۆم دەستم لە دەستەی نووسەران کێشایەوە و لە گۆڤاری شەبەنگ وە دەستەی**

**نووسەران و کاری مونتاجم تێدا دەکرد.)(١) هەروەها سەردار عەبدوڵا دەڵێت ( لەساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەی کاریکاتێرمان دەرکرد کە وەک سەرنووسەری کارم تێداکرد سەرەتا دەستەی نووسەران ڕێناس عارف کە دەورێکی باشی هەبوو لە ئامادەکردنی گۆڤارەکە، هەروەها شوکاک عەبدولستار و مەهدی مەندەلاوی بوو چەن کەسانێکی تریش هەبوون بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو پاشان من و ڕێناس تاکو دوا ژمارە کارمان تێیدا کرد. لە ماوەی ساڵانی دوو هەزار تاکوو ٢٠١٢ توانیمان بیست و یەک ژمارە بەشێوەی گۆڤارێکی وەرزی دەربکەین، گۆڤارەکە لەسوید ئامادەمان دەکرد، پاشان هەندێکمان لێ چاپدەکرد و نووسخەمان دەناردەوە کوردستان و لەوێ چاپدەکرا و بڵاودەکرایەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە زۆربەی پێگە ئەلەکترۆنییەکان بڵاودەکرایەوە. لە بڵاوکراوەکەدا هەمیشە بابەتی ڕەخنەی توند و بێ سڵەمینەوە هەموو دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەدرانە بەر ڕەخنەی تەنزئامێز بەشێوەی وێنەی کارتۆنی و نووسینی تەنزئامێز. لای کاریکاتێر هیچ بڕوایەک بە پیرۆزییەکان نەبوو، مافەکانی خەڵکی و دۆزی ژنان ، منداڵان، دۆزی کورد و ڕووداوە جیهانییەکان ببوونە بابەتی سەرەکی لە بابەتەکاندا.**

**لە ڕاستیدا لەگەڵ گەشەی شۆڕشی دیجتاڵی خواستی کەمتر لەسەر ڕۆژنامەی کاغەزی پەیدابوو، خواست زیاتر لەسەر بابەتی کورت پەیدابوو کە خەڵکانێکی زۆر بە هۆی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە ڕۆژانە سەدان بابەت و نوسینیان بڵاودەکردەوە کە ئازادانە و بێ سانسۆر خەڵکی ڕای خۆیان دەردەبڕی هەربۆیە دەرکردنی گۆڤارێک بەشێوە کلاسیکیەکەی نەی دەتوانی وەڵامی خێرا بە دیاردەکانی ڕۆژ بداتەوە، هەروەها دەستگریش بوو، هەر بۆیە کارەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بە شێوەیەکی تر درێژەی پێدرا وەک کردنەوەی پێشانگا کارتۆنییەکان، و بەردەوامی بە گروپی نەڤیزە کە لەسەرەتاوە لەگەڵ بڵاوکراوەکەدا پێشانگای کارتۆنیمان دەکردەوە، هەروەها کردنەوەی گروپی تر لەسۆشیال مێدیا بۆ نوسینی تەنز و شیعری تەنز ئامێز بە ئاستێکی بەرز و هاوپێچ بە وێنەی کارتۆنییەوە .بەو هۆیەی کارتۆن و بابەتی تەنز بابەبەتی خێرای ڕۆژن ئاسانتر بۆ ئێمە کاری سۆشیال میدیایی ئاسانتربوو ، باشترینیشی گەیشتنی بابەتەکان بوو بەخێرایی و تازەیی بە هەزاران بینەر و خوێنەر.)(٢)**

---

**(١)و (٢)لە وەڵامی سەردار عەبدوڵا بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.**

**(*)لەئەرشیفی سەردار عەبدوڵا و جەماڵ کۆشش، وەرگیراون.**

## وەرزنامەی سەکۆی خەباتی کرێکاری




**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی نییە.**

**ئەم وەرزنامەیە دیجیتاڵییە و تەنها لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت بەردەستە. ژمارە یەکی ئەم وەرزنامەیە لەژێر ناوی ( سەکۆی هەواڵی کرێکاری) لە مانگی شوباتی ٢٠٢١ دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە ژمارە چوار ناوەکەی دەبێتە ( سەکۆی خەباتی کرێکاری).**
**سەرپەرشتیارانی ئەم وەرزنامەیە دەڵێن (بە پێی کات و توانامان هەوڵئەدەین هەر ماوە جارێک ژمارەیەک لە بابەتەکانی ماڵپەڕ لە شێوازی وەرزنامەیەکدا کۆبکەینەوە و هیواداریین کە بتوانن لەو ڕووەوە هاوکارمان بن و لە هەواڵ و بابەتەکانتان لەسەر ژیان و هەلومەرجەکانی کارو تێکۆشانەکانی کرێکاران بێبەشمان نەکەن.) (١)**

(١)لە پەیجی تایبەتی فەیسبووکی سەکۆی خەباتی کرێکارییەوە وەرگیراوە.
/https://www.facebook.com/workers.news.stage

(١٦٣)

## بەرەنگاری




سەرنووسەر : نەبەز خالید


دەستەی نووسەران : وەلید عومەر، زەردەشت نوری

ژمارە یەکی گۆڤاری بەرەنگاری لە ئازاری ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبۆتەوە. نەبەز خالید دەڵێت (سەرنووسەری گۆڤاری بەرەنگاریم کرد کە بەداخەوە دوو ژمارەی لێدەرچوو.) (١)

---

(١)لە وەڵامی نەبەز خالید بە پرسیارەکانی ئامادەکاری ئەم کتێبە.

## گۆڤاری مینێرڤا




**سەرپەرشتیار : پێشڕەو محەمەد**

**دەستەی نووسەران : کۆمەڵێک گەنجی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و تاراوگە.**

**پلاتفۆرمی مینێرڤا پلاتفۆرمێکی بیری ڕادیکاڵە، لە لایەن کۆمەڵێک گەنجی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و تاراوگەوە دروست کراوە و گرنگیی بە چاپکردنی هزری پێشکەوتوخواز لە بوارەکانی سیاسەت، هونەر، کلتوور، ئەدەب، فیمینیزم، ئابووریی و بەرهەمهێنانی پەیوەندیی نێوان جوانیناسیی و سیاسەت دەدات. پشت بە توانای بەرهەمهێنانی هونەریی و کلتووریی و سیاسیی تاکە پێشکەوتوخوازەکان دەبەستێت.**

**یەکێک لە پرۆژەکانی بەشی چاپەمەنی مینێرڤا، چاپکردنی گۆڤارە وەرزانەکەیەتی کە لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا تەرخان دەکرێت بۆ ڕەوت و ئایدیا و تێزێکی دیاریکراوی فیکریی، هونەریی و کلتووریی، لە ژمارەیەی یەکەمدا، گۆڤاری مینێرڤا تەرخان کراوە بۆ ڕەوتە هونەریی، سیاسیی، کلتوورییەکانی بزووتنەوەی ئاڤان-گارد و چەندین وتاری نووسراو و وەرگێردراو لەوبارەیەوە لەنێو گۆڤارەکەدا دەخوێننەوە.**

**ئەم هەوڵەی گۆڤاری مینێرڤا بۆ ناساندنی ئەو بزووتنەوە هونەریی و کولتوورییە یەکەمین جارە لە ڕۆشنبیریی کوردیی و بە زمانی کوردیی هەوڵێکی لەوشێوەیە دەبینێرێت، کە ئامانج لەم هەوڵەش بریتییە لە ناساندنی خوێنەری کورد بە دیدگای نوێ و هەروەها جۆرێک لە کارکردنی نوێشە لەنێو ڕۆشنبیریی کوردیی کە پێشتر کاری لەو شێوەیە نەکراوە.(*)**

---

(١)**مینێرڤا: پرۆژە و خەونێکی کلتووری ڕۆژنامەی هەولێر ٧-١١-٢٠٢١**https://hawlerweb.net/adab/2021/11/3575/

(*)له ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.

(١٦٥)

## گۆڤاری ئومێد

### بڵاوکراوەیەکی سیاسی گشتییە، سنووردار بڵاودەکرێتەوە.(١)




گۆڤاری ئومێد وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی گشتیی، ژمارە سفری لە مانگی ئابی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە. تا ئێستا چوار ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە سێی لە کانوونی یکەمی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە. گۆڤاری ئومێد بەپێی پێویست دەردەچێت و بەشێوەیەکی سنووردار بڵاو دەکرێتەوە. ئێدیشنی چاپکراوی ئومێد سنووردارە و تەنیا بۆ ئەرشیفە.(٢)

---

(١) پەیامی تایبەتی سۆران کۆستە لە مەسنجەری فەیسبووکەوە بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە.

(٢)گۆڤاری ئومێد ژمارە سێ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣. لاپەڕە یەک.

## سایتە ئەلەکترۆنییەکان و کەناڵە بیستراو و بینراوەکان

لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە، لەئەنجامی دەستڕاگەیشتن بە زانستی کۆمپیوتەر و شارەزایی پەیداکردن لەبوارەکانی دروستکردنی ماڵپەڕی ئەلەکترۆنیی، ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ دەستیان بۆ ئەم شێوازە لە کارکردن و چەندین کەناڵی بیستراو و بینراویان داناوە و ماڵپەڕیان دروست کردووە و درێژەیان بەخەباتی چینایەتی داوە و لەسەنگەری بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و لەڕوانگەی مارکسیزمەوە ئەم کەناڵ و ماڵپەڕانە بەڕێوە دەبەن. کارێک کە ئەم کەناڵ و ماڵپەڕانە دەیکەن، هەر ئەو کارانەن کە گۆڤار و ڕۆژنامە کرێکاریی و کۆمۆنیستییەکان دەیکەن و دەیانکرد. بۆیە خەباتی ئەم کەناڵ و ماڵپەڕانە، بەشێکی دانەپچڕاون لەبزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق.

(١)

### سایتی دەنگەکان

**کۆران عەبدوڵا بەڕێوەی دەبات.**[https://dengekan.info/](https://dengekan.info/)




دەنگەکان وەک ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی لە یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٢ لە شاری تۆرنتۆوە لەلایەن گۆران عەبدوڵا دامەزراوە و دەستی بەکارکردن کردووە. دەنگەکان وەک پێگەیەکی میدیایی سەربەخۆ لەدەسەڵاتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، درێژەی بەکاری ڕۆژنامەگەری خۆیداوە، بەمەبەستی درووستکردنی کەش و هەوایەکی ئازادانە بۆ نووسین، بە مەبەستی سازکردنی زەمینەیەک بۆ دەنگە جیاوازەکان بۆ لەیەکتر تێگەشتن و بنیاتنانی دونیایەکی هەمەڕەنگ و کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بەهرەمەند لە مافە ڕەواکانی خۆی. بەو پێیەی دەنگەکان پەخشی خۆی لە وڵاتی کەنەداوە دەکات، بۆیە بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی بڵاوکردنەوەی کاری ڕۆژنامەگەری کەنەدا، درێژە بەکاری میدیایی خۆی دەدات. دەنگەکان تەنیا ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە لەگەڵ خاڵەکانی ئاسۆ و ئامانجە ڕاگەیاندراواکانی خۆی دێتەوە. وردەکاریەکانی بڵاوکردنەوە:-

یەک: دەنگەکان بابەتی تەرجومە کراو بڵاوناکاتەوە ئەگەر ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەکرابێ

دوو: دوو بابەتێک لە ڕێگەی خۆمانەوە یان لە ڕێگەی خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە لە سەری ئاشکرابێ کە سوودی لە نووسینی خەڵکی تر بینیوەو ئاماژەی بۆ نەکردووە ، لە پاش لێکۆڵینەوە ئەو بابەتە ئەسرێتەوەهو لائەدرێ و نووسەرەکەشی بە ڕەسمی ئاگادار دەکرێتەوە.

(٢)

**ماڵپەڕی هاوپشتی**

**ئارام عەلی بەڕێوەی دەبات.**[https://hawpshti.com/index /](https://hawpshti.com/index)

**هاوپشتی دەزگایەکی مەدەنی و ئەهلی و نا حکومییە. بۆ کاری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری مۆدێرن و پێشکەوتوخواز و ئینسانی. دەزگای هاوپشتی، دەزگایەکی ڕاگەیاندن، هەواڵ، ڕۆشنبیری و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئازاد و سەربەخۆیە. ئامانجی برەودان و بڵاوکردنەوەی بیروڕاو جەدەلی فکری و سیاسی دەربارەی مەسائلی جۆراوجۆر وەک : مەسەلەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، مەسەلەی میللی، مافی مرۆڤ، مافەکانی منداڵان و لاوان، کۆمەڵگای مەدەنی و عەلمانیەت، خوێندن و پەروەردەی مۆدێرن، دیاردەی کۆچ و پەنابەری و ئازادی سیاسی. دەزگای هاوپشتی، بەرگریکەر و لایەنگرە لە ڕاستی و خەڵک. دەزگای هاوپشتی، هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی پایەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد، دەروازیەکی کراوەیە لە بێدەروازەییدا، دەنگی ئەو کەسانەیە کە لەدەنگ بێبەشکراون. ئامێزیکی گەرم و پڕلەهانایە بۆ خەمە سڕکراوەکان و خواست و ئاواتە خامۆشکراوەکان. خاوەنی پرسیاری خەڵکە، دەنگی کپ نەکراوی ڕەخنەیە، هیچ حەرامکراوێک و تابۆیەک، سنوور بۆ ڕەخنەکانی دانانێت. هیچ بیروبۆچونێکی لا موقەدەس نیيە، دیفاع لە ئازادی و خۆشگوزەرانی ئینسان بە ئەرکی خۆی دەزانێت. هەواڵ و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بابەتیانەو بە دوور لە سانسۆر بە گوێگران و خوێنەران ڕادەگەیەنێت و سەکۆیەکە بۆ دەنگ و بیروڕا جیاوازەکان. هەوێنی بەرنامە زیندووەکانی ڕادیۆی هاوپشتی و خەڵک و مەسەلە سەرەکی و گرنگرکانی ژیانی خەڵکە.**

**هاوپشتی، بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتییە. هەوڵ ئەدات سەرچاوەیەکی هەواڵ، سیاسی، ئابووری، زانستی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بێت. بۆ خوێنەرانی کوردزمان.**
**هاوپشتی، بڵاوکراوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئازادە،لایەنگرە لە ئازادی و یەکسانی، لایەنگرە لە راستی و فەرهەنگی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازانە. بەلام دەروازەیەکی کراوەیە بە ڕووی بیروبۆچونە جیاوازەکان.**
**هاوپشتی، هەوڵ ئەدات فراوانترین بوار و ڕووبەر بۆ دەربرینی ئازادانەی بیروبۆچونەکان فەراهەم بکات. هاوپشتی، هەوڵ ئەدات ئاوێنەی بیروبۆچونە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش، سەبارەت بە کێشە گرنگەکانی جیهانی ئەمرۆ و ناوچەکە و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی بخاتەڕوو.**
**هاوپشتی، نووسین، وتاری جۆراوجۆر، ڕاگەیاندنی حیزبەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کوردستان، هەواڵەکانی کوردستان و دەرەوە، بابەتی ئەدەبی، هونەری، زانستی و فەرهەنگی و....بڵاودەکاتەوە و ڕۆژانە ئاپدەیت ئەکرێتەوە.**
**هاوپشتی، تریبونێکی ئازادە بۆ پەخشکردنەوەی خەباتی ژنان، لاوان و سەرجەم خەلکی کوردستان لە پێناو دونیایەکی باشتر و ژیانێکی باشتر.**

**هاوپشتی، تریبونێکی ئازادانەی بێ سنورە بۆ ڕەخنەی سیاسی، بەڵام هیچ چەشنە تەشهیرێکی ناسیاسیانە و بێ بەڵگە لە دژی تاک و گروپ جێگەی نابێتەوە. حورمەتی تاک لە لایەن هاوپشتی بە تەواوی دەپارێزرێت.**

**ئەو ڕەنگانەی کە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵپەڕەکەو بابەتەکان بە کاردێن، تەنیا مانای هونەریان هەیە نەک مانای سیاسی.**

**دژی سانسۆرین ئەگەر ڕەخنەو پێشنیازەکانتان بۆ لایەن و حیزب و ڕێکخراوەکان بە زمانی شارستانیانەو بنیاتنەر بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان بێت، نەک ببین بە گۆڕەپانی ململانێی نابەجێ.**

**هاوپشتی، دەرگای والایە بۆ هەموو سەرنج و ڕەخنەو پێشنیارەکانتان. بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بەشداریو هاوکاریەکانتان دەکات.**

**هاوپشتی، هەوڵ ئەدات ببێتە سەرچاوەیەکی هاوسەنگو باوەڕپێکراو بۆ گەیاندنی هەواڵو زانیاری لەسەر کوردستان بەتایبەتی و عێراقو جیهان بەگشتی، کەناڵێکە بۆ بەدەنگ هێنانی ئەو کەسانەی کەناڵێکیان نییە دەنگی تێدا هەڵبڕن.**

**سوود وەرگرتن لە بابەتەکانی هاوپشتی، ئازادانەیە بۆ هەر کەس و بڵاوکراوە و دەزگایەکی راگەیاندن. بە مەرجێ ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکرێت.**

(٣)

**سایتی گۆڤاری هانا**

**ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاری هانا بەڕێوەی دەبات.**[https://hana.se/index/](https://hana.se/index/)




**هانا؛ وەک سایتێکی ئەدەبیی و هونەری و کلتووریی بەدیدێکی ڕادیکالانە و سۆشیالیستانەوە لەهەوڵی برەودان بە کلتووری بەرزی ئینسانییە لەڕێگەی دەق و خوڵقاوی هونەرییەوە. سلێمان قاسمیانی شاعیر و نووسەر بەڕێوەبەری سایتی هانایە. ناونانی ئەم سایتە هەر لەناوی گۆڤاری (هانا)وە جێگیر بووە کە تا ئێستا بە دوو خوولی جیاواز ٢٧ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە. سایتی هانا هەر بەرهەمێک دژ بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت بێت بڵاوناکاتەوە.**

## لاپەڕەکان لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا

**هەروەها بە سەدان لاپەڕە لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا دروست کراون کە هەر یەک ئامانجێکی سیاسی چینایەتی دیاریکراوی هەیە. ئەم لاپڕانە ئەگەرچی لەلایەن (کەسێکەوە یان هەڵسوڕاوێکەوە یان لیژنەیەکەوە یان ناوەندێکەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام زیاتر لاپەڕەی کۆمەڵایەتی و سیاسیین و ئامانج لێیان برەودانە بە مەعریفەی سۆشیالیستیی.**

**١-لاپەڕەی سەکۆی بەرەنگاری** https://www.facebook.com/s.k.y.b.r.ngary

**٢-لاپەڕەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان**https://www.facebook.com/yeketi.bekaran

**٣-لاپەڕەی حرکة العمالیة المارکسیة/بزووتنەوەی مارکسیستی کرێکاران**

/https://www.facebook.com/groups/170957567049483

**٤-لاپەڕەی بانیژەی ئەدەب و کلتوور**https://www.facebook.com/banyzh.y.zhnam.y.wt

**٥-لاپەڕەی ناوەندی کۆمۆن**https://www.facebook.com/profile.php?id=100017518120058

**٦-لاپەڕەی هاوپشتی کرێکاری (اتحاد کارگری) بەزمانەکانی کوردی و فارسی.**https://www.etehad-k.com/ku /

**٧-لاپەڕەی سەکۆی کرێکاری** /https://www.etehad-k.com/ku

**٨-موقع الحوار المتمدن**https://www.ahewar.org/debat/nr.asp?nm=1

**٩-لاپەڕەی پێگەی سۆشیالیزم**https://www.facebook.com/profile.php?id=61580441180099

**١٠-اتحاد کارگری**https://www.facebook.com/etehad.kargari

**١١-لاپەڕەی دەنگی چەپ صوت الیسار** /https://www.facebook.com/groups/432282170492174

## کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو و بیستراو)

جێی داخە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لەبواری وەرێخستنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بیستراو و بینراو بەهۆی بێئیمکاناتی و کەم ئەزموونییانەوە نەیانتوانیوە ببنە خاوەن کەناڵێکی کاریگەر و خاوەن جەماوەری گوێگر و بینەر بن. ئەوەی هەیە زیاتر سوودوەرگرتنە لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا.

یەک: ئەلتەرناتیڤی شورایی. ئاوات ڕەسوڵ بەڕێوەی دەبات.

دوو: کەناڵی هیوا؛ شەماڵ عەلی بەڕێوەی دەبات.

سێ: ڕادیۆی پێشەنگ؛ مستەفا باهیر بەڕێوەی دەبات

چوار: ڕادیۆی پەرسڤ؛ نزار عەقراوی بەڕێوەی دەبات.

پێنج: ڕادیۆی هاوپشتی؛ بەکر ئەحمەد بەڕێوەی دەبرد.

شەش: قناة الغد الاشتراكي برنامج حوار الغد يقدمها عباس فاضل

حەوت: راديو المساواة تقديم ناره حسين

# پاشكۆ

**بابەتی یەکەم: بڵاوکراوە فارسییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاریی**
**بابەتی دووەم:لیستی بڵاوکراوەکان بەزمانی ژمارە و ئامار**

## بابەتی یەکەم

### بڵاوکراوە کوردی و فارسییەکانی

### بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران و کۆمۆنیزمی کرێکاری(*)

ئامانج لە دانانی ئەم بڵاوکراوانەی بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران و کۆمۆنیزمی کرێکاریی کە سەرچاوەی تیئوری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێی عێراقن، ئەوەیە کە ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی کە ئەم بڵاوکراوانەیان دەرکردووە و دەردەکەن، سەرچاوەکەیان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دەست پێدەکات کە لە ئەنجامی یەکگرتنی (اتحاد مبارزان کمونیست) و کۆمەڵە شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوەی پەیکار لە پێناوی ئازادی چینی کرێکار و هەندێک لە هێزە چەپەکانی دیکەی ئێرانەوە پێکهات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران؛ پێداگری جیددی لەسەر بنەماکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکرد. دواتر باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری؛ کە ( مەنسوری حیکمەت، ڕەزای موقەددەم، ئیرەجی ئازەرین، کۆرشی مودەریسی) ڕێبەرایەتیان دەکرد، زۆربەی ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە عێراق لەکۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو،ئەم باسانەیان قەبووڵ کرد و چارەنووسی خۆیان بە پابەندبوون بە بنەما سیاسی و چینایەتییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری؛ یەکلاکردەوە. ئیتر بڵاوکراوەکانی پەیام و پێشرەو و کمونیست و بسوی سۆسیالیزم و کارگر امروز و همبستگی و انترناسیونال تا دەگات بە بڵاوکراوەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستای ئەو بزووتنەوەیە، شانبەشانی مارکسیزمی مارکس، بوونەتە سەرچاوەی تیئۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق. ئێمە لە کاتێکدا باس لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەیەک دەکەین، جێی خۆیەتی ئەگەر سەرپێییش بێت ئاماژە بە بڵاوکراوەکانی ئەو سەرچاوە ئیئۆییەش بکەین، تا خوێنەر ئەوەی لا ڕوون بێت کە ئەو مێژووی ئەو بزاڤەی باسی دەکەین لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و لەکوێشەوە هێز و وزەی فیکری و تیئۆری وەرگرتووە.

---

(*)لێرەدا سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێی شاعیر و نووسەرم سلێمانی قاسمیانی کە بەم پاشکۆیەدا چۆتەوە و گەلێ زانیاری ورد و وێنەی دوو بڵاوکراوەی کارگر امروز و همبستگی خستە سەر ئەم پاشکۆیە.

**هەندێ لە بڵاوکراوە کوردی و فارسییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران بە زمانەکانی کوردی و فارسی**

**(۱)**

**پێشەنگ**

**گۆڤاری کانوونی هونەری و ئەدەبی کرێکاری کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی**







**خوولی یەکەم**

**سەرنووسەری نەبووە و هەیئەتی بەڕێوەبردنی هەبووە.**
**گۆڤاری پێشەنگ بە دوو خوول بە زمانەکانی کوردی و فارسی بڵاو دەبووەوە. ژمارە یەکی لە پاییزی ساڵی ۱۹۸۵ دا بڵاوکراوەتەوە.**
**ئەم گۆڤارە لە خوولی یەکەمدا بە زمانی کوردی پانزە ژمارە و پاشکۆیەک و بە زمانی فارسییش چواردە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

**خوولی دووەم**

**سەرنووسەر : سەعید ئەمانی**
**لە خوولی دووەمدا دیارە دوای کۆمەڵێک جیابوونەوە و لێکترازان، ڕێکخراوی کۆمەڵە جارێکی تر کەوتەوە دووبارە چاپکردن و دەرکردنەوەی گۆڤاری پێشەنگ خوولی یەکەم و هەروەها درێژەدان بە گۆڤاری پێشەنگ کە ٢٤ ژمارەی لێ بڵاوکردەوە.(۱)**

---

(۱)**لە سایتی فەرمی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەرگیراوە.** https://ku.komalah.org/

(٢)

**بڵاوكراوەی شۆڕش**

**سازمانی ئینقلابی زەحمەتكێشانی كوردستان- كۆمەڵە دەریدەكرد**



**لە ساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی كوردی، بڵاو دەبووەوە.**(١)

---

(١)**بەداخەوە زانیاری پێویست سەبارەت بەم بڵاوكراوەیە بەردەست نەبوو.**

(٣)

**نشريه خبرنامه**



**سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە**

**لەساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی فارسی، بڵاویدەکردەوە.(١)**

---

(١)**بەداخەوە نەوێنە و نە زانیاری پێویست سەبارەت بەم بڵاوکراوەیە بەردەست نەبوو.**

(٤)

**اسناد کنگره سوم با زبانی فارسی**




**ئەم بڵاوکراوەیە ئیسنادەکانی کۆنگەری سێیەمی ڕێکخراوی شۆشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران(کۆمەڵە)ی لەخۆدەگرت. بڵاوکراوەکە ناوخۆیی بووە. ژمارە یەکی لە مانگی نیسانی ١٩٨٢ بڵاوبۆتەوە.**

---

**(١)وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەرگیراون.**
https://cpiran.org/nashriyat/old_archive/communist/01.pdf

**(٥)**

## کرێکاری کۆمۆنیست

## ئۆرگانی یەکێتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست بەزمانی فارسی



کارگر کمونیست ۱

سرمقاله درباره کارگر کمونیست

درباره مواضع و حرکات اخیر سازمان مجاهدین خلق

قدرت طبقه کارگر در تشکل اوست

کارگران جهان متحد شوید!

**کارگر کمونیست؛ ئورگانی یەکێتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست بەزمانی فارسی ژمارە یەکی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە. دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دووبارە بڵاوکرایەوە.**

---

**(١)ئەرشیفی کارگر کمونیست، نشریة اتحد مبارزان کمونیست.**
http://www.m-hekmat.com/archive/KK/kk06_01.html

## بڵاوکراوەی دەنگی شۆڕشی ئێران بەزمانی فارسی



ژمارە یەکی بڵاوکراوەی پەیام لە مانگی ئازاری ١٩٨٧ بڵاوکراوەتەوە و دوا ژمارەشی ژمارە ٧٩ لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩١ هاتۆتە وەشاندن. زۆربەی بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە وتار و نووسینەکانی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە بە زمانی فارسی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.(١)

---

(١)وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە ئەرشیفی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەرگیراوە.
https://cpiran.org/nashriyat/old_archive/payam/01.pdf

## ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەزمانی فارسی(١)


کمونیست

تحولات مهم در حزب کمونیست ایران

- گزارش از پلنوم بیستم کمیته مرکزی حزب
- درباره جدایی از حزب کمونیست ایران
- توضیحات منصور حکمت در پلنوم بیستم
- نامه به اعضای حزب کمونیست ایران
- نامه‌های منصور حکمت، ایرج آذرین و کورش مدرسی به پلنوم

اطلاعیه دفتر سیاسی به رفقای حزبی در شهرهای ایران

**کۆمۆنیست؛ ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو و ژمارە یەک، ساڵی یەکەم، خوولی یەکەم لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٣دا، بڵاو بۆتەوە.**

**دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بریتیبوون لە حەمید تەقوایی، شوعەیب زەکریایی، ڕەزا موقەدەم، مەنسووری حیکمەت،حبیب فرزاد(ف پرتو).(١)**

---

(١)**وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەرگیراون.**
https://cpiran.org/nashriyat/old_archive/communist/01.pdf

## پەیامی بەلشەفیک

### بڵاوکراوەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە زمانی ئینگلیزی




بڵاوکراوەی پەیامی بەلشەفیک بەزمانی ئینگلیزی لەلایەن کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بە دوو خوول بڵاوکراوەتەوە. خوولی یەکەم یانزە ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارە یەکی لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ بڵاوبووەتەوە. خوولی دووەم لەنیسانی ١٩٨٦ تا شوباتی ١٩٨٩ ١٠ ژمارەی لێ بڵاوبوووەتەوە، سەرجەم بەهەردوو خوولەکە ٢١ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.(١)

---

(١)وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراون.
https://www.marxists.org/history/erol/iran/bolshevik-message/index.htm

(٩)

## ئۆکتۆبەر

### بڵاوکراوەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەزمانی فارسی



کارگران جهان متحد شوید!

ئۆکتۆبەر؛ بڵاوکراوەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو کە بە زمانی فارسی بڵاودەبووەوە.

---

(١)وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە ئەنتەرنێت، وەرگیراون.

(١٠)

## بسوی سوسیالیسم

## ئورگانی تیئۆری سیاسی اتحاد مبارزان کمونسیت بەزمانی فارسی






**بسوی سوسیالیسم؛ وەک ئۆرگانی تیئۆری سیاسی اتحاد مبارزان کمونیست بە زمانی فارسی بڵاو دبووەوەو پاسان هەر هەمان بڵاوکراوە دەبێتە بڵاوکراوەی تیۆری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.**(١)(*)

---

(١)**وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە ئەنتەرنێت، وەرگیراون.**https://cpiran.org/category/journals/be-suye-sosialism/

(*)**وێنەی ئۆرگانەکەی دەورانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەئەرشیفی ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی، وەرگیراوە.**


پیشرەو
٣١ی جوزەردان روژی پیشمەرگەی کومەلە

گۆڤاری پێشڕەو؛ وەک ئورگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەبووەوە.

---

(١)وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراون.

(١٢)

**نشریه انترناسیونال**

**نشریه ای از حزب کمونیست کارگری ایران**



انترناسیونال

1

حزب کمونیست کارگری

نماینده آرزوهای انسانی شما است

به این حزب بپیوندید

---

(١)**وێنەی گۆڤارەکە و زانیارییەکان لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراون.**

/https://wpiran.org/kargar_komonist

(١٣)

**کارگر امروز**

**بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە زمانی فارسی**


کارگر امروز

WORKER TODAY

در بزرگترین اعتصاب کارگری سال ۶۸ خواهان ۳۰ درصد افزایش دستمزد شدند

**یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە یەکی ئەیاری ١٩٩٠ وەکوو ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بە سەرنووسەری ڕەزا موقەددەم بڵاوکرایەوە، بەڵام دوای جیابوونەوەی ڕەزا موقەددەم لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە ١٩٩١ ، وەکوو بڵاوکراوەی ڕێکخراوی یەکێتی سۆشیالیستی کرێکاری بڵاودەبێتەوە.**

---

**(١)لە ئەرشیفی سلێمانی قاسمیانی، وەرگیراوە.**
/https://wpiran.org/kargar_komonist

(١٤)

## همبستگی

### بڵاوکراوەی فیدراسیۆن سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی بەزمانی فارسی و ئینگلیزی




سەرنووسەر : غولام کشاوەرز

"همبستگی؛ گۆڤاری فیدراسیونی شۆراکانی پەنابەرانی ئێران، ژمارە یەکی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٩ هاتە دەر و تا ساڵی ٢٠١٩ لە چەندین خولی جیاواز دا بڵاوبووەتەوە. ئاخرین ژمارەی همبستگی ژمارەی ١٢٣ بوو و لە ٤ ئازاری ٢٠١٩ هاتە دەر.(١)

---

(١)لە ئەرشیفی سلێمانی قاسمیانی، وەرگیراوە.
/https://www.hambastegi.org

## دەربارەی بڵاوکراوە فارسییەکان

لەنمایشی ئەم بڵاوکراوانەی بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری کە بەزمانی فارسین، تەنها بڵاوکراوەکانی دەورانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاری(لەسەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا دەەی نەوەدەکانم لەبەرچاو گرتووە، جونکە دوای ساڵی ۲۰۰۰ ئەم بزووتنەوەیە دووچاری لەبەریەکترازان و جیابوونەوە و وردبوون بووە. بۆیە بڵاوکراوەکانی دوای ۲۰۰۰ ، لەخۆناگرێت. بڵاوکراوەکانی ئەو بڕگە زەمەنییە بریتین لە ١٤ بڵاوکراوە.(*)کە بەمجۆرەن:

۲ دانە وێنەیان بەردەست نییە.

دوانزە دانە بەوێنەیان دانراوە.

یەک دانە (ئەدەبی)

یەک دانە (پەنابەران)

یەک دانە ناوخۆییە

١١ دانە سیاسی و کرێکاریی

(*)دڵنیام بڵاوکراوەکان لەو ژمارەیە زیاترن، بەڵام من هەر ئەوەندەم دەست کەوت.)

## بابەتی دووەم

## نمایشێکی گشتی لیستی بڵاوکراوەکان بە زمانی ژمارە و ئامار

**مەبەست لەم نمایشی لیستە تەنها نیشاندانی قەبارەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە کە لە هەناوی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییەدا لەدایک بوون و لە دوو توێی نیو سەدەدا نمایش کراون و دەکرێن.**

### قۆناغی یەکەم

### قۆناغی سەرکوتی ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعس تا ڕاپەڕین

(١٩٧٥— ١٩٩١)

1 - نشرة وحدة القاعدة
2 - نشرة مواقف
3 - جريدة راية الشعب
4 - جريدة الاساس
5 - بڵاوکراوەی ڕەنجدەران
6 - ڕۆژنامەی کار
7 - جريدة العمل
8 - بڵاوکراوەی خەباتی پرۆلیتاریا
9 - گۆڤاری یەکێتیی تێکۆشان
10 -نشرة الشغيلة
11 گۆڤاری ڕێبازی زەحمەتکێشان
12 بڵاوکراوەی هەنگاو
13 بڵاوکراوەی سۆشیالیزم یان بەربەری
14 بڵاوکراوەی کۆمۆنیزم
15 نشرة الشيوعية
16 ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش
17 گۆڤاری ئاڵای شۆڕش
18 گۆڤاری هەڵوێست
19 گۆڤاری دەنگی کرێکار

20 گۆڤاری پەیامی کرێکاران

21 گۆڤاری نۆژەن

22 هەواڵنامەی ئاڵای شۆڕش

23 گۆڤاری یەکگرتن

24 گۆڤاری کرێکارانی کۆمۆنیست

25 ئۆرگانی ئاسۆی سۆشیالیزم

26 گۆڤاری ڕابەر (ئەدەبی)

27 گۆڤاری زەنگی کرێکار (ئەدەبی)

28 شورا (پەنابەر)

29 بڵاوکراوەی شوورا

30 بڵاوکراوەی هاوار

31 ئۆرگانی پرۆلیتاری

32 جريدة البروليتاري

33 بڵاوکراوەی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا

لە قۆناغی یەکەمدا کە کۆی بڵاوکراوەکان ٣٣ دانەن و دەکرێت بەمجۆرە پۆلین بکرێن.

بە زمانی کوردی سۆرانی ٢٥ دانە

بە زمانی عەرەبی ٨ دانە

دەستنووس یەک دانە

ڕۆژنامە ٥ دانە

گۆڤار ١١ دانە

ئۆرگان ٢ دانە

بڵاوکراوە ١٣ دانە

هەواڵنامە ١ دانە

تایبەت بە ئەدەب ٢ دانە

تایبەت بە پەنابەران ٢ دانە

بڵاوکراوەی ناوخۆیی ١ دانە

سیاسی و حیزبی ٢٩ دانە

غەیرە حیزبی ٤ دانە

**١٣ دانە وێنەیان بەردەست نەبووە**

**٢٠ دانە وێنەیان بەردەستە.**

## قۆناغی دووەم

## قۆناغی فەزای ئازادی و نەمانی سەرکوت
## لە ڕاپەڕینەوە تا ڕووخانی بەعس
**(١٩٩١-٢٠٠٣)**

34 **ئۆرگانی ڕێبازی کارگەر**
35 **نهج العامل**
36 **گۆڤاری دەنگی کرێکار**
37 **ئۆرگانی سۆشیالیزمی ئازار**
38 **گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری (ئەدەبی)**
39 **ڕۆژنامەی بۆپێشەوە**
40 **جريدة الى الامام**
41 **ئۆرگانی خەباتی پرۆلیتاریا**
42 **بڵاوکراوەی هاوپشتی**
43 **صحيفة افاق الفكر الماركسي**
44 **جريدة احرار العراق**
45 **نشرة الماركسي**
46 **گۆڤاری بڵێسە**
47 **بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار**
48 **بڵاوکراوەی پەیامی کرێکار**
49 **جريدة بلاغ العامل**
50 **ئۆرگانی خەباتی کرێکار**
51 **گۆڤاری خەباتی نوێ ( ئەدەبی)**
52 **ڕۆژنامەی یەکسانی (ژنان)**
53 **ڕۆژنامەی زەنگی ئاوارە(ئاوارەکان)**
54 **نشرة النضال الشيوعي**
55 **هەواڵنامەی شوورا**
56 **دەنگی پەنابەر**
57 **بڵاوکراوەی شوورا**

58 بڵاوكراوەی شوورا ( دەستنووس)
59 بڵاوكراوەی شورا
60 شورا (پەنابەران)
61 بڵاوكراوەی پەیامی نوێ(خوێندكاران)
62 ڕۆژنامەی دەنگی بێكاران
63 ڕۆژنامەی خەباتی بێكاران
64 هەواڵنامەی خۆپیشاندان
65 ڕێگای كرێكاران
66 بڵاوكراوەی چنین
67 بڵاوكراوەی بەرەو شووراكان
68 بڵاوكراوەی بەرەو یەكی ئایار
69 نشرة نحو اول من ايار
70 بڵاوكراوەی ژنی ئەمڕۆ
71 گۆڤاری نینا ( ئەدەبی)
72 بڵاوكراوەی كرێكاری ئەمڕۆ
73 گۆڤاری دەنگی خوێندكاران (خوێندكاران)
74 بڵاوكراوەی نەوا
75 بڵاوكراوەی سەردەم (پەنابەران)
76 بڵاوكراوەی ئاسۆی كرێكار
77 ڕۆژنامەی كوردستان تریبوون
78 گۆڤاری ژیلەمۆ
79 گۆڤاری شەبەنگ ( ئەدەبی)
80 بڵاوكراوەی بەرەو ڕێكخراوبوونی كارمەندانی تەندروستی
81 بڵاوكراوەی زاریا
82 گۆڤاری دالیان
83 گۆڤاری هەنگاو
84 بڵاوكراوەی ژیار (پەنابەران)
85 هەواڵنامەی بۆپێشەوە
86 بڵاوكراوەی هاوپشتی كرێكاری
87 نشرة التضامن العمالي
88 Worker Solidarity-
89 هەواڵنامەی كرێكار
90 گۆڤاری شۆڕشی كرێكاری
91 جريدة الشيوعية العمالية

92 بڵاوكراوەی خەباتی كرێكار

93 ڕۆژنامەی بەرگری

94 گۆڤاری ئەلتەرناتیف

95 گۆڤاری هانا

96 بڵاوكراوەی بڵێسە

97 هەواڵنامەی دژی شەڕ

98 بڵاوكراوەی ڕوانین (پەنابەران)

99 بڵاوكراوەی سیمای كۆمۆنیستی

100 - بڵاوكراوەی پشتگیری

101 - بەرەو كۆنگرە

102 - نشرة الافق

103 - بلاوكراوەی ڕاپرسی

104 - ڕۆژنامەی دنیای منداڵان(منداڵان)

105 - بڵاوكراوەی مامۆستای ئەمڕۆ (مامۆستایان)

106 - گۆڤاری ڕەها (ژنان)

107 - جريدة النشرة الاخبارية

108 - بڵاوكراوەی فیدراسیۆن

109 - نشرة الفيدراسيون

110 - Federation

111 - هەفتەنامەی فیدراسیۆن

112 - بڵاوكراوەی ئاسۆی پەنابەران

113 - بڵاوكراوەی پەیامی كۆمۆنیزم

114 - نشرة بلاغ الشيوعية

115 - گۆڤاری ڕفراندۆم

116 - هەواڵنامە

117 - سكولار(پەنابەران)

118 - گۆڤاری ئاوێزە(ژنانی پەنابەر)

119 - مجلة النساء (ژنان)

120 - ئاوێنە (ڕۆشنبیری)

121 - كاری هاوبەش

122 - العمل المشترك

لە قۆناغی دووەمەدا كۆی بڵاوكراوەكان ٨٩ دانەیە و بەمجۆرە دەكرێت بەمجۆرە پۆلین بكرێن.

**بەزمانی عەرەبی ١٦ دانە**

**بە زمانی کوردی  سۆرانی ٧١ دانە**

**بەزمانی ئینگلیزی ٢ دانە**

**ڕۆژنامە ١٢دانە**

**گۆڤار ١٧ دانە**

**ئۆرگان ٥ دانە**

**بڵاوکراوە ٣٧ دانە**

**هەواڵنامە ٥ دانە**

**ئەدەبی و ڕۆشنبیری ٧ دانە**

**پەنابەران ١٦ دانە**

**ژنان ٥ دانە**

**ئاوارەکان ١ دانە**

**دژ بە شەڕ ١ دانە**

**خوێندکاران ٢ دانە**

**بێکاران ٢ دانە**

**دوانزە دانە وێنەیان بەردەست نییە.**

**٧٦دانەش وێنەیان بەردەستە.**

## قۆناغی سێیەم

**لە ڕووخانی بەعسەوە تا ئەمڕۆ**
**(٢٠٠٣  تا ئەمڕۆ)**

123 - **الحركة النقابية**
124 - **بڵاوکراوەی ئازادی**
125 - **مانگنامەی کار**
126 - **بڵاوکراوەی پەیڕەوی نوێ**

127 - ڕۆژنامەی سپێدە
128 - بڵاوکراوەی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی
129 - ڕۆژنامەی دەنگی نوێ
130 - گۆڤاری ڕەوەند
131 - مجلة المد
132 - بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
133 - بڵاوکراوەی ئاڵا
134 - بڵاوکراوەی بایکۆت
135 - بڵاوکراوەی ڕۆژانەی خۆپیشاندان
136 - ڕۆژنامەی زایەڵە
137 - بڵاوکراوە بەرەو سۆشیالیزم
138 - جريدة نحو الاشتراكية
139 - بڵاوکراوەی نا
140 - جريدة الشرارة
141 - جريدة المجالس العمالية
142 - نشرة الانتهاكات
143 - ڕۆژنامەی بەدیل
144 - ڕۆژنامەی ڕیفراندۆمی هەفتانە
145 - جريدة الغد الاشتراكي
146 - ڕۆژنامەی ڕەوت
147 - جريدة المساواة (ژنان)
148 - ڕۆژنامەی دەنگی کرێکار
149 - Worker's Voice
150 - جريدة صدى العمال
151 - جريدة نساء الانتفاضة (ژنان)
152 - گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی
153 - گۆڤاری سیکیولار
154 - جريدة العلمانية هي الحل
155 - ڕۆژنامەی ڕێچار
156 - جريدة المنظم الشيوعي
157 - بڵاوکراوەی ڕەت (خوێندکاران)
158 - نشرة انتفاضة اكتوبر
159 - نشرة صوت الانتفاضة
160 - نشرة تکتک

161 - **بڵاوکراوەی کاریکاتێر (هونەری)**

162 - **وەرزنامەی سەکۆی هەواڵی کرێکاری**

163 - **گۆڤاری بەرەنگاری**

164 - **گۆڤاری مینێرڤا**

165 - **گۆڤاری ئومێد**

**لەم قۆناغەدا کە دوا قۆناغە، لەکۆی ٤٣ بڵاوکراوەدا کە دەکرێت بەمجۆرە پۆلین بکرێن :**

**بەزمانی عەرەبی ١٥ دانە**

**بە زمانی کوردی / سۆرانی ٢٧ دانە**

**بەزمانی ئینگلیزی یەک دانە**

**ڕۆژنامە ١٧ دانە**

**گۆڤار ٧ دانە**

**بڵاوکراوە ١٥ دانە**

**ئەدەبی و هونەری ١ دانە**

**ژنان ٢ دانە**

**قوتابیان / خوێندکاران ١ دانە**

**تایبەت بە ئینتیفازە ٤ دانە**

**ڕۆژنامەی دیجیتاڵ ١٣ دانە**

**بە وردبوونەوە لەم لیستی (١٦٥) بڵاوکراوە و قۆناغەبەندییەکانی ئەم بزاڤە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە تا هاتووە گەشەی کردووە و بەرەوپێشچووە. گەشەی تەکنیکی و فۆرمسازی بڵاوکراوەکان بەهێڵێکی ڕوولەسەر نیشانەی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستییە لە عێراق. لە قۆناغی یەکەم تا سێیەم، ژمارەی بڵاوکراوەکان تا هاتووە زیادی کردووە و بەتایبەتیش بە زمانی عەرەبی و هەروەها و بزووتنەوەکە پەلی هاویشتووە بۆ بوارەکانی ئەدەب و ژنان و خوێندکاران و پەنابەران و ئاوارەکان و مامۆستایان و تەنانەت چوونە نێو جەستەی ڕاپەڕینی خەڵکی نارازی عێراق و ..تاد. ئەمەش مانای وایە کە**

**بڵاوکراوەکانی ئەم بزووتنەوەیە و تەنانەت خودی بزووتنەوە سیاسییەکەش ناتوانێت لەو قاوغ و چوارچێوە سەرەتاییەی کە دەستی پێکرد، بمێنێتەوە، بەڵکو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بەهێزتر و بە ئەزموونتر هاتۆتە مەیدان و قسەی خۆی (جا هەرچییەک بێت)کردووە و لەڕاستای خەباتی چینایەتی هەنگاوی ناوە.**

## ڕەخنەیەک کە مافی خۆمە بیگرم!

دوای کۆکردنەوە و یاداشتکردنی نزیک بە سەد لاپەڕە تێبینی و دوای دەیان پەیوەندیکردنی لەڕێگەی تەلەفۆن و ماسنجەر ئیمەیڵ و هەروەها دوای دەیان بانگەواز لەپەیجی تایبەتی خۆم لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و قسەکردن لەگەڵ دەیان سەرنووسەر یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوە کۆمۆنیستەکان و لەدەرگادانی دەیان هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لەعێراق، سەرەنجام توانیم ئەم کتێبە ئامادە بکەم و ئەو بزاڤە لە فەوتان و لەنێوچوون بپارێزم. ئامادەکردنی ئەم کتێبە ماندووبوون و شەونخوونی زیاتر لە دوو ساڵی منی ویست تا هاتە بەرهەم. من جگەلەوەی سوپاسگوزاری گەلێ هاوڕێ و هەڵسوڕاوی ئەو بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەی عێراقم کە بەوپەڕی دڵسۆزی و جیدییەتەوە وەڵامیان پرسیارەکانیان دامەوە و هەرچیان لەدەست هاتبێت، دریغیان نەکرد. لەهەمان کاتیشدا جێی خۆیەتی زۆر بەتووندی ڕەخنەش لە بێدەربەستی ئەو پۆلە لە سەرنووسەر و هەڵسوڕاو و بەرپرسە سیاسیانەی ئێستای نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق بگرم کە بچووکترین هەستی چینایەتیان تێدا نەبزووا سەبارەت بەم پرۆژە چینایەتییە گرنگە. تۆزقاڵێک وەفا و دڵسۆزییان نەنواند سەبارەت بە ڕابردووی خۆیان و مێژووی سیاسییان. هۆکارەکان هەرچییەک بن نیشاندەری ئەوەن کە ئەم پۆلە لە سیاسییەکان توانای بینینی بایەخی سیاسی چینایەتی پرسی بە ئەرشیفکردنی مێژووی خەباتی چینایەتی لەعێراق و ئەم پرۆژەیەیان نەبووە و نییە. ئەمەش بەدەوری خۆی کاریگەری هەیە لە دانانی نیشانەی پرسیار لەسەر جیدیبوون و مەعریفەی چینایەتیان.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

١٩ ی ئایاری ٢٠٢٥

# پۆزش

**هاوڕێیان، دۆستان، ئازیزان، خەمخۆرانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نویّ لە عێراق، بەهەوڵ و شەونخوونی من لەلایەک و کۆمەک و پشتیوانی ئێوەی ئازیز لەلایەکی تر، ئەم کتێبە هاتە بوون. من سوپاسگوزاری ئێوەی هێژام. هەوڵیشم داوە هەر کەسێک بە هەر ئەندازەیەک دەستی یارمەتی بۆ درێژکردووم، سوپاسی بکەم و لە سەرەتای ئەم کتێبەشدا ئاماژەم پێیانداوە. بەڵام لەبەر پەرش و بڵاوی پەیوەندییەکان و هەمەچەشنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن( ئیمەیڵ، سۆشیالمیدیا، تەلەفۆن) دەترسم ناوی بەرێزێک یان جۆری بەدەنگهاتنەوەکەیم ئاماژە پێنەدابێت و بەسەرمدا تێپەڕیبێت. هەوڵی زۆرم داوە کە ئەمە ڕوو نەدات، بەڵام ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ڕوویداوە و ناوی کەسێک یان بەدەنگەوە هاتنەکەیم باس نەکردووە ، یان لە سوپاس و پێزانیندا لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەم پێنەداوە، لەناخی دڵمەوە داوای لێبووردنی لێدەکەم و هیوادارم لەم کردە بێ مەبەستەم بە گەورەیی خۆی بمبەخشێت. هەروەها داواکارم ئاگادارم بکاتەوە تا لەچاپەکانی داهاتوودا ئاماژەی پێبدەم.**

## سەرچاوەکان( ※ )

### کتێبەکان( بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی)


١-سالار ڕەشید، مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢-ڕێبوار ئەحمەد، ماڵەکردن بە پێچەوانەی شەپۆڵ، بەرگی یەکەم و دووەم ،چاپی یەکەم، ٢٠١٧.

٣-عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم بیرەوەی شاعیرێکی جەنگاوەری مارکسیست، چاپی یەکەم، ٢٠٢١

٤-عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، دەربارەی کار و تێکۆشانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧ – ١٩٩١ ،چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٢٢.

٥-مێزگردی گێڕانەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و خەباتی جەماوەریی لەساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٨، بەشی شەشەم، چاپی یەکەم، ئابی ٢٠١٣.

٦- ف. آ. لينين، في الادب و الفن، اجزاء ١ و ٢، ترجمة يوسف الحلاق، دمشق، جمهورية العربية السورية، الطبعة الاولى، ١٩٧٢ .

٧- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية ،الجزء الاول ١٩٥٧، النسخة الالكترونية مكتبة النور ٢٠١٦.

٨- دكتور تودوروف، تاريخ الصحافة العالمية ،ترجمة آديب خضور، المكتبة الاعلامية، دمشق، ١٩٩٠.

٩- وريا جاف، گەشتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی ١٢٣ ساڵدا، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٢١.

١٠- يوم الصحافة الشيوعية العراقية موقع الناس http://www.al-nnas.com/ARTICLE/TRashed/cm1.pdf

١١- انواع الصحافة https://ar.wikipedia.org/wiki/

١٢- فيليب دى طرازي، تاريخ الصحافة العربية، الناشر مؤسسة الهنداوي، ٢٠٢٣ نسخة الاكترونية.

١٣- فائق بطي، صحافة العراق تاريخها و كفاح اجيالها، مطبعة الاديب البغدادية، الطبعة الاولى، ١٩٦٨.

١٤- كريس هارمان، الصحافة الثورية، ترجمة عزة الخليل، مركز الدراسات الاشتراكى، ة صيف ١٩٨٤، النسخة الالكترونية

١٥- مليح صالح شكر، تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الملكي و الجمهوري ١٩٣٢ – ١٩٦٧، دار العربية للموسوعات، ٢٠١٠.

١٦- صحافة العراق ما بين عامي ١٩٤٥ – ١٩٧٠، تآليف فيصل حسون، دار المدى للنشر، ٢٠٠٧.

١٧- A History of Canadian Journalism in the several portions of the Dominion with a sketch of the Canadian Press Association 1859-1908

Edited by a committee of Association Toronto, 1908

١٨-ڕۆژنامەی (الشيوعية العمالية)، ژمارە ٣٠٧، ٢٩ ی ئازاری ساڵی (ساغ نەبووەوە بۆم)

١٩-مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە جیهان، نووسینی (نازانرێت)، وەرگێڕانی فاتیح سەلام، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ ، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

٢٠-الحزب الشيوعي العراقي – القيادة المركزية ويكيبيديا الموسوعة الحرة https://ar.wikipedia.org/wiki

٢١-ئیسماعیل تەنیا، مێژووی ڕۆژنامەگەری چەپی کوردی ١٩٧٥ – ١٩٩٢، سایتی دەنگەکان، کانوونی یەکەمی، ٢٠١٨.https://dengekan.inf

٢٢-بڵاوکراوەی یەکسانی، ژمارە ١٢، ٢٨ ی ئابی ١٩٩٥.

٢٣-شەبەنگ، گۆڤاری مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری، ژمارە پێنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، (ساڵی دەرچوونی نەزانراوە).

٢٤-پرۆلیتاری، ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، ژمارە ١، ئایاری ١٩٩٠.

٢٥-بڵاوکراوەی نەوا، ژمارە ،١ مایسی ١٩٩٩ .

٢٦- ڕۆژنامەی دنیای منالان، ژمارە سفر، کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٩.

٢٧- بڵاوکراوەی فیدراسیۆن، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، ژمارە ١٢ و ١٣ی ساڵی ٢٠٠٢.

٢٨- بڵاوکراوەی انتفاضة اکتوبر، ژمارە ٢، ٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩.

٢٩- گۆڤاری ئومێد، ژمارە سێ ،کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣.

وتارەکان ( بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی)

٣٠- مريم مظفر القيصري، نظرة تاريخية في الصحافة العراقية، مركز الروابط البحوث و الدراسات الاستراتيجية، ٢٠١٩.

٣١-تاريخ الصحافة العراقية، نقابة الصحفيين العراقيين ويكيبيديا ؛ الموسوعة الحرة.

٣٢- كمال عبيد، بدايات الصحافة العربية و تطورها، شبكة النبآ المعلوماتية.

٣٣- محمد الوندي، تاريخ الصحافة العراقية، موقع الحوار المتمدن.https://m.ahewar.org /

**٣٤- دكتور ابراهيم عبده، نشؤ الصحافة في العراق، موقع الهنداوي**
/https://www.hindawi.org/books/15847036/0

**٣٥- محمد مروان، اهمية الصحافة ، موقع الموضوع**https://mawdoo3.com/

**سایتەکان( بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی)**

**٣٦-سایتی کوردیپیدیا بە زمانی کوردی**https://www.kurdipedia.org/library.aspx?lng=1

**٣٧-سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بە زمانی کوردی**/https://www.hkkurdistan.org/ku

**٣٨-سایتی رێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی**/https://www.albadeel-alsheoi.org

**٣٩-سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی**-https://www.albadeel
/alsheoi.org

**٤٠-سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق / بەزمانی عەرەبی**/https://wp-iraq.com

**٤١-سایتی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە زمانی کوردی**/https://ku.komalah.org

**٤٢-سایتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە زمانی کوردی**/https://www.komala.org

**٤٣-سایتی حزب کمونیست کارگری ایران بە زمانی فارسی**/https://wpiranfa.com

**٤٤-سایتی حزب کمونیست کارگری ایران – حکمتیست(خط رسمی) بەزمانی فارسی**/https://hekmatist.com/fa

**٤٥-سایتی حزب کمونیست کارگری ایران – حکمتیست بە زمانی فارسی**https://hekmatist.com/farsi-index.html

**٤٦-سایتی دەنگەکان**/ https://dengekan.info

**٤٧-سایتی ئەمڕۆ**/ https://emrro.com

**٤٨-موقع الحوار المتمدن**/ https://m.ahewar.org

**٤٩-سایتی هاوپشتی**/ https://hawpshti.com/index

**٥٠-سایتی چاودێر ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش لە چوار بەرگدا بڵاودەکرێتەوە. لیژنەی پرۆژەی لەچاپدانی ئەرشیفی ئاڵای شۆڕش. بڕوانە سایتی چاودێر ٢٠٢٢/٤/٤**/https://chawder.org.

**٥١-سایتی هەواڵنامەی کتێب**/ http://www.hewalname.com/ku

**٥٢-سایتی فەرمی یەکێتیی شوورا و نەقابە کرێکارییەکان لە عێراق**https://ar.iraqicivilsociety.org

٥٣-سایتی اتحاد کارگری https://www.etehad-k.com/ku/

٥٤- پەیجی تایبەتی فەیسبووکی عەباس شوان، سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، وەرگیراوە.
https://www.facebook.com/abasshiwa

٥٥- سایتی ناوەندی هانا https://hana.se/index/?p=1347

٥٦- سایتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی https://www.federationifir.com/ku/

٥٧- سایتی فەرمی (اتحاد مجالس و النقابات العمالية في العراق) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.
https://www.facebook.com/profile.php?id=100063669162132

٥٨- سایتی دەنگی کرێکار وەرگیراون. https://dangikrekar.com/ku/

٥٩-ایتی فەرمی ڕۆژنامەی ڕێچار https://www.rechar.online › author

٦٠- سایتی فەرمی کۆمەڵەی ٦٨ https://ret68.blogspot.com/p/blog-page_18.html

٦١-موقع العرب، https://alarab.co.uk

٦٢-موقع رصد العراقي https://rasediraqi.com

٦٣-پەیجی تایبەتی فەیسبووکی سەکۆی خەباتی کرێکارییەوە وەرگیراوە.
https://www.facebook.com/workers.news.stage/

٦٤-وەڵامنامەی کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق ،ئەمە جگە لە وەڵامنامە و ناردن وێنەی گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان لەلایەن هاوڕێیان و دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەم بزووتنەوەیە کە لەدەستپێکی ئەم کتێبە ئاماژەم پێداون و لەڕێگەی مەسنجەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە.


(*)تێبینی ئامادەکاری ئەم کتێبە: خوێنەرانی ئازیز.. دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەم سەرچاوانەی سەرەوە مەرج نییە هەر هەموویان وەک بناغە و بنەمای ئەم کتێبە سەیر بکرێن، بەڵکو لەپێش و لەکاتی ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە خوێندوومنەتەوە و هەندێکیانم وەکو سەرچاوە بەکار هێناوە و ئەوانیتریشم هەر بۆ زانیاری خۆم چاوم پیایاندا خشاندووە بەئومێدی سوودلێوەرگرتن.